# بەیان

chalakmuhamad@gmail.com

ژ ١١٦ ، شوباتی ١٩٨٦



# بەیان


**گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی یە**

**سەرەکی ئەنجومەنی کارگێری و سەرنووسەر**

## مصلح جەلالی

**دەستەی نووسەران**

**فؤاد حسین احمد  سکرتێری نووسین**

دکتور احسان فؤاد
دکتور کاوس قفتان
دکتور عزالدین مصطفی رسول
مصطفی نریمان
محمد مصطفی حمه بور
محمود زامدار
صلاح شوان
سکڤان عبدالحکیم
محمد سلیم سواری

سەرپەرشتی هونەری  **هناء صباح**
مونتێف وخوش نووس: نزار بەزاز


**لەم ژمارەیەدا**


● **تۆماری جەنگ**
- ئاسۆی بەرفراوانی رۆژی رۆشنبیری ........ مصطفی نەریمان ٢
- تەمەن گوڵێکی نەورۆزە ........ مصطفی زەنگنە ٤
- نەورۆزو دی تم و منال ........ رۆستەم باجەلان ٥
- ئادارو نەورۆز ........ فؤاد حسین ٦
- چەند لایەنێك لە ئاقی کردنەوەی سوپای میللیدا ........ کریم محمد ٨
- لە یادی ١٦ ساڵەی دامەزراندنی سوپای میللیدا ........ عثمان حمد ١٥

● **لێکۆڵینەوە**
- رەمزی مەلا مارف ........ ئومێد کاکە رەش ١٣
- شیعرو چروستانی ........ صالح عبدالله چروستانی ١٨
- قافیە لە نێوان سەرواو سەروەست دا ........ عبدالله دارتاشی ٢٢

**چیرۆك**
- قاچاخ کاریا بوویی ........ و. شوکور مستەفا ٢٧
- کوری ماسی گرەکە ........ و. د. کاوس قەفتان ٣٧
- نامە ........ و. د. ئەورەحمانی حاجی مارف ٤٣
- یادێکی زیندو ........ حسن جاف ٤٦

● **رەخنە:**
- مزوری و حەیرانوك ........ محسن قوچان ٤٩

● **شیعرە:**
- چیتر بۆ ئەم عەشقە ........ ناظم دڵبەند ٦٤
- ئەگەر درۆ نەنگ نەبوایە ........ لەتیف هەڵمەت ٦٣
- عاشق ........ دڵشاد مەریوانی ٦٦
- چاووت... لە شیوی فولکلۆرەوە ........ طارق غفور ٦٧

● **کەلەپوور**
- نامە شیعریە گاڵتەو گەپەکانی مەلا عەباسی کاکەیی ........ هاشم کاکەیی ٦٨
- پیرۆزبێت جەژنی بەیان ........ محمەدی مەلا کریم ٧٢
- پارزینکێ هێڤیا ........ جەمال بەرواری ٧٣

● **لاوان** ........ ٧٦

● **راپۆرتی رۆشنبیری بەیان..**
- راپۆرتی سلیمانی ........ باوکی شنە ٨٣
- راپۆرتی بەغدا ........ سعید زەنگنە ٨٥
- راپۆرتی هەولێر ........ شێرزاد عبدالرحمن ٩١
- یانەی بەیان ........ ئاسۆ ٩٤



**دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی**

**وەزیریە**

**تەنیشت**

**تکاوگلەیی: - «المعهد القضائی» ت ٤٢٥١٨٤٦ پێنج خەتە**


تکایە هەر نووسەری خەتەکەی خوش و شاش و جوان نەبێ، نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.

بەرگی یەکەم: گوڵ و گوڵزاری کوردستان.

بەرگی دووەم: کوردستان لە بەهاردا.


ئابوونەی ساڵانە لەناو عیراقدا

7,000 دینار



# ئاسۆی بەرفراوانی ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی

● مصطفي نەریمان ●

دەزگـای ڕۆشنبیـری و بڵاوکـردنـەوەی کوردی لەڕۆژی دامـەزرانـدنیـەوە لەسـاڵی ١٩٧٦دا ئەرکی بڵاوکـردنـەوەی ڕۆشنبیری کوردی ـ بەهەموو بابەتەکانیەوە ـ گرتوەتە ئەستۆ، کاری ڕۆژانەو وەرزو ساڵانەی بەپێی ی نەخشەو بەرنامە دێتە بەرهـەم، کاریـەدەستانی دەزگـاکـەمـان هەمـووسـاڵێك کارنامەیەك ئامادە ئەکەن و گفتوگۆو لێکۆڵینەوەیەکی فراوانی لەسـەر ئەکرێت کە بڕیـاری یەکجاری لەسەردرا ئەوا هەر بەشێکی ئەم دەزگـایـە بەرپرسیارە لە جێبەجێ کـردنی کەرتەکەی خۆی.

لەکـاتی لێکـۆڵینـەوەی کارنامـەی ساڵی ١٩٨٣ مانـدا سەرۆکی فەرماندە صدام حسین ـ خوا بیپارێزی ـ ڕۆژی ١٩٨٣/٣/٩ ئامـادەی ئەو کۆڕە فراوانـەبـوو، گوێی لەگفتـوگـۆکـان گرت ئنجا وتـەیەکی بەنـرخی ئاراستەی دانیشتـوان کردو تیـادا وتی (... گۆڤـارو ڕۆژنـامـەکانتان زیـاتـر پڕبکـەنـەوە بە نووسین لەسـەر ئەدەبی کوردی، ڕۆشنبیـری کوردی، هونـەرو شیعـری کوردی، هەتا گەلی کوردمان تێر دەبێت..) هەروەها فەرموی (وا بکەن ڕۆژنامە لەسـەرەتـاوە تا دوایی پڕبێت لە باسکـردن دەربـارەی کوردو مێژووی کوردو ئەدەبی کوردو ڕۆشنبیری کورد، هەرچیمان بۆیەت بڵاوی دەکەینەوە تا گەلی کوردمان تێر دەبێت..)

ئەم فەرمودانەی سەرۆکی فەرماندە هەستێکی گەرمی خستە ناو دەمارەکانی نووسەرو ئەدیبەکانمان، لە هەموو سوچێکی کوردستـانـەوە سەدەها باسی ڕۆشنبیری گەیشتە دەزگاکەمان لەڕۆژنـامـەو گۆڤـارەکـانمـانـدا بڵاوکـرانەوە، لەو ساڵەشەوە نووسـەران دەیـەهـا بەرهـەمیان پێشکەش دەزگاکەمان کردو کتێب لەسـەر کتێب چاپکـراو بڵاوکـرایـەوە ئەم ستونـەی خوارەوەش بەڵگەیەکە بۆ سەرکەوتنی ژمارەو قەوارەی کتێبە چاپکـراوەکـانـی ئەم دەزگـایـە لەم سێ سـاڵـەی پاش ئامۆژگاریە بەنرخەکەی سەرۆکی فەرماندەمان:

ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانی

قەوارەی لاپەڕە

ساڵی ١٩٨٣ ٢١ ــــ ١٣١٥ بە ٦٠ هەزار دانە

سالی ١٩٨٤ ٢٣ ـــ ١٩٥٢ به ٩٥ هەزار
سالی ١٩٨٥ ٥٢ ـــ ٦٣٦٢ به ٣٨٥ هەزار

لەساڵی ١٩٨٥دا بەرهەمەکانمان گەیشتە لوتکەو هەموو لق وپۆپی رۆشنبیری گرتەوە، ئەم ستونەی خوارەوەش بەڵگەیەکی دیکەی ئەو بەرفراوانیە دەنوێنێت:

| بابەت | ژمارە | لاپەرە (قەوارە) | ژمارەی دانەکان بەهەزاران |
|---|---|---|---|
| شیعر | ٦ | ٧٥٤ ل | ٢٦ هەزار |
| چیرۆك | ٤ | ٦١٣ | ١٧ |
| لێکۆڵینەوە | ٣ | ٣٥٦ | ١٨ |
| شانۆگەری | ٤ | ٣٩٢ | ٢٨ |
| فۆلکلۆر | ٥ | ٤٨٥ | ٢٠ |
| هونەر | ٢ | ٦٩٠ | ٨ |
| مێژوو | ١ | ٣٢٤ | ١٠ |
| زمان | ٢ | ٢٣٦ | ٨ |
| بیرورا | ٢ | ٤٦٩ | ٨ |
| ممی ئالان ـ به عەرەبی | ١ | ١٩٢ | ١٠ |
| ووتەکانی سەرۆك | ٢٢ | ١٨٥١ | ٢٣١ |
| سەرجەمی کتێبە چاپکرا | | ٦٣٦٢ | ٣٨٣. هەزار |
| وەکانی دەزگاکەمان | ٥٢ | | |

ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە دەزگاکەمان لەساڵی پاردا ساڵی ١٩٨٥، سی وشەش کۆڕی رۆشنبیری و شەش پیشانگەی کتێب و هەشت پیشانگەی بۆ هونەرە جوانەکان لە سەرانسەری کوردستانی رەنگیندا ساز کردووە.

هەروەها لەسەرەنجامی ووتە بەنرخەکانی سەروکی فەرمانده ژمارەو قەوارەی رۆژنامەو گۆڤارەکانمان پەرەی سەند رۆژنامەی (هاوکاری) هەفتەیی مان لە هەشت لاپەرەوە بووبە دوانزده لاپەرەو چەند لاپەرەیەکی بۆ ئەدەب و لێکۆڵینەوەو رۆشنبیری گشتی تەرخان کرد، گۆڤاری (بەیان)یش بەرێك وپێکی هەموو مانگێك دەردەچێت و بووبە گۆڤارێکی پسپۆری وێژەیی، گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ)یش بووبە گۆڤارێکی ئەکادیمی.

بابەت بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوو، زمان، ئەدەب، کەلەپوور، فولکلۆر تەرخان کرا، لەهەروەرزێکدا بەسێ سەد لاپەرە پتر دەردەچێت.

رۆژی (٣/٩)ی هەمووساڵێك لەمێژووی گەلی کوردمان جێی خۆی گرتەوەو رەگی داکوتا، لەو رۆژەدا لە شارەکانی کوردستاندا کۆڕی فراوان ئەگیرێت و فیستڤاڵ و پێشانگا ساز ئەکرێت و یادی ئەورۆژە ئەکرێتەوە کە سەرۆکی فەرمانده ووتە بەنرخ و ئامۆژگاریەکانی ئاراستەی گەلی کوردمان کرد.

دەزگاکەمان دەزگای رۆشنبیری کوردی ووتە بەنرخەکانی سەرۆکی فەرمانده کە لەرۆژی ١٩٨٣/٣/٩دا ئاراستەی کردبوو و گیروگرفتی رۆشنبیریمانی تیادا یەکالا کردبوو ئەو ووتەیە بووبە کارنامەیەکی هەمیشەیی بۆ دەزگاکەمان و هەموو رۆشنبیرێکی کوردی دڵسۆز دەستیان دایە قەڵەم و بەهەموو بابەتە نوسینێکی بەکەڵك بڵاوکراوەکانیان پێشکەش رۆژنامەو گۆڤارەکانمان کرد.

ئەمە بوو ئاسۆی بەر فراوانی رۆژی رۆشنبیری کوردیمان هەر لەبەر ئەمەیە کە هەموو ساڵێك لەم رۆژەدا یادی ئەو بیرەوەریە ئەکرێتەوەو بە هەنگاوێکی پان و بەرین بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر هەنگاو ئەنێین.

# ئەمەن گوڵێکی نەورۆزە

مصطفی زەنگنە

سەهۆڵ بەندانی سەختی ڕێگامی
گڕی بورکانی شوێن پێو جێگامی
تەوژمی خۆزگەی ڕەوتی ئاواتی
قوڵپی گریانی ڕۆژی نەهاتی
تیشکی ڕووناکیی شەوی تاریکی
ووزەی بینایی ڕێگای باریکی
بزەی نەپشکووی ئازاری سەختی
گڕی کوێرەکەی هەورازی بەختی
بێ‌تۆ شاری دڵ مات و خامۆشە
بێ ڕۆژگارم خۆری ڕەش پۆشە
بێ‌تۆ بوونی من تووانەوەیە
کزیت لەبوونما کوژانەوەیە
لەگەڵ تەمەنما بەرەوژوور ئەڕۆی
وەك زەوی بەدەور ڕۆژا سوور ئەخۆی
دەتبینم تێکەڵ بە خۆرەتاوی
تێکەڵ بەخۆزگەو خورپەی هەناوی
تێکەڵ بە خەندەو قەڵپەزەو گوڵی
تێکەڵ بە نرکەو لێدانی دڵی
تێکەڵ بە شینیی ئاسمانی بەرزی
تێکەڵ بەنەخشەی ڕەنگینی ئەرزی
تێکەڵ بە جووڵەی پێڵووی چاوانی
تێکەڵ بە دیدەی پاکی یەزدانی
تێکەڵ بە ژانی لەدایك بوونی
تێکەڵ بە سڕی سیحری گەردوونی
تێکەڵ بە چرای زنجی بێ‌نەوای [1]
تێکەڵ بەڕێژەی خوڵقانی هەوای [2]
تێکەڵ بە ماچی دڵ دامرکێنی
تێکەڵ بە یاسای سنوور شکێنی
تێکەڵ بە شۆخیی کچە کوردانی
تێکەڵ هەنیسکی بەر لە گریانی
تۆ ئەی هەتاوی پاش ڕێگا بەندان
تۆ ئەی هەوێنی ناو خوێن و ویژدان
تۆ ئەی گوڵووك و چیمەن و شەپۆڵ [3]
تۆ ئەی کۆترەکەی شەیدای چیاو چۆڵ
تۆ ئەی خەناوکەی شۆخە گەردنان
تۆ ئەی جوانێکەی نێو نیگای ژنان
تۆ ئەی کڵپەکەی هەمیشە بەتین
تۆ ئەی تێکەڵ بوو بەگڕی ئەوین
تۆ ئەی ئارام و شنەو سەوزایی
تۆ ئەی عیشقەکەی هەتا هەتایی
تۆ ئەی نەورۆزی بەهارو ڕووداو
تۆ ئەی سۆمایی‌و گلێنەکەی چاو [4]
هەر ساڵەی جارێ لەدەرگا ئەدەی
هەر ئەو جارەشە دڵ ئەکا ئۆخەی
لەوێشدا تەمەن کۆ دەبێتەوە
وەك گوڵ بۆ ژێرپێت دەچەمێتەوە.

١ ـ زنج = کوخ
٢ ـ ڕێژە = نسبة
٣ ـ گوڵووك = گوليلك = گوڵەخاتوونە
٤ ـ سۆمایی = بینایی.

دەمەتەقێ بۆ منالاَن

# نەورۆز و دی دی تم و منالّ

رۆستەم باجەلاّن

دی دی تم:

منالّینە رووم تێ‌کەن
وەرنە ئێرە، تیژ رەوکەن!!
هەوالّم تیشك ریژە
لە سوورانم لە مێژە
ئێوەی ژیرو ژیکەلە
گوێم بۆ رایەلّ کەن هەلە
مژدەم بۆ ئێوەی کالّە
نەورۆزە، سەری‌سالّە
ولاّت هەمووی گولّزارە
گولّ بارانە لەم وارە
زووکەن بە سووتەمەنی
خۆتان خەنی‌کەن خەنی
دەی با گرتان دایسێ[٢]
راکێش کەن هاورێی هاوسێ!!
بە پەلەمە خواحافیز
نەورۆز ئازیزە، ئازیز

منالّەکان بەکۆرس:

خوات لەگەلّ بێ خێرخەبەر
گڕ فەراموش ناکەین هەر
بەلّێن بێ بێ یەك و دوو
لە جم و جۆلّ بین هەموو
نیشتمان دەکەینە گڕ
دەبێ گڕمان چڕ بێ چڕ
بەلاّم تۆش رووت کردە کێ[٣]
بنار بوو یان شارو دێ !؟
چاك و چۆنی ئێمەی کالّ
بگەیە دەستەی منالّ
بە بۆنەی جەژنی نەورۆز
جەژنیان پیرۆزبێ پیرۆز
خوات لەگەلّ بێ خێرخەبەر
گڕ فەراموش ناکەین هەر

دی دی تم:

منالّینە! بەلّێن بێ
لەهەر لاپالّ و لارێ
منالّ بێتە بەر دیدەم
جەژنە پیرۆزەی لێ کەم
من فەراموشتان ناکەم
سەلاّوتانی بۆ دەبەم
بە پەلەمە خوا حافیز
نەورۆز ئازیزە، ئازیز

منالّەکان بەکۆرس:

پەراوێز:

١ ـ دی دی تم: مەلی تیتراوسك. خێرخەبەر.

٢ ـ دایسێ: داگیرسێ. ئەم ووشەیە زیاتر لە ناوچەی بالّەکایەتی بەکاردێ، بۆ سەر زمانی منالّ سووك و بەتەمامە.

ـ کێ: کوێ: ئەم ووشەیە زیاتر لە هەولێرو دەوروو پشتی هەولێر بەکار دێ.



# ئادار و نەورۆز

# و

# دەسکەوتەکانی شۆڕش

● فؤاد حسین ●

ئەم خەبات و شۆڕشگێرییەتەی کە پارتی سەرکردە پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست دەیکات و بەردەوامە لە کۆشش و تەقەلاو هەرگیز وەستان و کەم تەرخەمی ناکات، وەکو بڵێی هەم لاوو گەنج و هەم پیاوێکی بە سەلیقەیە لە دانانی پرۆگرام و پلانی ئیش کردن داو ڕاپەڕاندنیان دەڵێم گەنج واتە هێزو بازو تینی خۆشەویستی بۆ ئیش کردن بێ ئەوەی هەرگیز هەست بە هیلاکی یان ماندووبوون بکات.

وە دەڵێم پیاوێکی بە سەلیقە چونکە پارتی بەعسی خاوەن تەجرەبەو تاقی کردنەوەیەکی دوورو درێژ و فراوانە بەوپەڕی زانین و ئەقڵ و لێهاتووی بیردەکاتەوە هەر لەبەر ئەمە دەبینین شۆڕشگێرانی بەعسی بەتایبەتی سەرکردە قارەمانەکەی و لە سەرووی هەموویانەوە هەڤاڵی دانا صدام حسین بۆچوون و لێکدانەوەی تەواوو ڕاست و ڕەوانیان هەیە چ دەربارەی بارودۆخی نیشتمان چ دەربارەی جیهانی سێیەم چ

دەربارەی وڵاتانی سەرزەمین... جا بە پێی ئەم بیرو بۆچوونانەو بەپێی قازانجی نیشتمان و گەلی عیراق و نەتەوە دەجوڵێین و دەسکەوت وەدیدەهێنین و پەیوەندیی خۆمان دەبەستین...

هەروەها خەبات و شۆڕشگێڕێتیی حیزب خەباتێکی قۆناخی یان کاتی نی یە بەو واتایە لاساییکردنەوەیەی کە هەندێ ڕێکخراو بە کاری دەهێنن... شۆڕشگێڕێتیی ئێمە هەرگیز خۆی لە چوارچێوەیەکی تەسکی کات و جێگادا مەڵاس نادات... بەڵکو شۆڕشێکی مێژوویە پەیوەندیی بە کەلەپووری دێرینمانەوە هەیە وێنەی پرشنگداری پاشەڕۆژیش دەکێشێت کە خزمەتی نەتەوەکەمان بکات و بەوپەڕی بۆچوونی مرۆڤایەتیانە مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەش دەکات...

لە نێو سنووری وڵات دا مافی نەتەوەکان دەدات و بە سەدان دەسکەوت و بەخشش کە تایبەتی بێت بەو نەتەوەیە وەدی دەهێنێت و بەوپەڕی یەکسانی مامەڵە لەگەڵیان دا دەکات... لەو لاشەوە دەستی یارمەتی بۆ ئەو گەلانە درێژ دەکات کە بۆ وەدیهێنانی مافی ڕاستەقینەیان خەبات دەکەن... ئەمەیە بیروباوەڕی پارتی بەعسی قارەمان و بۆچوونی هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین...

ئا لێرەدا دەڵێین گەلی عیراق بە کوردو عەرەبیەوەو کەمایەتیەکانی تر زۆر کامەران و خۆش بەختن کە لە ژێر سایەی پارتێکی شۆڕش گێڕدا دەژین... چونکە هەر لە یەکەم ڕۆژی بەرپابوون و لە دایك بوونی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست.

حزب بیری لەوە کردبووە «پێش ئەوەی بێتە سەرحوکم» کە دەبێ ئەو نەتەوانەی کە لەژێر دەواری عیراق دا دەژین مافی ڕەوای خۆیان وەربگرن و ئاشتییەکی تەواو لە وڵات دا بخولقێنرێت و گشت ببن بە یەك هێزو یەك دڵ و یەك دەست بۆ بنیاتنانی عیراق و پێشخستنی و پاراستنی سنوورکەی... لە چاوچنۆکان.

ئەوە بوو بەیانی ١١ی ئادار دراو تیایا هەردوو دەزگاکە دامەزرا ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی ڕاپەراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی... ڕۆژی ٢١ی نەورۆزیش بوو بە جەژنێکی نیشتمانیی ڕەسمی... کە نەتەوەکەمان تیادا ئاهەنگ دەگێڕێ و بیرەوەریی ڕۆژانی نەمری ڕابووردووی خۆی دەکاتەوەو شانازی بە دەسکەوتە نایاب و هەرە زۆرەکانی پارتی سەرکردەمان دەکاتن کە بۆ گەلی کوردمان وەدیی هێناوە..

لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە چەند هەوڵ بدەین بۆ ئەژماردن یان دەست نیشان کردنی ئەو دەسکەوت و بەخششانەکە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هاتوونەتە دی ئەوا چەندەها لاپەڕەو کتێب پڕ دەکەنەوەو ناگەینە پایەی بڵندیو مەزنیی ئەو دەسکەوتە مەزنانە... چونکە ئێمە ڕۆژان و ساڵانی ڕابووردووی پێش لەدایك بوونی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەممووز لە یاد ناکەین... دیسان هەرگیز ناتوانین جۆرە بەراووردێك نێوان هەردوو کات و ماوەدا بکەین - ئاسمان و ڕێسمانە - نیشتمانی عیراق بە گشتی و ناوچەی کوردستان بەتایبەتی بووە باخێکی جوانی ڕازاوە.. بووە قەڵایەکی پتەوو بەهێز کە هەرگیز دوژمنانی نەتەوەکەمان نەتوانن زەفەرمان پێ بەرن... ئەوەتا ماوەی شەش ساڵی ڕەبەقە قارەمانانی قادسیەی دووەم ئەوپەڕی سەرکەوتن وەدی دەهێنن و لووتی دوژمنی چەپەڵی ئێرانی شکاندووەو لەگەڵیا پلانە نارەواکانی دوژمنانی گەلەکەمان سەرنگون کردووە... هەزار ئافەرین بۆ ئەم گەلە نەبەزەی کە قارەمانی تێکۆشەر صدام حسین سەرکردەی دەکات و ڕابەریەتی...

سڵاو بۆ گەلە ئەمەکدارەکەمان لە جەژنەکانی ئادارو نەورۆزدا... و... مۆمێکی تر دادەگیرسێنین و دەڵێین

تەمەن درێژی بۆ نەورۆزی ئاشتیو خۆشەویستیو سەرکەوتن..

تەمەن درێژی بۆ قارەمانی خۆشەویست هەڤاڵ صدام حسین..



# چەند لایەنێک لە تاقی کردنەوەی سوپای میللی دا

● کریم محمد ●

پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست خاوەن کەلەپورێکی دەوڵەمەندە، لە هونەری ئیش کردن دا نێوان جەماوەرو شێوازی شۆڕشگێڕێتییان و ئامادەکردنیان، پارتی بەعس یەکەمین رێکخراووو هێزی شۆڕشگێڕە کە توانیویە بیروباوەڕی نەتەوایەتی لە چەمکەکەی دا بگۆڕێت چونکە مەسەلەی چینێکی تێگەیشتووە بۆ شێوازو واتا جەماوەریە شۆڕشگێڕیەکەی، بەو چەشنەی ببێتە هێزو جوڵانێکی جەماوەری ئەو هێزەی کە جەماوەر پاشەڕۆژی پڕگەش و کامەرانی خۆی تیادا ببینێ.. ئا لەو کاتەدا پسپۆڕیی حیزب لە کارکردنی دا لە نێو جەماوەردا، شێوازێکی پێش کەوتوانەی بە خۆیەوە گرت، خونچەکانی بەرەبەرەو بەردەوام پشکوتن، بەردەوام دارشتنی نوێی داهێنانی شۆڕشگێڕیی بەکاردەهێنا، ئەمانەش هەروەکو ووتمان لە ئەنجامی تاقی کردنەوەو ئیش کردن نێوان جەماوەردا دەهاتنە دەست.

وە لەبەر ئەوەی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست پارتێکی شۆڕشگێڕە، گرنگی یەکی گەورەی بە بووژانەوەی دووربینی شۆڕشگێڕیی جەماوەری داوە، بۆ وەدی هێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست.. شێوازی پەرەپێدان و پێشکەوتنی کە لە ئەنجامی شۆڕشگێڕیتی حیزب و ئیش کردنی بەردەوام دا هاتۆتەدی، گەلێکن... یەکێک لەم شێوازو تاقی کردنەوانە تاقی کردنەوەی سوپای میللی یە، بنکەکانی حیزب کە جەنگی خەباتکاریی نهێنی ی لە عیراق دا دەکرد، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی تەمموزی ١٧ - ٣٠ی ئەمرو بە هوشیاریەکی خەباتگێڕانەی ڕێک وپێک، خۆی لە

حاڵەتێکی بە هێزدا بینی کەوا بەرگری لە دەسەڵاتداریتیو دەوڵـەت دەکـات و پشتێنێکی هێمنیی ڕاستـەوخـۆی دروست کرد. . هەروەهـا لەو وەختـەی ئەم دەزگـایـە واتـە سوپـای میللی شێوازی ڕێك وپێکیی خۆی وەرگـرت و پسپۆریەکی تەواوی لە جۆرەکانی جەنگ کردن وەرگرت. . دەوری ڕاستـەقینـەی خۆی لە قۆنـاخـەکـانی بنیـاتنانی دەزگـاکـانی دەوڵـەت دا وپتـەو کردنی ئاسایش و هێمنیی دابینی. . ئەو دەورەی کە لە لوبنان دا بینی هەرگیز لە یاد ناچێت. . بەشداریی ئەم پاڵەوانانە لە قادسیەی صدام دا هەتـا هەتـایە لە لاپـەرە زێـرینـەکـانی مێـژوودا جێگـای سەربەرزیو شانازین و دەدرەوشێنەوە. . .

ئەرکـی سوپـای میـللی لە دوو لایـەن دا زیـاتـر دەردەکـەوێ. . یەکـەمیـان پەیـوەندیی بە کاروباری حزبەوە دایـە، ئەوی‌تـر بە جەنگی ڕەوامـان دا. . . ئەم لایـەنـە دەتوانین سنورێکی بۆ دابنێین، ئەویش لایەنی هونەریە. . واتـە خولقـانـدن و دروست کردنی ژیـانی پارتێتی، کە نەریتەکانی لە بیروباوەڕو فکری حیزبەوە وەردەگیرن، ئەنجا

دەبێ لەم لایـەنـە ژیـانە لایەنی جەنگ «سوپایی» دروست بکەین، لە ژیانی حزبایەتیو جوڵان نێو جەماوەر هەڵگرتنی بیـروبـاوەڕەکـانی حیزب لە سنوری ژیـانی ئاسایی‌دا، بۆ سنـورێـکـی تر ئەویش جەنـگ کردنـە. . خەبـات و شۆڕشگێـریـیـە، هەڵبـژاردنی وشەی «ژیانی پارتێتی» نەك لەبەر ئارەزووی زیادکردنی وشەی نوێ یان داهێنانی شتی تازە، بەڵکو لەبەر ئەوەی چونکە پاشەڕۆژ، ژیانێکی تەواوو دوورو درێـژە وبـۆچـوونـەکـانی حیزب واتە دروست کردنی نەریتی ئەم ژیـانـە دەبـەخشێت لە ئێستاوە. لەو ڕۆژەوە کە پارتـی بەعس لە دایـك بووە ئەو ژیـانـەی کە لە وەختی جەنگ دا دروست دەکرێت، ژیانێکە بە واتایەکی گشتیو سەرتـاپـاییو ووردیو دوورو درێـژی، گرنگیـەکی گەورەی هەیـە ژیـانێکـە داهێـنان و نوێ‌کـردنەوە دەخولقێنێت. . لە ڕۆشنـاییو تیشکی ئەم ڕوانینـەیـەدا بۆ شێوازێکی گونجـاو دەگەڕێین کە هەردوو ئەرکەکە بە خۆیەوە بگرێت، ئەرکی حزبایەتی ئەرکی بەشداری کردن لە جەنگی ڕەوامان‌دا بەبێ فیزو خۆباییو هەست بە خۆ زل زانی دەڵێین سوپای میللی لە عیراق دا تەجرەبەیەکی نمونەیی دروست کردووە نەك لە وولاتـانـی عەرەب دا یان جیهـانی سێیـەم دا بەڵکـو لە سەرانسەری جیهانی‌دا. .

سوپـای قارەمـانی میللی ماوەی شەش ساڵـە بەردەوام شان بەشـانی سوپـای دلێری عیـراق سەرکـەوتنی گەورەو نایاب وەدی دەهێنێت. . لە گشت بەرەکانی جەنگ دا لە باکـورەوە تا دەگـەیتـە باشـوور، لە دەرەوەی سنـووردا بەشـداریـی جەنـگـی کردووە، ئەوپـەری ئازایـەتـیو پاڵەوانێتیی ودەست هێناوە.

سوپای میللیی عیراقی شۆڕش یەکـەم سوپـایەکە لە جیهان دا لە دەرەوەی سنوری وولات دا بەم چەشنە لەگەڵ دوژمن دا بجـەنگێو جۆرەهـا چەکی قورس و سوك بەکـار بهێنێـت و لەگـەڵ سوپـای نیـزامی‌دا تەرازوی جەنگی لاسـاییکـردنەوە بگۆڕن و ببنە مایەی سەرسوڕهێنەرو ڕامانی پسپۆرانی جەنگ چونکە سەرکەوتن لە ماوەی شەش ساڵی ڕەبەق لەگەڵ دوژمنێکی درندەو نەفام کە جۆرەها شێوە بەکار بهێنێت و بە ژمـارەیـەکی ئێجگـار زۆر لە مرۆڤ هێـرش بهێنێت و لە ڕاستی‌دا ئەوپەری دلێریو ئازایەتی دەبەخشێت بۆ سوپای عیراقی قارەمان.

سوپای میللیی عیراق دیسان یەکەم سوپایە لە جیهانی سێیـەم دا کەوا لە بەرەکـانی جەنـگ دا بگـەڕێتـەوەو لەو بوارەکـانی بنیـاتنـان و کاری حیزبیو ڕێکخراوی بێ پشوو شول بکات و ئارەق بڕێژێت و سەرکەوتنی گەورە وەدی‌بهێنێت. .

لە جەژنی لەدایـك بوونی ئەم سوپا پاڵـەوانـە هەزارەها چەپکـە گوڵ و نێـرگـز پێش کەشیـان دەکـەین پیـرۆزبـاییو سڵاوی گەرم لە کانگای دڵمانەوە ئاراستەیان دەکەین. . . و دەڵێین ئێوە جێگای خۆشەویستی شانازیی گەل و سەرکردەی قارەمان صدام حسین نن. .



# لە یادی ١٦ ساڵەی دامەزراندنی سوپای میللی دا

● عثمان حمد أحمد ●

زۆربەی لە دەوڵەتانی جیهاندا، هەوڵی ئەوەیان داوە سوپایەکی میللی دروست بکەن و بۆ ئەوەی ببێتە قایمترین پاڵپشتی سوپای نیشتمانیو هەر یەکە بە پێی بۆچوونی ناوێکی لێ ناوە.

پێك هێنانی ئەم جۆرە سوپایەش هەستی ئەو میللەتە دەردەخات لە ڕووبەڕوو بوونی هەر جۆر دەسدرێژیەك کە لە لایەن بێگانەوە بۆ ئەو وولاتە دەکرێت ئیمپریالیزم و کەنەپەرستان دوای دەست بەربوونیان لە هەر وولاتێك بە هەموو توانایەکیانەوە هەوڵ دەدەن ڕەورەوەی پەرەپێدات و بنیاتنانی بوەستێنن و سەرەلێری بکاتەوە.

جا بۆ پاراستنی سەربەستی و بەردەوام بوونی لە بەرەو پێشەوە چۆن ئەم هێزە چەکدارە پڕ لە بیروباوەڕەوە پێك دەهێندرێت. . . بێگومان بۆ پتەوکردنی ئەم هێزەش پێویست بە پشتگیریەکی کاریگەرانەی جەماوەر دەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت شان بەشانی سوپای نیشتمانی لە گشت بارو دۆخێکدا بوەستێت.

هەندێ لەو وڵاتانی جیهاندا لەم تاقی کردنەوەیدا لەبەر دراسەت نەکردنی پەیداویستی کانی دامەزراندنی لە ئەنجامدا پوچەڵ بوونەوەتەوە. بەڵام لە عیراقی نوێدا لەم لایەنەوە. . . نوێەمین ڕاپۆرتی ناوەندی کۆنگرەی هەیمانێتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبی هۆشمەندانە پەنجەی بۆ بنەڕەتی ئەم مەسەلەیە درێژ کردووەو دروست بوونی ئەم سوپایە گەورەترین تاقی کردنەوەیە لە مێژووی عیراقی نوێدا. لە سەرەتای بەرپابوونی شۆرشی مەزن، شۆرشی (١٩٦٨) پەلەی لە دەرچوونی بریاری دامەزراندنی سوپای میللی نەکردو دوای دراسەتێکی قوڵ و بەر فراوان و چەسپاندنی کۆڵەگەی بنەڕەتی دامەزراندنی سوپای میللی یەوە، ئنجا هوشمەندانەو حەکیمانە بریاری پێك هێنانی دەرکرد.

ئەوە بوو ئەو ئاواتە مەزنەی سەرکردایەتی پارت و شۆرشی لە (٨)ی شوباتی ساڵی (١٩٧٠)دا بە جاماوەر ڕاگەیاندراو سوپای میللی دروست کرا. . . بێگومان لەم لایەنەشدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بیروباوەڕی شۆرشگێرانەو ئامانجەکانی پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی تیایەدا بەرچاو دەکەوێت و ئەو ڕاستییە لە میللەت دەگەیەنێت کە مەبەست لە دروست کردنی ئەم سوپایە پاراستنی وڵات و بەرەنگاربوونی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایونیە. . . ئەمەیش مژدەی لە دایك بوونی نوێی قوناغی داهاتووی بە هێزو پتەوی سوپای میللی لە ئاشتی و جەنگدا ڕەنگ دەداتەوە.

پاراستنی دەسکەوتە مەزن مەزنەکانی شۆرش و بە تین کردنی پەیوەندی نێوان جەماوەرو سوپاو ورياکردنەوەی جەماوەر لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا. . .

هەر ئەم تاقی کردنەوەیەش هەموو ڕیزەکانی کۆمەڵ لە ئافرەت و پیاو دەگەرێتەوە. . . ئەمەیش بە پێی بۆچوون و لیکدانەوەی وردو قوڵی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی و باوەڕی بە دەوری جەماوەرە ئەم سوپایە پێك هێندرا بۆ ئەوەی ببێتە پەرژینێکی هەرە پتەوی وڵات لە تەك سوپای نیزامیداو بتوانێت دلێرانە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕاپەڕێنێت.

دامەزراندنی سوپای میللی لە عیراقی نوێدا بۆ بارو دۆخێکی تایبەت دروست نەکرا بەڵکو لەگەڵ ڕێبازی شۆرش (١٩٦٨) داهاتوون و چەسپێندراوەو گرنگی یەکی فرەی بە ئامادە کردنی توانا لە بن نەهاتووی جەماوەر داوە. . . هەروا بێ هاوتایی و پتەوی سوپای میللی لە عیراقی خۆشەویستماندا دەگەڕێتەوە بۆ بیرفراوان و هۆشمەندی سەرکردایەتی پارت و شۆرش لە سەرووی هەموانەوە سەرەکی فەرماندە (صدام حسین)و مەشق کردنی جەنگاوەران لەسەر چەکی جۆراو جۆر هونەری کوشتار. . . بێگومان ئەم لایەنەش دوو پاتی پەیوەندی نێوان پارت و جەماوەر دەکاتەوە.

## (سوپای میللی و. . . قادسیەی صدام)

لە یەکەم ڕۆژی جەنگی سەپێنراو. . . جەنگی قادسیەی صدام دا، سوپای میللی بەشداری لە پاراستنی بەرەی ناوەوەو بەرەکانی جەنگدا شان بەشانی سوپای ئازاو دلێر کردووەو، بێگومان بەر پەچ دانەوەی دەستەی گومراوانی

تاران و قوم دەوری کاریگەرو هەرە گرنگی سوپای میللی دەخاتە ڕوو لە پاڵپشت کردنی سوپای نەبەزمان لە جەنگی ڕەوادا.

ئەمەو سوپای میللی لاپەڕەیەکی هەرە گەشەداری لە مێژووی عیراقی نوێدا تۆمار کردو بە دەوری ڕاستەقینەی

ڕاپەڕیوەو... ئەم ڕاپەڕینە پڕ توانایەی سوپای میللی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە تاقی کردنەوەیەکی نمونەیی و بێ هاوتایە لە جیهاندا.

سوپای میللی نەك تەنیا لە بەرەی ناوەوە دلێرانە وەستاوە تەنانەت لە دەرەوەی سنووری هەرێمیشدا جەنگاوەو پارێزگاری لە نەتەوەی عەرەبدا کردووە.

(ئافرەت و... قادسیەی صدام)

شۆرشی (١٧ - ٣٠)ی تەمووزی نەمر لە سەرەتای بەرپا بوونیەوە بایەخێکی هەرە گرنگی بە ئافرەت داوەو نەخشەیەکی بەرفراوانی بۆ کێشاوە.

ئاشکرایە کۆمەڵ لە دوو بەشی کاریگەر پێك هاتەوە، واتە ئافرەت و پیاو... ئەگەر ئەم دوو بەشە شان بەشانی یەکتر لە گشت بوارەکانی ژیان کار نەکەن کۆمەڵێکی

پێشکەوتوو پێك ناهێندرێت. کورد واتەنی (چەپەڵەخ بە دەستێك لێ نادرێ) پێشکەوتنی کۆمەڵ نە تەنیا پیاو نە تەنیا بە ئافرەتیش پێش ناکەوێ کەواتە دوو بەشی بە یەك بەستراوەن و تەواوکەری یەکترن. هەر کۆمەڵێك بیەوێ بەرەو پێشەوە بڕوات پێویستە ئافرەت و پیاو پێکەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە گشت بوارەکانی ژیاندا کاریگەر بن و کۆش بکەن.

جا بۆیەکە سەرکردایەتی پارت و شۆرش بڕیاریدا بە شێوەیەکی ڕستەوخۆ ئافرەت لە هەموو دەرفەرت و بوارەکانی ژیان، چ لە دەرفەتی کارکردن بێ یا خود سەربازی بێت

بەشداری بکات. ئەوە بوو لە ١٩٧٧/١/١ ڕاستەوخۆ هاتە کۆڕەپانی تێکۆشان و شان بەشانی براکانیان بوونە جەنگاوە.
هەروا لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٨)دا، لە بەغدا بۆ

یەکەمین جار دەستەیەك لە ئافرەتان چوونە ریزی سوپای میللیـیەوەو دەستیان بە مەشق کردن، کرد، ئەم تاقی‌کردنەوەیەش تەواوی پارێزگاکانی وولاتی گرتووەو فێری چەکی هەمە جۆر کران.

لە ساڵی (١٩٧٩) ئافرەتی عیراقی نوێ فێری هونەری کوشتار کران... ئاشکرایە ئافرەتی عیراقی شۆرشگێر لە سایەی شۆرشەوە ڕاستەوخۆ شان بەشانی برا

جەنگاوەرەکانیان لە جەنگی ڕەواماندا بەشداریان کردووەو دەورێکی کاریگەرو سەفرازانەیان بینیوە...
ئافرەتی عیراقی نەك تەنیا چەکی هەڵگرتووەو شان بەشانی براکانیان کۆشش دەکەن.

بە دەورێکی کاریگەرتر ڕاپەڕیوە، ئەمەش لە دەرفەتی پەرە پێدان و بنیاتنان، هەروا هەمیشە ئامادەیی خۆ دەربڕیوە بۆ ئەوەی بچێتە پێشەوەی بەرەکانی جەنگ و ببێتە

پەرژینێکی قایم و پتەو بۆ برا جەنگاوەرەکانیان. بێگومان ئەمەیش مایەی شانازییە کە ئافرەتی عیراقی نوێ بەم جۆرە پێش کەوتووە.

گومانی تێدا نیە ئەم پایە بڵندیەو پێشکەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ هۆشمەندی سەرکردایەتی پارت و شۆرش لە سەرووی هەمووانەوە سەرەکی فەرماندە (صدام حسین).

★ ★ ★

# ڕەمزی مەلا مارف

chalakmuhamad@gmail.com

ـ ئومێد کاکەڕەش ـ

ئەوەی ڕاستی بێت زۆر شاعیرمان هەیە کە تا ئێستا لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە مافی خۆیان پێ نەدراوە جا ئەو شاعیرە لە ژیاندا مابێت یانماڵئاوای لێکردبین. پێویستە خۆمان ماندوو بکەین تا کەمێ مافی ئەو ئەرك و شەونخونی و بێداریەیان بدەینەوە کە چەشتویانە لە پێناوی خزمەتی ئەدەبی کوردیدا، بەڵام دەستە وەستان لەم کارانەدا زیاتر دەمان خاتە ناو گێژاوی بێنەو بردەوەو پتر بەرهەممان لە کیس دەدات، جا پێویستە ئاور لەو مەزنانەیان بدرێتەوە کە بوونە سوتەمەنی لە پێناوی خزمەتی گەلەکەماندا.

یەکێ لەو نەمرانە شاعیری پایە بەرزو ناوداری کورد «ڕەمزی مەلا مارف»ە کە (٨) هەشت ساڵ لە مەوبەر لە ڕۆژی (١٨)ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٧٦دا، شێر پەنجەی مەرگ شالاّ بۆ هێناو دڵە خاوێن و بێگەردەکەی لە لێدان خست، لەسەر ڕاسپاردەی خۆی بە زمانی شیرینی کوردی تەلقینیان داداو بە خاکی سەیوانیان سپارد.

(ڕەمزی)! شوبهەت لە زیندوو بونەوەی خۆتا نەبێ
گەر مەلا بێت و بە کوردی دابدا تەلقینی تۆ

لە پاش خۆی دیوانێکی شیعری بۆ بەجێ هێشتوین کە لەگەڵ چاو لێکنانیا ئەو دیوانە بە نرخەش پێچراوەتەوەو تا ئەمڕۆش لە گێژاوی بێنەو بردەدایە بە دەم گێژەڵوکەی بای نەهامەتەوە دەخولێتەوەو پێچاو پێچی دەورانی پێدەکرێت.

(ڕەمزی) کە نازناوی «محەممەد کوری مەلا مارف کوری مەلا ڕەسوڵە» لە نەوەی پیر خدری شاهۆیە لە ساڵی ١٩٠٢ لە شاری سلەیمانی هاتۆتە دنیاوە. لەبەر ئەوەی زۆر زیرەك و ڕەوشت باش و دڵسۆزو ڕاستگۆ بووە، وە هەموو ساڵێك هەر بە یەکەم دەرچووە مامۆستاکانی بە (ڕەمزی) ناویان بردووە، ئیتر ئەم نازناوە بە سەر ناوە ڕاستیەکەیدا زاڵبووە کە (محەممەدە).

هەر لە سەرەتای ژیانیەوە سروشتی جوانی چیاو دەشت و لالەزاری کوردستان، بێگەردی و خاوێنی دڵی نەتەوەکەی، دەردی ناتەبایی و یەك نەبوون، دەست درێژی دوژمنان و داگیرگەر بۆ سەر خاکەکەمان بەکێشیان کردووە بۆ ناو گوڵزاری شاعیران بێخود (١٨٧٨ ـ ١٩٥٥)و پیرەمێردی (١٨٦٧ ـ ١٩٥٠) شاعیریش خستیانە ژێر کەمەندو گیروەدەی شیعر وتنیان کردووە[١] بەڵام (مەلا مارف)ی[٢] باوکی حەزی بەوە نەکردووە کوڕەکەی ببێت بە شاعیر[٣] لەبەر ئەوە (ئەو شیعرانەی کە هەیەتی هەریەکەیان بە (بۆنە ـ موناسەبەت) ڕێکەوە وتراوە وەیا زادەی ڕێکەوتە، واتە شیعر وتنی بۆ خۆی نەکردووە بە پیشە[٤] ئەگەر سەیری دیوانە بەجێماوەکەی شاعیر بکەین دەبینین چەندەها شیعری نیشتمانی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و دڵداری و داشۆرینی تێدایە کە زوربەی شیعرەکانی بە هۆی بۆنەی تایبەتیەوە وتوەو زۆر کەم شیعریشی بلاوکردوتەوە.

ئەگەر هەڵوێست بکەین لە ئاستی چەند هۆنراوەیەکی شاعیردا، یەکەو ڕاست بۆ ئەوە دەچین کە شاعیر هەر لە سەرەتای ژیانیەوە مێشکی بە گیانی نیشتمان پەروەری زاخاو دراوەو هەمیشە لەگەڵ ئەندێشەو ئازاری میللەتەکەماندا ژیاوە، هەنسکی بۆ ناتەبایی و دوو دڵی نێوانمان هەڵکێشاوە تا ئەو ڕۆژەی چاوی ئارامی لێکنا ئاواتی بەرزی ئەوە بوو دەست دەینە دەستی یەك و پشتی یەك بگرین.

وەرن کوردینە با دەس دەینە دەست و پشتی یەك بگرین
کە بەڵکو زوو لە ژێر ئەم باری زوڵم و زۆرەدا دەرچین
بە زۆری تیغی جەوهەرداری عیلم و هێزی یەك کەوتن
دەماری جەهل و ڕیشەی ئەم نیفاقەی بەینی یەك ببڕین
لە ڕێی سەختی نەهاتی‌و پەستیا بۆ وەك برا، دائیم
لەگەڵ یەك هەوڵی سەرکەوتن نەدەین و یەکتر هەڵنەبڕین
لەپۆلی مەدرەسەی یەککەوتنا پێویستە ئەووەڵ جار
لە تەختی سینە، نەقشی کینە، سەر مەشقی غەرەز بسڕین

هاوارو ناڵـەو بێـداری شاعیـر لە ڕادە بە دەر بوو هەمـوو هیواو ئاواتی ئەوە بوو دڵمان بۆ یەك بسوتێ‌و تینوی مەرگی یەکتـری نەبین، هەست و سۆزی بەکـوڵ دەجـۆشـاو ئەو هەستە بێگەردەی تێکەڵاوی ئەسرینە دڵتەزێنەکەی دەبوو تا هون هون بە رومەتیا دەهاتە خوارێ‌و بە دەنگی زوڵاڵ دەبووت.

شەو، هەموو شەو من کەوا ئەگریم و هەر هاوار ئەکەم
شینی کاتی‌وا نەهاتی‌و ڕۆژی ئاوا تار ئەکەم
بۆ لە یەکتر دابڕاوی‌و ڕەنجە ڕۆیی کوردە وا
عالەمێ دایم بە شیوەن شەو لە خەو بێزار ئەکەم
بۆ نەمامی باخی تینوی مەرگ و بەو ئازادیە
من کەوا بۆ ئاوی چاوەی ئاشتی هاوار ئەکەم

شاعیـر بیـر تیـژ وە وریـا بوو ئیمپـریـالیـزمی دەنـاسین و دەیـزانی چۆن تووشی گێـرمـەو کێشـەمـان دەکەن و چ داوو فێـڵ و تەڵـەکـەبـازیـك دادەنێن تا نێچـری دەستی خۆیـان دەست کەوێت، تا بۆ مەرامی خۆیان هەڵیسوڕێنن، شاعیر وەك باڵندەیەکی پەڕو باڵ شکاوو پێ بەستراو خۆی دەهاتە بەر چاو، غەمی دەربـاز بوونی. دەخـواست تا بە هەوای ئازادی‌و سەربەستی بژی.

یا وەکو بازی لە داو ئاڵاوی باڵ و پەڕ شکاو
هەر غەمی کاتی بەرەڵابوون و سەربەستی ئەخۆم
بۆیە وا بێ ڕەنگ و دایم رووت و قووت و بێ‌نەوام
چونکە نانی نوکەری‌و چڵکاوی بەر دەستی ئەخۆم

لە ساڵەکانی پەنجاکاندا زوڵم و زۆرداری ئیمپریالیزم لە ڕادە بەدەر بوو کوردو عەرەب تووشـی نەهـامـەتـی‌و دەردە سەری بوو بوون (ڕەمـزی) بە دەنـگـی دلێـری هاواری ڕاپەڕینی دەکردو دەیویست شۆڕشێکی گەورە بەرپا بکرێت تا تەختی پادشایەتی گەندەڵ لە ڕیشەوە دەربهێنرێ.

دەرئەچێ ئیتر کەهەر ڕۆژەی لە مەولا ئەشرەیی
لێەدا شێری حەوادیث هەر سەعاتە ئەعرەیێ
قەت نەبوو بۆ ئیشی چاوی کوردی بێ‌بەخت و هەژار
دەربچێ ڕۆژێ لە لەندەن یا لە بەرلین قەترەیێ
زوڵم و زۆرو دەس درێژی گەییە حەددی مونتەها
هەڵسن ئەی کوردو عەرەب جا بەسیە ئیتر ئەورەیێ

ئیمپریالیزم لەهەر شوێنێك بێت هەر دوژمنەو نیازی خۆی دەهێنیتـە دی‌و ڕۆڵـە دڵسـوزەکـانی نەتـەوە ژێـر دەستـەکەی دەچـەوسێنیتـەوەو تووشی هەزارەهـا ئەشکـەنجـەو ئازاریـان دەکـات، (ڕەمـزی) شاعیـریش هەر لە تەمـەنی لاوییـەوە هەستی بەوە کردبـوو بۆیـە هەمیشـە کڵپـەیەکی بە تین بووە دژی ئیمپـریـالیـزم و نۆکـەرانی کاتی ئازاویخـوازان لە گرتـوخـانـەکـانی حوکـومـەتی پادشـایەتی بوگەندا لە ساڵی ١٩٥٨دا ڕزگاریان بوو (ڕەمزی) بەم شیعرە پێشوازی لێگرتن.

تا فیداکاری نەکەی ناوت بە بەرزی نابرێ
تا لە ماڵ و سەر نەبووری سەروەریت پێ نادرێ
رۆح هەتا نەیخەیتە سەر دەست و بەرەو مردن نەرۆی
ئەی برا ناوێکی مێژوویت بە حەق پێ نابڕێ
تا بە خوێنی ئاڵ و گەش چەن دەمغەیە ئاوی نەدەیت
نەونەمامی باخی ئازادی ئەبەد بەر ناگرێ[٥]

شاعیر هیچ کاتێ بێ ورەو بێ ئومێد نەبووەو هیوای هەر

به نەوەی نوێ بووە، ئاوات و خواستــی ئەوە بووە زوو پێبگەن تا خزمەتی گەل و نیشتمانەکەمان بکەن. . کاتێ دەرگــای زانگــۆ کرایــەوەو نەوەی نوێ روویــان تێکــرد، فرمێسکی شادیو خۆشی قەتیس ما لە دیدەی (رەمزی)داو وتی:

**زەمانی ئیمەوا رابوردو ئیستا جێی هیوا ئیوەن**
**بەری باخی ئومێدی قەومی کوردی بێنەوا ئیوەن**
**لە تاریکی شەوا بۆ وون بوانی چۆڵی کەم فامی**
**بە تیشکی رۆژی زانایی، لەمەولا رەهنوما ئیوەن**

شاعیر دەردەکانی کۆمەڵی یەکە یەکە نیشان داوین و بۆ هەر یەکــە ئاکــامی راستــەقینــەی دیاری کردووەو مەبەستەکەی بۆ یەکالا کردوینەتەوە ئەوەتە لە بابەت (عیلمە)وە دەڵێت:

**جا ئیتر هەر عیلمە مایەی سەر فرازی ئیرو مێ**
**زانیاری سنعەتە، هۆی ئاوەدانی بووم و بەر**
**عیلمە بوتی دەرئەخا شاراوەکانی ژێر زەوی**
**عیلمە پێت پەرواز ئەکا بۆ ئاسمان بێ باڵ و پەر**
**عیلمە وا ئەتکا بە سەرداری وڵات و پێشەوا**
**جەهلە وا ئەتخاتە ژێر پێو چنگی خاوەن زیوو زەر**

(رەمزی) تووشی زەبوونیو نارەحەتیو دەردی سەری بووە بە دەست چەرخی دەورانــەو بە دەستیــەوە ناڵاندویــەتی. کە ئەمــەش بە سەرهــاتێکی دڵتــەزێنی ناهــەمــوارە کە بەســەر زۆربــەی شاعیــرەکــانمــانــدا هاتــووەو هەر یەکە بە جۆرێك نارەزایی خۆی دەربڕیوەو باسی دەوری فەلەکیان کردووە کە چەند پێچو دەورانی پێکردون و چ کارێکی بەسەر هێناون، ئەوەتە (رەمزی) بە دڵێکی گەرمەوە روو دەکاتە فەلەك و دەڵێت.

**فەلەك دەك لاڵ و کەربی هەر وەکو لاڵ و کەرت کردم**
**دە رەببی ئاخرت شەربێ، وەکو ئاخرت شەر کردم**
**لە کوێ مەکشوف و مەستورم ئەزانیو ناوی کاریو فوول**
**کەوا لەم عومرەدا فیری قومارو پوکەرت کردم**
**لە ئەوجی عیزەتی نەفس و ویقارا شاهبازێ بووم**
**کەچی ئیمرۆ بە هەم پەروازی داڵ و سەرگەرەت کردم**

ئەو سەردەمــەی شاعیــری تێــدا دەژیــا سەردەمی ژیان و راپــەرینــەکــانی شێخ مەحمــوودی نەمر (١٨٧٨ - ١٩٥٦) بووە پەیوەندیەکی بە تینی لەگەڵ شێخدا بووەو یەکێك بووە لەو رۆشنبیرانــە کە لە شێخــەوە نزیــك بووەو هاتوچۆی لای یەکتــریــان کرتــووە، ئەمیش وەکــو هەمــوو شاعیرەکانی دیکە (حەمدیو شوکری فەزلیو پیرەمێردو ئەحمەد موختار بەگی جاف) کەوتــوتــە ناو گێــژاوی فیتنــەو لای شێخ مەحــمــود قسەیــان بۆ هەڵبــەستووەو (رەمزی) شاعیریش لە ئاستیاندا بێ دەنگ نەبوو.

**لە حەق ئەم بەندەیەت هەرچی کەوا وتراوە زۆرو کەم**
**هەمووی بێ ئەسڵە جا بڕوانە چەن بێ سوچ و تاوانم**
**لەمەش غایەم دڵ و ویجدانی پاکی تۆیە وەزنێ من**
**لە کەس ناکەم شکایەت چونکە ئەو ڕێو بانە نازانم**
**موقەدەر بوو کە بشکێ کاسەی زێری دڵی (رەمزی)**
**بە بەردی دەستی کەم فامێکی مەحرەم توو لە خوێشانم**

(رەمــزی) پەیــوەندیەکی گیانیو دۆستانەی لەگەڵ (شێخ مەحمودا) بووەو زۆر ڕێزی گرتوو هەر بەو بۆنەیەشەوەیە کە هەمــوو نەوەکــانی شێخ زۆر ڕێــزیــان لە (رەمزی) گرتووەو تەنانەت (رەمزی) دیوانێکی دیکەی بووە کە بریتی بووە لە رووداوەکانی شۆرشەکانی شێخ مەحمود بەڵام بەداخەوە فەوتــاوە[٦] وە لە سەردەمی خوێنــدا (رەمــزی) ئەم شیعرەی بە زمانی شێخەوە وتووە.[٧]

**کوردم حقوقی میللەتی خۆم ئیدعا ئەکەم**
**رۆحم لە ڕێی سەعادەتی کوردا فیدا ئەکەم**
**بۆ (اخذی) ئەو حقوقەیە فیکرم بە رۆژ و شەو**
**بۆ ئەو مەرام و غایەیە وا ئیلتیجا ئەکەم**
**بۆ بەرزیو، سەعادەتی قەومی نەجیبی کورد**

**تەنها مراجعەت بە شەهی ئەنبیا ئەکەم**

(ڕەمزی) لە سەردەمی لاویدا دڵتەڕو بەزەوق بووە هەمیشە دەستی بەخـوێـنـدا دەینـاو باق و بزیسکـەی کەوای تاقـەو ورشـەی چەفتـەی سەری‌و تیژی چاوە ڕەشـەکـانی جێی سەرنجی گیـژان بووەو ئەمیش ئافـرەتی خۆش ویستـووەو جوانی ئافرەت لە گەڵ ژیانی تەڕو پیریدا شا دەماری واکوتابوو. .

**فیدات بم بۆ بە ئەمریکی ڕەقیب ئەم جەورە ئەنوێنی**
**لەسەر ماچێ دڵی پیرێکی حەفتا ساڵە ئەشکێنی**
**حەواڵەی تیغی جەللادم مەکە تو بیت و جوانی خۆت**
**بە تیری غەمزە باری بمکوژە گەر خوێنم ئەرژێنی**
**لە سونبول زاری پەرچەمتایە لانەی مورغی زاری دڵ**
**بە شانەی پەنجە توخوا سا ئەگەر ئەم لانە برمێنی**
**بە خەنجەر قیمە قیمەت گەر بکا ئەو شوخە ئەی (ڕەمزی)**
**لە کن خەڵقی دەخیلت بم نەکەی ناوی بدرکێنی.**

وەکو باسکرا شاعیر شیعر وتنی بۆ خۆی نەکردووە بە پیشە، زوربەی هۆنراوەکانی لە کاتێ بۆنـەدا وتـووەو شاعیرێکی بەهرەدارو لێهاتـوو بووە، چۆنی ویستبی ئەسپی خۆی تاو داوەو. و شۆرە سوارێکـی بە توانـا بووە، بەڵام داخێکی گەورە سەر دڵی گرتووەو ئەو بوارەی لێ تەسک کردوتەوە.

**لە ئاسۆی شاعیریدا هەڵ ئەهاتم وەك مەهی تابان**
**ئەگەر نەشکایە نرخی گەوهەری بازاری پێشینان**
**ئەگەر چی ناشکێ قەدری جەواهر قەت لە کن زانا**
**وەلی کەم ماوە ئەی داخی بە جەرگم جەوهەری جاران.**

زۆر هەڵوێست سەرنجی ڕاکێشاوەو بەهرەی شیعری پێ بەخشیوە، ئەوەتـە ڕۆژێـك بە کوڵانێکـدا دەڕوا ئافرەتێکی جوانـی خوێن شیـرین بەرەو ڕووی دێ‌و لە دوورەوە خۆی داناپۆشێ تا دەگاتە ئاستی ڕەمزی، لەوێدا لا تریسکەیەك دەبـەستێت و ڕووی خۆی دەشاریتـەوە ئەمـەنـدە بەسـە بۆ ئەوەی (ڕەمزی) بە کامێرای هەستی وێنەی بگرێت. وبەم جۆرە نیشانمان بدات.

**بە وێنەی ئاسکی کێوی لە من بۆ لاتریسکەی بەست**
**کەمان ئەبرۆ نیگاری تا بلێی خۆی شوخ و چاوی مەست**
**مەگەر زانیویە گەربێ‌و چاوی سەر خۆشی لە من دەرخا**
**کوتوپڕ فیتنەیەکی‌وا ئەقەومێ نەکرێ پێی بەربەست**
**لە هەناری شارەبان و پرتەقاڵی خانەقینم چی**
**ئەگەر ئەو جووتە لیمۆی باخەڵەی بگرم بە هەردوو دەست.**

شەوێکیش (عیـزەددینی مەلا ئەفـەنـدی) ئاهـەنگێکی قەشـەنـگ ڕێـك دەخـاو زۆر لە دۆستـەکـانی خۆی بانگ دەکـات لە نێـوانیـاندا (ڕەمزی) دەبێت، دوو ئافرەتی جوان ئامـادەی ئاهـەنگـەکـە دەبن و بە فێڵی چەنـد کەسێ دوو ئافرەتەکە زۆر لە-(ڕەمزی) نزیك دەبنەوەو دەیخەنە ئاسمانی خەیاڵەوە، (ڕەمزی)ش ئەسپی ئارەزووی تاو دەداو دەکەوێتە شنەو بای باڵ ڕاوەشانی خۆی‌و ڕوو دەکاتە دۆستەکانی‌و دەڵێت.

**لە مابەینی دوو دولبەردام و حەیران و دوو دڵ ماوم**
**کە دڵ ئاخر بە کامێکیان بدەم لەم بەینەدا ماوم**
**بە زۆری حوسن و بازووی نەوجوانی خۆی ئەوی ئەولام**
**کەمەندی زوڵفی خاوی خستە ئەستۆی فیکری شێواوم**
**بە کایەی ڕوومەت و تاقی خەمی ئەبرۆی ئەمی ئەملاش**
**لە ڕێگەی عەقڵی دەربردم لە جادەی دینی لا داوام**

نالی (١٨٠٠ - ١٨٥٦) لە خەوەکەیدا کە بە (مەستورە خانمەوە) دیوێتی شێوازێکی هونەری جوانی بەکار هێناوە تا خەیاڵەکەی پێ هۆنیوەتەوە، (ڕەمزی)ش تا ڕادەیەك پەیرەوی ئەو ڕێبازەی گرتووەو لە چوارینەیەکدا دەڵێت.

**بەگم ڕۆژێ ئەبێ گوڵ خونچەکەی باخت بە دەس بگرم**
**پەڕەی دەم زاری نەکراوەی بە پەنجەی ئارەزووم بدڕم**
**خەناوی کەم بە جاری پێ‌و پل و داوێنی وەك مەرجان**
**دوڕو یاقوتی دەم دیدەی بە گوڵ سورمەی زەفەر بسڕم**

وە ئەگـەر سەیـری پایەو پلەی شاعیر بکەین لەگەڵ شاعیراندا دەبینین (بیخود)ی شاعیر پایەی (رەمزی) بەرامبەر بە (شێخ نوری شێخ صالح) داناوە. . لە ساڵی ١٩٤١دا (شێـخ نوری) لە رۆژنـامەی (ژین)دا پارچـەیـەك شیعر بڵاودەکـاتـەوەو (رەمزی) وەڵامی دەداتەوە، پاشان شیعرەکە دەنێریت بۆ (بیخود) کە چاوێکی پێـدا بخشێنێ‌و (بیخود) بەم جۆرە وەڵامی دەداتـەوە «شیعـرەکـانت ئیجـابی بەو موبالەغەیە نە ئەکرد، نە ئێسە تازە رابوردووە، با ئەمجارەش وابێ، بەڵام جارێکی تر ئیشی وا نەکەی چونکە وا ئەزانی کە (نوری) لە تۆ ئەدیب ترە، ئەمە عەینی تێ‌نەگەیشتنە».

ئەمەش وڵامەکەی (رەمزی)یە.[6]

**ئەی خۆشەویستی قەومی جەفا کێشی دەس بەسەر**
**وەی نوری چاوی کوردی سیا رۆژی دەر بە دەر**
**ئەی بولبولی بە شەوکەتی باخی سوخەن وەری**
**وەی گوڵبنی بە زینەتی گوڵزاری زیب و فەر**
**ئەی شاعیری بە قودرەتی مەیدانی نەزم و نەثر**
**وەی کاتبی بە هەیبەتی سەر کورسی هونەر**

بەم پارچـە شیعـرەی خوارەوە کۆتـای بە باسـەکـە دێنم هیوادارم دیوانەکەی بەم زووانە چاپ بکرێت و بکەوێتە بەر دەستی خوێنـدەوارانی کورد تا زیـاتـر لە بەهـرەو توانای ئەم شاعیرە مەزنەمان بگەن.

**لە قاپی لوتفی‌تۆکەی قابیلە نەومید و بێ‌بەش بم؟**
**ئەگەر سێ سەد ئەوەندەی ئێستە تاوانبارو رووڕەش بم**
**کەوا واعیز هاتە سەر مەوزوعی بەحری رەحمەتت نەفسم**
**وتی باکم لە چی بێ ئیکە گەر سەر هێندە سەرگەش بم**
**لە کورەی راستی‌و بۆتەی موحیبەتدا خوواوەندا**
**مەدەو کارم بە تاوەك زێری قاڵی بێ غەل و غەش بم**

---

**پەراوێزو سەرچاوە،**

---

(١) رەفیق حیلمی. شیعرو ئەدەبیاتی کوردی/ بەرگی دووەم/ ساڵی ١٩٥٦.

(٢) مەلا مارف. پیـاوێکی بلیمـەت و زیـرەك بووە، رێبازی زانسـتـی ئاینی گرتـووە، شارەزاییـەکی زۆری بووە لە بیرکاریدا وە بە یەکێك لە زانایانی زەمانی خۆی ناوبراوە لە (عیلمی فرائض)دا دەستێکی باڵای هەبووە. کتێبێکی تایبەتی بە زمانی کوردی لە سەر (فرائض) هەیەو تا ئێستا چاپ نەکراوە، ئاگەدارییەکی زۆری بووە لە رێزمـانی کوردیـداو لە سەردەمی خوێـندا رێزمانی کوردی نوسیوەو حاکمی ئەو کاتەی ئینگلیز (میجەر سۆن) لێی سەندووە بەو نیـازەی لە لەنـدەن بۆی چاپ بکـات. . بردویـەتی‌و بۆی نەگەڕاندۆتەوە.

(٣) لە داتێشێکـدا کە (مـەلا مارف)ی باوکی شاعیـری تێدا بووە، چەند شیعرێکی (رەمزی) دەخوێننەوەو دەڵێن ئەم شیعرانە شیعری رەمزی کورتن. . ئەمیش کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە پێی دەڵێت «شیعرەکانتم بەر گوێ کەوت، لایەقی باس کردنن و رێکـوپێـك بوون بەڵام من حەز ناکـەم کە ناوت بە شاعیـر دەربچێت». هەر ئەمـەش بووە وای لە (رەمزی) کردووە کە شیعر نەکات بەپیشەو شیعرەکانی بڵاو نەکاتەوە.

(٤) رەفیق حیلمی. شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم ١٩٥٦.

(٥) مامۆستا (بێکەس)ی نەمر دەڵێت.

**داری ئازادی بە خوێن ئاو نەدرێ قەت بەرناگرێ**
**سەربەخۆیی بێ فیداکاری ئەبەد سەر ناگرێ.**

(٦) دەڵێن ئەو دیوانەی کەوتۆتە چەمی (کەنارێ) یان لەکەتیجە وون بووە (دیوانی چاپ نەکراوی شاعیر).

(٧) شێخ مەحمود ـ خۆی شاعیر بووەو شیعری هەیە، ئەمەش چەند بەیتی شیعرێکی (شێخ مەحمود)ە.

**ئەرەلەوی کێوی کوردم و هاواری کورد ئەکەم**
**دوژمن بە پێکی کاوە وەکو شیشە ورد ئەکەم**
**پارێز ئەکەم بە هیمەتی حەیدەر حقوقی کورد**
**یا گیانی خۆم و ئاڵی پەیامبەر فیدا ئەکەم**

# شیعر وچڕوستانی

○ صالح عبدالله چڕوستانی ○

شایەنی داخ و ناسۆرە کە شاعیری خوالێخۆشبوو مەلا محەمەدی چڕوستانی زۆر لەمێژە لە لاپەڕەی سپی ئەدەبیاتا نووسەرانە بێباس و خوابنێ ماونەتەوەلێیەوە.

بۆیە بەشانازی‌یەوە حەزم کرد هەندێ دەربارەی ئەم شاعیرە مەزنە بنووسم بەتایبەت ژیانی و ڕۆڵی شیعرەکانی و بایەخ بەو وشە بەسۆزو پیرۆزانەی کەبەجۆرێکی واناسك و ڕازاوەن هەتا هەزاران لەدڵانی پەست و بێزار ئەژێنێتەوە.

ژیانی شاعیر

: مەلا «محمد»ی چڕوستانی کوڕی مەلا عبدالرحیم کوڕی شێخ عومەرە لەنەوەی پیرخدری شاهۆیە لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی / ١٨٩٠ی ز لەئابلاخ کە ئێستە گەڕەکێکە لە سلێمانی لەدایك بووە لەبنەماڵەیەکی زاناو ئاین پەروەرو ناسراوبووە هەر بەمناڵی لای باوکی دەستی کردووە بە خوێندن و بەزۆری سەردەمی خوێندنی لە زۆربەی ناوچەکانی هەولێرو سلێمانیدابووە وە بەمەلایەتی لە ناوچەی شارباژێرو پشدەربووە لە ساڵی ١٩٣٢ی ز قوتابخانە دائەنێت و زۆر بە دڵسوزی‌یەوە خزمەتی زانستی ئەکات تا لە ڕۆژی پێنج شەممەی مانگی نیسانی ١٩٦٣ی ز لە سلێمانی کۆچی دوایی ئەکات و لە گۆڕستانی

گردی جۆگە ئەنێژن وە لەسەر گۆڕەکەی.

نووسراوە: چڕوستانی ئومێدی حەفوی خوایە کە هاوناوی سەرۆکی ئەنبیایە.

بەڵێ چڕوستانی شاعیرێکی ڕەوانبێژ و گفتوگۆ شیرین بووەو لەگەڵ شاعیرانی ئەو سەردەمەدا پەیوەندی‌یەکی تەواوی هەبووەو گەلێك بەزم و بەسەرهاتی خۆشی هەبووە لەگەڵ ئەو شاعیرانەدا بەتایبەت بێخود سلێمانی و صافی مەشهور بەکاکی هیرانی لەگوندی هیران و نازەنین جا لەبەر ژیاندنەوەی شیعرەکانی چڕوستانی دەستم کرد بەنووسینەوەیان وە بەشداریم کرد لە لێکدانەوەی وشە گرانەکانی و نووسینەوەی چەند پێشەکی‌یەك لەسەری لەلایەن هەندێ لە نووسەرانی دڵسۆزانەوە ئێستاش ئەم دیوانە ئامادەکراوە بۆ چاپ وە زۆربەی شیعرەکانی بریتین لە هۆنراوەی ئایینی و ئامۆژگاری کردن و سکاڵاو وەسف و ئەوین و نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی خاك و نەتەوەی و گەلێك لایەنی‌تر، هەروە یادداشتەکانی لە ساڵی ١٩٨٤ پێش چەند مانگێك بڵاوکرایەوە کەباسی ژیانی خۆی تیا کردووە تاکو (١٦) ساڵی و بەڵام بەداخەوە تەواوی نەکردووە دڵی پیرۆزی لەلێدان کەوتووەو ماڵ ئاوایی خواستووە لێمان.

- هەروەها چڕوستانی لەسەردەمی ژیانیدا زۆر شارەزای شیعرەکانی نالی بووەو لەناوەڕۆکی ماناکەی تێگەیشتووەو وەها «نالی» کاری تێ‌کردووە کە لەهەندێ شیعری چڕوستانیدا بەتەواوی ئەوە ڕەنگ دەداتەوە کە هەروەکو «نالی» شاعیرێکی کلاسیکی بووەو لەزنجیرەی ئەو جیانابێتەوە هەروەك لەم پارچە شیعرەیدا دەردەکەوێت:

**«ئەی بوون و نەبوونی نەفەست مان و نەمانم**
**بێ نەقدی هەوا مردن و سەوداتە ژیانم**
**ئاوایی دڵم چوڵە بەبێ خێڵی خەیاڵت**
**ئاوایی بە دڵداری بفەرموو دڵ وگیانم**
**بێ‌دەرکە ڕەقیب ئەو تەمەڵە لاتی‌هەلاتە**
**خۆم مەشقی غەمی ئەشقی تۆ ئازانە ئەزانم**
**هەتا ئەو شوێنەی کۆتایی بەشیعرەکەی دێنی‌و**

دەڵێت:

**کەشکۆڵی دڵ و زاری چڕوستانی لە نەزما**
**ئاواڵەیە ئاوارەیی بەزمێکی ڕەوانم (١)**
**وەیاخود لە غەزەلیکی کەدا دەڵێت: -**
**من کە دڵ ماتەم نشین و بولبویش هاواروشین**
**هەر یەکە سەودا سەری خونچەی گوڵێکی بێ‌غەشین**
**من بەنەقدی دڵ لەسەوزەی خونچە لێوی سوخمەشین**
**ئەو بەئاهی لێوی خونچەی دوگمە سەوزی ئاتەشین**
**هەر یەکە خارو جەخارێ باری دەردی دڵ کەشین**
**تاڵی شاری کوڵم و ژاری ماری زوڵفی خەم چەشین**

تاکو لە کۆتاییدا دەڵێت:

**ئوچی پاراوو تەڕی زاری «چڕوستانی» یەقین**
**بولبولا نەغمەیی سەد نەزمەیێ تالیع ڕەشین**

هەروەها شاعیر تەمسیلی (دایکی وەتەن) پێشکەشی گەلەکەی دەکات و گەلێك مەبەست و کاری گرنگی تیا دیاردی دەکات وە لە سکاڵای دایکی وەتەنی کورد دەڵێت:

**«هەرچی ڕەگەزە ڕێگەیی خۆی گرتووە ئازا**
**ڕۆڵەی ڕەگەزی کوردی لەڕێ بۆچی ترازا**
**هەر ژێرو هەژارێ لە ژیانایە هەراشە**
**ئەم کوردە نەبێ کەوتووە ساوایە لەپاشە**
**ئایا چی‌یە وا نەگبەتی هێناوە بەشانی**
**کوردا کەپەکی کەوتووە نەیماوە تەکانی**
**ئەم تیرە بەناوبانگە و بەهێزە لەبرەودا**
**گۆیان دەگەیانە سەری مەیدان لە گرەودا**
**داخۆ لەگوڕو هێرشی ئەم کۆمەڵە زۆرە**
**چی بۆتە مڵۆزم وەکو مۆرانەوو خۆرە**

تۆ بێژی بیووژێتەوە سەرکەوتن و تاوی
لەم کۆسپەیە ڕزگاری ببێ بێتەوە باوی
شێوا دڵەکەم گرتی دەمێ قین و دەمێ شین
لەم باسە وەها ڕۆچوو کە بۆم نایەتەنووسین
وە یاخود لە شوێنێکی کەدا دەڵێت: -
هەر لە «سکاڵای دایکی وەتەن»دا
چەن خۆش بوو وتی ڕۆڵە لەداخی کوڕەکانم
وا پەرت و بڵاون نی یە هیوایی ژیانم
وەك بزنی بەرەڵلایەکی ڕوی هالەشوێنێ
گەر دوو بگەنەیەك شەڕەقۆچ خۆی دەنوێنێ
ویستم کە بەدڵسۆزی دڵی بێنمەوەجێ
بەشکم لەدڵی ئەم خەفەت و ماتەمە دەرچێ
پێم گوت نەنە خۆ کوڕگەلی تۆ شەرقی ئەخوێنن
گەردن کەچن و بەندەن و خزمەت ئەنوێنن
بۆ بەرزی بو پێشکەوتنی تۆ ئێستە بەکۆمەڵ
شان و سەرییان داوەتە بەرگشتی وەکو کەڵ
هەتا لەکۆتایی دوابەشی دا دەڵێت:
**وا کاکی «چڕوستانی» لەبۆ یادی لەمەولا**
**ئەسپێرێ بەئێوە وەتەنی و ئێوە بەمەولا»**
**وە چەند بەشێکی ئەم**
**شیعرانەی «دایکی وەتەن».**
لەگۆڤاری گلاوێژدا بڵاوکراوەتەوە
کاتی خۆی -
بەڵام ئەو چەنــد بەشـەی حەوت چینی چیمـەن کە پڕە لەوەسف و تێهــەڵکێش کردنی لەگــەڵ خواپەرستی - داو پاڕانەوە لەخوداو گەلێ بابەتی تر وەك دەڵێت: -
**ئەها لەق فەقیرە تەق تەقی مانەندی شەست تیرە**
**دەنووك دوو تیرە مل فیشەك لغە باڵی دووقەڵغانە**
**سبەینان کەینو بەینی بولبول و گوڵ سەیری کەن سەیرە**
**بەفریادو فوغانە ئەوئەمیش پەخشان و خەندانە**
**لەتاوی لێوی ئەو سووتاوە تینووی قەترەیێ ئاوە**
**لەبەرچاوی دەمی قووچاوە ئەم شەق شەق گریانە**

**وەیاخود دەڵی: -**
**گژوگیاو گوڵووکی چیمەن و ئەم دەشت و باغانە**
**تەماشاکە چ حاڵێکە چی یە ئەم خاڵ و داغانە**
**یەکێ سەرتا بەپێ ڕەنگینە، یەك ڕەشپۆش و سەرشینە**
**یەکێ غەرقی عەرەق چینەیەکێ بێبەرگ و عوریانە**
**یەکێ ڕوو سوورو مەسروورە یەکێ ڕووزەردو مازوورە**
**یەکێ وەك خونچە مەستوورەیەکێ دەم گەرم و پەخشانە**
**یەکێ ئەبلەق دوو چاوی زەق دەڵێی حوڵی بیابانە**
**یەکێ سەرتا بەپێ ڕەونەق دەڵێی لەعلی بەدەخشانە**
**تاله کەوتاییدا دەڵێ:**
**قەڵەم لەم باسە لادەی خاسە بۆتۆ سووچ و تاوانە**
**کەهیچ و پووچە کردەت ئەی (چڕوستانی) بدەی تانە**
**وەیا لەباسی کەچ ڕەفتاری شەڕو گرانی و**
**هەژاران و ژیانی تاڵیان دەڵێت:**

**چ ژیانێکە بەتاڵی کە هەژار ئەیبینێ**
**بە دووسەد ژینی وەها مردنی یەك نایێنێ**
**ئەمە چەند ساڵە بەخواری دەگەڕێ ئەم چەرخە**
**ڕۆژی هەندێکە بەهەندێك شەوەزەنگە ئەنوێنێ**
**جڵەوی وا بە یەکێ سواری بووەو تاوی ئەدا**
**بۆ یەکێ تۆڕو چەمووشە کەلە کەی ئەپسێنێ**
**هەتاکو کۆتایی شیعرەکە هەر بەم شێوەیە**
سکاڵا لە گەردوون دەکات کە هەژاران وەکو گەردەلوول سڕو سیاڵیان دەفڕێنێ و وەکو گورگی شەو دەیانخنکێنێ و تامی وەکو زیوان و مرۆرە بۆ هەژار بەڵام بۆ زەنگین شەربەتەو جاری واش هەیە وەك دەڵێت: -

**گەلێ ئازیزی لەسەر بەرزی یەوە خستە نشێو**

بەرزی کردوتەوە نزمێ کە ملی نەشکێنێ...
هەروەها بەهۆی ڕاپەڕینی عیراقیە
دلێرەکانەوە کە ماکی پەتای ئیستیعمارو
زۆرداریان هەلکەندو بەڕاپەڕینێکی
شێرانە توانیان سوپای بەریتانی ئینگلیز
ناچار بکەن کەخاك و نەتەوەکەمان چۆل بکەن و
شاعیر لە (١٤)ی تەموزی ١٩٥٨ی‌ز وە
دیسان بەهۆی دامەزراندنی کۆماری‌یەوە
سێ غەزەلی داناوە کە لە گۆڤاری
هەتاو سالی ١٩٥٨ی‌ز ژمارە ١٣٨
بلاو کراوەتەوە
وە نموونەیەکی چەند دێری لەم شیعرەش ئەنووسین
وەك دەلێت:

سوپاس و گەورەیی بۆ خالقی گەردوونی گەردانە
لە سروەی لوتف و تاوی قەهری زانا مات و حەیرانە
خودا گەر هێرشی هێزو ئیرادەت هەلمەتی هێنا
ئیتر سەرکەش سەرەو ژێرە لەکەوتوو نۆرە هەلسانە
لەتاریکی نەهاتی‌و نەگبەتیدا مەبڕە هیوای دل
کە ڕۆژی هات و ڕزگاری لەپارێزایە پەنهانە
هەرای چواردەی تەموزی نۆسەدو پەنجاوهەشتی چەیش
لەدنیا نەبوەوە وێنەی قەت ئەشێ بۆ جەژنی تاقانە
تەبایی‌و ڕێکوپێکی کۆمەلی‌و ئازادی‌یە ئیتر
درا جاڕی قڕانی ماکی ئیستعماری مۆرانە
ئەما بەندی عیراق و بەندەیی ڕزگارو ئازابوو
لەیەك ئانا بەپڕکێشی سوپاو کۆمەل بەشێرانە
هەتا ئەگاتە ئەو شوێنەی دەلێ:

ژن و پیاوی کەژو دەشتی عیراقی هەر لەدێ تاشار
بەخۆشی‌و کەیف و شادی ڕۆح و ژینی تازە پەخشانە.
وەیان دیسانەوە بەهۆی ڕزگاری‌یەوە
دەلێت:

سەرم سوڕما گەلێ دەمرێ لەبۆ گەل شین و گریانە
گەلێکیش مردنی هۆی جەژن و شایی‌و چەپلەڕێزانە
ئەما ئەو دوو پەلە هەورە ڕەشەی ماکی پەتاوپیسی
بەهۆی تاوی سوپاوەو هەلمەتی کۆمەل بەمەردانە
تەبایی‌و ڕێکی میسرو شام و بەغدا کارەساتێکە
کە پاراوی هەزاران تینووە ڕووناکی چاوانە
لەشایی‌و بەزمو سەیرانی بەنەغمەی نەزم و گۆرانی
هەموو شاری سلێمانی وەکو ڕۆژانی جەژنانە
شوکور وا هاتە دی ئاواتی دل بۆ عارەب و کوردان
بەلاچوونی تەمی تاریکی ئیستیعمارو بێگانە
برا نۆرەی تەبایی‌و ڕێکی‌یە سا هوگری یەك بن
ئیتر پەرت و بلاوی، دوو دلی، ناکۆکی، تاوانە

کەواتە بەهەلسەنگاندنی شیعرەکانی
چڕوستانی بۆ هەموو ئەدەب دۆستێك
ڕوون دەبێتەوە کە چڕوستانی شاعیرێکی
بلیمەت و لێ‌هاتووبووە کوردێکی بەچەرگ و
دلسۆزبووە، هەروەها لەشێوەدا
ڕەنگ و ڕوخسارێکی سپی لەگەل ڕیشی
وەکو بەفرینی لەمێزەری جودا نەدەکرانەوە
بالآیەکی بەرزو شێوەیەکی جوان و ناسکی هەبووە
دەنگ و ئاواز خۆش بووە کە ئێستاش هەندێ
لەپیرانی ئەم سەردەمە یادگاری ئەو شاعیرە
مەزنە دەگێڕنەوە بۆمان کەس نیە حەز بە
بیستنی نەکات لەکۆتاییدا هەزارسلاو لەگیانی پیرۆزی ئەم
شاعیرە کوردە بێت.

(١) شاعیر لەدەست نووسەکەیدا نووسیویەتی «ئەم غەزەلە لەدەنگی گیتی تازە لە بەغداد جوانی چاپ کردبوو».

# "قافیە"
## لە نێوان، سەرواو، سەرووەست،دا...

○ عبداللە دارتاش ○


لە چاپکراوەکانی زانکۆی سلێمانی

زاراوەی کوردی

لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن

دانانی
دکتۆر کامل حسن البصیر

بەڕێوەبەرێتی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی لەچابدراوە

١٩٧٩ز ـ ١٣٩٩ك

chalakmuhamad@gmail.com

بێ‌گومان کێشەی زمان و توێژینەوەی زمان و زارارارەسازی کارێکی ئەوەندە ئاسان نیە کە مرۆڤ بتوانێ بەبێ پشت بەستن بە سەرچاوەو دەستووری زمان و زانستی زاراوەسازی. هەروەها لەگەڵ، زانستی واژەگۆڕی، علم الصرف، دەستی بۆ بەرێ. بەڵکو پتر دەست دەچێتە ـ بەرییەوە ـ ئەگەر دارشتن و زاراوەسازکردن بەپێی پێوانەی تایبەتی و بنچینە سەرەکیەکانی خۆی بێ کە بریتی‌یە لە پێوەرو پێوراو. یان، سەنگ و پاسەنگ، بەکار بێت بۆ ئەوەی ببێتە بەردی بناغەی ئەو دارشتنە بۆ ساغ کردنەوەی هەندێ ووشە بەهۆی زانستی ووشە سازی‌یەوە، علم الاستقاق، هەر وەکوو ڕێبازێکی.

پەیڕەوی کراوە لەزمانی عەرەبیدا گەلێ لە زمانە زیندووەکانی جیهانیش دا... شتێکی ئاشکرایە کە ئێمەی کورد سەرچاوەی ڕۆشنبیری‌و زانستیمان بەپلەی یەکەم لەعەرەبیەوە وەرگرتوە ئەویش بە هۆی ئایینی پاکی ئیسلامەوەو لەو سەر دەمەوە کە نووسینی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی نوسراوەتەوە، گومانی تێدانیە کە گەلێ لەو بەرهەمە وێژەییانەی پێش ئیسلام و دواتریشی لە ناو چوون بەڵام

دەبێ ئەو ڕاستیەش بڵێین کە ئێمە بنچینەو بنەڕەتی ئەدەبەکەمان خۆماڵیەو ڕەسەنایەتی خۆی لە دەس نەداوە، هەرچەندە سوودی لە سەرچاوە زانیاریەکانی دراوسێکانی دەورو بەر وەرگرتوە جا لەبەر ئەوەی لەناخوو دڵ و دەروونی گەلەوە هەڵقوڵاوە بۆیە مۆرك و ڕەسەنایەتیێ خۆی پاراستووە. لێرەشدا پێویستە هەرپشت بەو سەرچاوانە ببەستین چونکە هەر وشەیەك لە چ زمانێکەوە وەرگیرابوو ئەوا دەبێ بەپێی زانستی هەمان زمان بۆی بچیو شیی بکەیتەوە. ئێستا، کە باسەکە لە بارەی زاراوەی «القافیە»ی عەرەبیەوەیە بەپێی بۆچوونم لە سەری ئەدوێم چونکە بەڕای من تا ئێستا بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە.

پێش ئەوەی بچینە سەر خودی ووشەکە یا، زاراوەکە، باسەرنجێکی چاووگی وشەی «القافیە» بدەین بزانین لەچیەوە هاتوە زاراوەی «القافیە»ی[1] عەرەبی لە، وَقَفَ، وە یا (تَقْفِیە) وە هاتوە هەروەکوو لە زانستی واژەگۆڕیدا بەم شێوەیە: -

وَقَفَ،...، یَقِفُ،...، وَقْفا،، = ڕاوەستا،..، ڕادەوستێ، ڕاوەستان،، ڕاوەستانێك وُقُوفاً ای دامَ قائماً...
کەواتە لێرەدا بەپێی وەرگێرانی وشەکان و چاوگەکەی زۆر بەئاسانیو ساکاری ئاشکرا دەبێ ـ ئەم وشەیە واتای،، ڕاوەستانی، ـ ی، مطلق، دەگەیێنێ... هەر وەکوو لەعەرەبیدا ـ دەڵێ ـ،، تَوَقُّفَ،،[2] في المکان ـ أی تَمَکُّثَ فیە،، واتای، ڕاوەستان و، مانەوە دەگەیێنێ وەك لەفەرهەنگی (المحیط)دا هاتوە.

وقف، واتە [کفَّ وامتَنَع] کە دەبێتە سنووری، وەستان [القافیە][3] الذي یَقِفُ عَلَیْهِ ولا یَتَقَدَّمَ. واتە زاراوەی،، سەروەست،، دوا وشەییکە کە لەسەری ڕادەوەستێ، ئیتر هیچ وشەیێکی دیکە بە دوایدا نایێت وەبەلای شاعیرانی عەروزانی[4] عەرەبیەوە [تَقفِیە] چاوگی [القافیە]یە. بەم پێیە دەردەکەوێ کە زاراوەی [قافیە] بریتیە لەدوا وشەی بەیتێکی شیعریو چەمکی [ڕاوەستان] دەگەیێنێت هەر وەکو مامۆستا ـ کامل بصیر ـ لە کتێبەکەیدا،، (زاراوەی کوردی)، کە دەربارەی زاراوەو زاراوەسازیە بەرامبەر زاراوەی [قافیە]ی عەرەبی سێ وشەی جیاجیای هێناوەتەوە بەپێی ڕای خۆیو هەندێ لە مامۆستایان.

١ ـ زاراوەی [لەنگەر].

٢ ـ زاراوەی [پێپەنجە].

٣ ـ زاراوەی [سەروا].

بەلاَم پێش ئەوەی بێمە سەر دەقی ڕایەکەی مامۆستا کامل بصیر یا ئاورێك لە فەرهەنگە[14] کوردیەکان بدەینەوە بزانین چیان لە دو توێدایە لە فەرهەنگی [ڕابەر]دا وشە [پاشبەند ـ پەشاقەند] هاتوە ئەم دووشە یەش واتای [لاحقة] دەگەیێنێ. لە فەرهەنگی (بابان)دا وشەی [پاشبەند ـ پاشاقەند]ی هێناوەتەوە ئەمەش هەر هەمان واتا



دەبەخشێ و لە فەرهەنگی [مەردۆخ]دا جگە لەووشەی [سەروا] ووشەی [پەساوند - و - پەسوەند]ی هێناوەتەوە - بێگومان ئەم دوو وشەیە هەردوکیان، فارسین، وشەی، پەساوەند واتای قافیة الشعرو وشەی پەسوەند، واتای [لاحقە] دەگرێتەوەو لە فەرهەنگی [خاڵ]یشدا جگە لە وشەی [سەروا] [پەشاوەند]ی بەکار هێناوە - لە راستیدا ئەمانە هەمویان. بەڕای من ناشێن بۆ زاراوەی [قافیە]و ئەوەی شایەنی باسە مامۆستای خوالێ خۆشبو علاءالدین سەجادی لەهەمو بەرهەمەکانی هەر ووشەی [قافیە] بەکار هێناوەو هەروەها - دکتۆر مارف خەزنەداریش لە کتێبەکەیدا [کێش وقافیە] هەر ناوی قافیە بردوە..

ئەمەش پوختەی ڕایەکەی مامۆستا، کامل بصیرە، مامۆستای بەڕێز لەگەڵ ئەو ڕایەدایە کە زاراوەی [سەروا] پتر دەشێ ببێتە زاراوەیکی شیاو لەبری زاراوەی [القافیە]ی عەرەبی.

ئەمەش دەقی ڕایەکەی مامۆستا کامل بصیرە کە دەڵێ:

[زاراوەی[٥] سەروا، کە بۆمانای [القافیە]ی عەرەبی لەبەر تیشکی ڕێبازی وەرگرتندا لەزاری ئەردەڵانیدا باوەو بۆمانای [القافیە]ی عەرەبی بەکار هێنراوە، جا لەبەر ئەوەی زانستی زاراوەسازی لەزارەکانی زمانی نەتەوایەتی ماندا مافی سازکردنی زاراوەی نوێی باومان دەداتێ ئەگەر هاتو وشەیێك لەیەکێك لەو زاراوانەدا واتایکی جیاوازی هەبوو بۆمان هەیە بەکەمێك دەسکارییەوە یا لکاندنی پاشگرێك یاووشەیێك تابێتە زاراوەیکی زیندو کە واتە وشەی «سەروا» کە لەزاری ئەردەڵانیەوە وەرگیراوە بیکەین بەزاراوەیکی کوردی نەتەوایەتی زیندوو بۆ، قافیەی، شیعری خۆماڵی کوردی لەبەر تیشکی ڕێبازی وەرگرتندا - هەروەها بۆ شیعری عەروزی کوردی کە لاسایی کەرەوەی عەروزی عەرەبیە کەوابوو بڕیاری ئێمە لەئاستی ئەم مەسەلەیە، ئەوەیە:

واتە مامۆستا کامل بصیر زاراوەی (سەروا)ی پەسەند کردوە جگە لە دوو زاراوەی دیکە [لەنگەرو - پێپەنجە] کە هێناونیتیەوە بۆ هەمان مەبەست. بەڵام ئەگەر بەدوورو درێژی باسی ئەم سێ زاراوەیە بکەین کاتێکی زۆرمان پێ دەوێ. بەڵام مامۆستا بە دوورو درێژی باسی لێ وەکردوو منیش بەکورتی تیشکێکی خێرای دەخەمە سەر. زاراوەی (لەنگەر) بریتیە لە ئاسنێکی قولاپی قورسی گەورە کە بەستراوە بە زنجیرێکی ئەستورەوە کەشتیوانەکان بەکاریان هێناوە بۆڕاگرتنی کەشتیەکانیان لە کاتی ڕاوەستانیاندا لە کەنارو بەندەرەکاندا.

بەمەش دەردەکەوێ ئەم زاراوەیە دوورە لەمەبەستی ئێمەوە. زاراوەی (پێپەنجە) دیسان بەهەمان شێوە دوورە لەمەبەستی [قافیە]وە[٦] بەڵام بەهەرحاڵ ئەم زاراوەیە [پێپەنجە]یە پتر دەشێ بکرێ بەپێوەرێ بۆ، برگەبەندی [تَقطِیع]ی هۆنراوەی فۆلکلۆری و برگەیی یەکان ئینجا بابێمەوە سەر باسی [زاراوەی سێیەم کە [سەروا]یە کە مامۆستا مەردۆخ بۆ یەکەم جار بەکاری هێناوە، بێگومان زۆریش نزیکە لە مەبەستەکەمانەوە هەرچەندە بە تەواوی مەبەستەکەی نەپێکاوە. بۆیە منیش بەحوکمی ئەوەی کە کوردی، زمانی زکماکمە، ئەومافەی داوەمەتێ کە بتوانم لە دەرگای ئەم باسە بدەم وە ڕاو، بۆچوونی خۆم دەربڕم تیشکێکی بخەمە سەر.

جاپێویستە بۆ ئەم کارە بگەڕێنەوە بۆ بنج وینەوانی ئەم وشەیە. بۆ ئەوەی بزانین لەسەر چ کێشەیێکە ئایە وشەیەکی زیندوە؟ دەشێ بۆ دەسکاری یا، نەچونکە ئەگەر بێژۆك - (شاذ) بوو یا نەگۆڕ (جامد) بوو - ئەوا ناشێ بۆ دەسکاری و شیکردنەوە بەڵام خودی ووشەی [سەروا] پێکهاتوە لە دوو کەرت: [سەر + وا] شتێکی ئاشکرایە ووشەی [سەر] ئەم چەند واتایە ئەگەیێنێ لە کوردیدا - [سەر - الرأس] [سەر - الفَوق] [سەر - بدایە] لەبەر ئەوەی تاکی وشە کەواتایێکی (قاصر) ناتەواو دەدات بەدەستەوە. بەڵام کاتێ لێکدەدرێت - یادەکرێ بەزاراوە وەکو [نرخ] -، نرخ + اندن، بێگومان

زاراوەش چەند جۆرو شێوەو. هەندێ جیاوازیش هەیە.

زاراوەی سادە = وەکوو [ئەفسانە] زاراوەی لێکدراو = وەکوو [ڕێنووس] زاراوەی سازکراویش = وەکوو لکاندنی ـ پێشگرو پاشگر بە وشەکەوە ئەوسا دەبێتە زاراوە.

وەکوو وشەی پاك کەبتەوێ بیکەی بەزاراوە: ـ (پاکـ + انە)، (تزکیە)، یا، ناپاك... هتد.

بۆ نموونە وشەی [سەر] کە بتەوێ دایڕێژی بۆ زاراوە دەبێ پاشگرێکی گونجاوی پێوە بلکێنی ئەوسا دەبێتە زاراوەیەکی زیندوو وە ئەگەر لەسەر بنچینەی ڕاستەقینەی خۆی دورست بووبێ، واتە: بەپێی، پێوان و لێکدان، (قیاس وترکیب، ئەم ڕێبازەش زۆر بەکار هاتوە تەنانەت، کۆڕی زانیاری کوردیش هەمان ڕێگەو ڕێبازی گرتوەتە بەر، ئەوی ڕاست بێ بەم شێوەیە دەتوانین ڕێگە لەدو دڵی و کاڵی و کرچی و ناتەواوی بگرین ـ نموونەی پێوانەکە [سەر + مەست]= [سەر + بەست] بەم جۆرە ئەم بنچینەیە دەکەینە پێوەرو سەنگ و پاسەنگ چونکە وشەی [سەر] مانایەکی دیارو سەربەخۆی [سەر + سام]= [سەر + کەڵاو] هتد..

بەم چەشنە کاتێ کە لەگەڵ پاشگری یا وشەیەکی دیکە لێکدەدرێت ئەوکاتە واتایەکی تەواو تێرو تەسەل دەدات بە دەستەوە چونکە وشەی [سەر + بەرز]... هتد.

هەر یەك لەم ووشانە واتایێکی دیارو ئاشکرای هەیە بەڵام پاشگری [وا] لەبەر ئەوەی چاوگەکەی نادیارو نەناسراوە لە بیژۆك دەچێت. لەبەر ئەوە زاراوەکەش ـ ناسازو ناتەواوو لەنگە پێویستی بەداڕشتن و ڕاستکردنەوە هەیە بەڵام وشەی [وەست] کە چاوگەکەی ئاشکراو دیارە ـ کە چاوگەکەی لە [ڕاوەستانەوە] هاتوە ـ گومانی تیانی‌یە پاشگری [وا] کە کەرتی دوەمی زاراوەکەیە هیچ مانایەکی دیار نادات بەدەستەوە، بۆیە مرۆڤ لە دڵدا هێشتا چاوەڕوانی شتێکی دیکەی لێ دەکا... بۆ نموونە.

وەکوو بڵێین [سەر + وا + لا] کەواتە دەبێ وشەیەکی لێ کورت کرابێتەوە...

هەر وەکوو لە پەندی[٧] پێشیناندا هاتوەو دەڵێ [شین و شایی دەستەوایی] ئەم بەڵگەیە مۆرکی ناتەواوی ئەو زاراوەیە ساغ دەکاتەوە چونکە وشەی [دەستەوا] کە گەڕایەوە سەر دۆخیانی ڕیشەو بنچینەی خۆی دەرکەوت کە پیتی (ی)ی لێ کورت کراوەتەوە وەلەوە دەچێ ئەم وشەیە لەڕیشەدا [دەستی تەبایی] بێ و گۆڕانی بەسەردا هاتبێ، بەڵام بەداخەوە بۆ دۆزینەوەی بنچ و بنەوانی ـ وشەی [سەر + وا] هیچ شوێن پێیکمان هەڵنەگرت تا بزانین [وا] لە چیەوە هاتوەو چی‌ی لێ کورت کراوەتەوە بەڵام بەپێی ڕاو بۆچوونم زاراوەی [سەر + وەست] کە دوو وشەی لێکدراوە هەر دوو وشە کەمانای تەواوو ڕاست و دورستیان هەیە پڕ بەپێستی خۆی مانا دەبەخشێ و مەبەستەکەیشی بە تەواوی پێکاوە لەبەر ئەوەی هەردو کەرتی زاراوە کە لەچاوگێکی زیندووەوە هەڵێنجراوە چونکە پاشگری [وەست] لە چاوگی [ڕاوەستان ـ وەستان]ەوە هاتوە پتر ڕووکاری زاراوەکە زیندوو ترو وڕازاوەتر دەکات واتایێکی ڕاست و ڕەوان دەخاتە ڕوو خۆی گەواهی خۆی دەدات. هیوادارم جێی خۆی بکاتەوە لەناو زاراوەکانی زمانی کوردیداو، ئەم کارەش کارێکی نوێ و بۆیەکەم جار نیە چونکە کۆڕی زانیاریش هەمان ڕێبازی پەیرەوی کردو بەم شێوەیە چەندین زاراوەی زانستی و ویژەی هتد... داڕشتووەو دایهێناوە لەسەر سەنگ و کێشی، ووشەیەکی دیکە ـ وەکو...

پاکەوان، لەسەر کێشی ـ باغەوان، منیش بۆ ئەم مەبەستە پشتم بە هەمان ڕیباز بەستوە پێویستە وشە یازاراوە دەبێ خۆی واتاو بەڵگەی ڕاستی خۆی بدات بەدەستەوە. وەکوو وتراوە، دەبێ ناو مانای ناونراوەکە بداتەوە بۆ نموونە وەکوو زاراوەی [بڵندڕو ـ بڵند + گۆ] = [بڵند + ڕو] لەسەر شێوەی [بڵندگۆ] بۆ مانای [مصعد] بەکارم هێناوە گومان لەوە دانیە کە زاراوەی سەروای مامۆستا کامل بصیر ناتەواوەو مانای تەواوی مەبەستەکەمان نادات بەدەستەوە تاڕاست نەکرێتەوە بەم شێوەیە [سەر + وەست، سەر + بەست،

سەر + مەست].

لێرەدا ئەم زاراوەیە لە دوای ڕاست کردنەوە خۆی لە خۆیدا ڕافەی خۆی دەکات و چەمکی [ڕاوەستان - تقفیة] دەگەیێنێ وەکوو سەربەندی گۆرانیو بەیتە فۆلکلۆریەکان و هەڵبەست و هۆنراوە - هەموی ڕادەگریو دەبێتە [پێش گیرەوەی] کاروانی وشەو درکەزیو سنووری هۆنراوەکە. دەست نیشان دەکات - کاتێ کە شاعیر شەیدای ووشە دەبێت و دەگاتە لوتکەی سەرکەشیو بەرز فڕی.

هەروەها لە هۆنراوەی [نەبەری - دەنگدارو برگەیی‌دا] دوا وشە [کۆپلە] کەدەبێتە هۆی دیاری کردنی [سەرەوەست]ی هۆنراوەکە. بەم شێوەیە دەبێتە بازنەی گەیاندن لە نێوان دوو نیوباڵی‌ی تاکە هۆنراوەکەدا و جیای دەکاتەوە لە پەخشان و لە ووتاری ئاسایی.

هەرکۆپلەیەك سەربەخۆدەبێت بەهۆی وشەی هاودەنگە هاوسەنگەوە. کە شاعیر هەڵیدەبژێرێت بۆ (سەرەوەست)ی هۆنراوەکەی - وەکو دەنگ - جەنگ هتد - بەم چەشنە سازو ئاهەنگیکی خۆشی مۆسیقایی پێ دەبەخشێو یەکسانیکی تەواو لەفۆرم و فۆنیم form - fonem دا پەیدا دەبێت.

هەر وەکو ئەخفەش[9] دەڵێ: [قافیە] = [سەرەوەست] دوا وشەی بەیتی هۆنراوەکەیە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە یەکێ دەپرسێ ئەم هۆنراوەیە یا ئەم چامەیە سەرەوەستی چیە؟... یەکسەر دوابەیتی هۆنراوەکە دەست نیشان دەکات..

خەلیل ئەحمەد فەراهیدیش[10] دەڵێ [قافیە = سەرەوەست] بریتیە لەدوا دوشەی هۆنراوەکە - هاوکێش و هاودەنگ و یەکسانی لە سەرەوەستەکاندا.

جون ستیکیلێ[11] لەو کتیبی (موسوعة المصطلح النقدی) دەڵێ کویلەی هۆنراوە بریتیە لەدو نیوە بەیت واتە دو کۆپلەی سەر بەخۆن. کەدو [سەرەوەست]. جیایان دەکاتەوە یایەك [سەرەوەست] دەیان بەستێ بەیەکەوە بۆ نموونە وەکو شاعیری مەزن مامۆستا هێمن[12] دەڵێ..

بەهار بوو فەصلی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە:
درۆیە گەر گوتویانە بە خونچەیەکیش بەهار نایە.

یا مامۆستا.. ع. ع. شەونم دەڵێ: -[13]

بیری ژەنگاوی مەبەست لەم ئاگرەی ئەیێنێتەوە.
لای وەهایە زێڕ ئەبێتە مس ئەگەر بتوێنێتەوە

هیوادارم ئەم باسە جێگەی خۆی بگرێ وە توانیبێتم بەم کارە خزمەتێکی زمانی شیرینی کوردیم کردبێ.

## سەرچاوەکان


١ - لسان العرب (قف) ل ١٥٠.

٢ - العمدة - ابو علی الحسن بن رشید القیروانی - تحقیق محمد محی‌الدین ل ٥٦ - الطبعة الرابعة بیروت ١٩٧٢.

٣ - الایقاع في الشعر العربي/ مصطفیٰ جمال الدین - الطبعة الثانیة، ل ٢٢.

٤ - الموازنة للآمدی، ابو القاسم الحسن بن بشیر الآمدی، ل ٤٥.

٥ - زاراوەی کوردی، کامل بصیر، لاپەڕە ٥٦،٥٧،٥٨.

٦ - گۆڤاری برایەتی ژمارە (١٠) ساڵی یەکەم ٩٧١ مامۆستا ئەحمەد هەردی.

٧ - پەندی پێشینان، مامۆستا شێخ محمدی خاڵ.

٨ - موسوعة المصطلح النقدی، القافیه،.. بروانە. ل، ٨٧، ٨٨، ٩١، ٩٢، ٩٤، ٩٧.

٩ - فن التقطیع والقافیة، ل ٢٠٧، ٢٠٩، صفاء خلوص بغداد ١٩٧٧.

١٠ - هەمان سەرچاوە.

١١ - موسوعة المصطلح النقدی - بغداد دار الرشید.

١٢ - دیوانی هێمن (تاریك و ڕون).

١٣ - ع. ع شەونم - دەفتەری کوردەواری ژمارە، ٣ مایس/ ٩٧٠/ ل، ٢٥.

١٤ - بروانە: فەرهەنگەکانی (ڕابەرو بابان و خاڵ و مەردۆخ.

# قاچاغ کاری یا بچووکی

(له گوڤاری «هیدا»وه وەرگیراوە)

نووسینی: فرات جەوەری
شوکور مستەفا

وەری‌گێڕاوەتە سەر ڕێنووسی کوردی عیراق و
فەرهەنگۆکی بۆ سازداوە

بووبێ ڕابوو سەر خوە، هەر دوو دەستێن خوە دانە پاش قوونا خوە ئو بەر ب پاجێ ڤە مەشی‌یا. قەدەرەکی وسان بێ دەنگ ل بەر پاجێ ڕاوەستا. ژ ناوی دیسان گۆت:

- باڤێ من کووچـك بە، ئەز هەو د ڤی هوندری دە دسەکنم. ئەز هەو کانم ب ڤێ کووچکایی‌یا خوە زاروێن تە خوەدی بکم! ڤە بلا دلێ تە ب مە بشەوتە، جا چ دبە؟

بووبێ ب سەردە قیری‌یا:

- ما ئەزێ چ بکم، کەچێ؟

- ما خەلك گش چ دکن؟

- بێ خەلکێ پەرێن وان هەنە، خەلك دەولەمەندن!

ژنکێ بەرێ خوە گوهەرت ئو دیسان گۆت:

- بێ من ئەز نزانم، ئەز هەو کانم د ڤێ مالێ دە بسەکنم.

پشتی کو بووبێ جگارەك پێچا ئو ڤێخست، گۆت:

- ئەزێ دیسان هەرم خوە بئاڤێژمێ، ڤە بەلکی کارەکی ب من ژی دە.

- کوڕۆ، وەللەهـ ئەو تو کاری نادە تە، ئەو تەنێ تە دخاپینە!

بووبێ هێرس بوو، دەستێ خوە ل دیوێر خست ئو گۆت:

- ما ئەز وەکی دن چ بکم، ئەز ب کو دە هەرم؟ ئەز هەرم، خوە بئاوێژم کێ؟ هـ؟.. کا تو بێژە، تو ئاقلەکی بدە من!

ژنکێ دەستێن خوە ل با کر ئو گۆت:

- لێ لێ! ئەز ئێقـل بدمێ، ئەزێ ئێقـل ب مێـرێ خەراب دم!

بووبێ بوو وەکـە ئیسـۆتێ. پەهینەك دوو پەهین ئاڤێت ژێ دە ئو ب دەنگەکی گور ب سەر دە قیری‌یا:

- گەر کو تو ئاقل نادی من، د کاری من دە ژی خەبەر مەدە.

زمانێ خوە وەکە زمانێ کووچکان درێژ مەکە!

هەردوو بێـسـکێ بێ دەنـگە مان. لێ تەنێ دەنگێ نیسکینا ژنکێ دهات.

ژنکێ ژی کەربان ئو ژ قەهران نکانی بوو گری‌یێ خوە بسەکناندا. ژ وێ ترێ بوو، کو مێرێ وێ ژ قەستێ کار نەدکر. لێ کار تونـە بوو. مێـرێ وێ سبـەهان زوو ڕادبوو سەر خوە ئو هەیا ب ئێڤاری ل بازێڕ ل کار دگەڕی‌یا. لێ وی دکـر نەدکـر ئو کار ب دەست نەدکـەت. داوی داوی چوو بازنێ ژنا خوە فرۆت ئو سەرەك کارکەرەك ل کارگەهێ بەرتیل کر، دا کو کار بدیێ. لێ وێ سەرەك کارکەری ئەو هەر ڕۆژ دخاپاند ئو تو کار نەددایێ. بووبێ هەر ڕۆژ وسان بۆلی - پۆشمان ئو ب ستووخواری ڤەدگەڕی‌یا مالێ. هەر

chalakmuhamad@gmail.com

کو ئەو وسان بێ کار ئو بێ پەرە ڤەدگەڕیا مالێ، ئەو ئو ژنا خوە پەڤ دچوون ئو خەبەر ئو گۆتنێن نەمایی ژ هەڤ رە دکرن.

ژنکێ پشتی کو ب داوا خوە هێسرێن خوە ئو پوزێ خوە پاقژ کر، ڕابوو سەر خوە ئو بەر ب دەرگووشا لاوێ خوە مەشییا.

ژ گری چاڤێن لاوك سۆر بووبوون. ژنکێ ئەو ڤەکر، ژ دەرگووشێ دەرخست، خستە هەمێزا خوە ئو پێسیرا خوە خستە دەڤێ وی.

گاڤا کو دەڤێ لێڤك کەتە پێسیرێ، لاوك ئاش بوو ئو هەو گرییا. ژنکێ ئیجارێ خوە دا سەر کەڤنکەکی ئو ڕوونشت. دوورە لاوێ خوە خستە ناڤ هەردوو چیپێن خوە ئو ئەو هەژاند.

بوویێ پشتی کو جگارە خوە د خوەلیدانکێ دە ڤەمراند، سەرێ خوە خستە ناڤ چۆکێن خوە ئو فکری. دکر نەدکر تو ڕێ ژ هەڤدوو دەرنەدخست. گەلۆ چ بکرا؟... چەند جاران ل شێلاندنا بانکێ فکری. ل دزییێ فکری. لێ دیسان دەڤ ژێ بەردا ئو ڕامانا خوە گوهەرت. لێ کو بهاتا گرتن، هنگی کی دێ ل ژن ئو زارۆکێن وی بنهێرینا؟ ئەوێ دناڤ خەلکێ دە ڕەزیل ببوویا. خەلکێ بگۆتا: «بوویێ ژ بۆ دزییێ هاتییە گرتن» کو ناڤێ دزییێ بهاتا سەر کێ، مالا وان وێران دبوو، تو کەسی سلاڤ نەددانە وان. ژ بەر ڤێ یەکێ بوویێ ژ ڤان ڕامانان پڕ ب دوور کەت.

پشتی کو قەدەرەکی سەرێ وی د ناڤ چۆکێن وی دە ئو بێ دەنگ ما، دوو ڕە جگارەك پێچا، ب جگارە پێچینێ ڕە گۆت:

- کەچێ، من ژ تە ڕە گۆت، باژار ژ مە ڕە نابە، ئەم نکانن ل باژاران بژین. تە ب ئا من نەکر.

- ما منێ چ ب ئا تە بکرا؟ هون هەر تم ل بەر هەڤ بوون. ما ڤەی کوشتن ژ بارکرنێ چێتر بوو؟

بوویێ وا هەبکی ب هێرس گۆت:

- کوشتن؟... دێ وی کووچکێ برایێ تە ئەز بکوشتاما؟

وی بێ نامووسێ سەرپیرەك؟ کەچێ، من کانیبوو چارکا ژنا وی بەرەپاش بدا سەرێ وی. ما ب ئا تە ئەو ژێ مێرە ئو کانە مێران بکوژە؟

ژنکێ تو بەرسڤ نەدا، تەنێ کرە ئیسکین ئو ب داوا خوە پوزێ خوە پاقژ کر. بوویێ دیسان گۆت:

- هە... تو وی کووچکێ برایێ خوە ژێ پەیا دهەسبینی؟ ژ تە رە وە یە کو ئەو سەگێ برایێ تە ژ کانە مێران بکوژە؟

ئەو ژنا ئاغێ یە، کەچێ! ژنا ئاغێ...

ژنا وی ل بەر وی گەڕیا. ب قوونکشکێ بەر ب وی چوو ئو سەرێ خوە دانی سەر ملێ وی. لێڤێن وێ وەکە یێ زارۆکان دلەرزین ئو هێسرێن وێ ب سەر هناریکێن وێ دە دهاتن خوارێ. قەدەرەکی وەلێ بێ دەنگ مان. دوو ڕە بوویێ دەستێ خوە ئاڤێت چەنگا وێ ئو بەرێ وێ ب خوە ڤەکر.

بیسکێ ل چاڤێن هەڤدوو نهێرین ئو ڕابوون سەر خوە ئو هەڤدوو هەمبێز کرن. دووسێ جاران وسان ل سەر هەڤ هەڤدوو هەمبێزکرن ئو کوور کوور ل چاڤێن هەڤدوو نهێرین.

پاشێ بوویێ ئەو بەردا ئو دیسان چوو بەر پاچێ ئو ل دەرڤە نهێری. ژنا وی ژێ دا دوو وی ئو ئەو ژ پاش دە هەمبێزکر. ل دەرڤە سێ چار زارۆك دلەیستن. پشتی کو بوویێ بسکێ ل وان زارۆکان نهێری، دوو ڕە ل ژنا خوە زڤڕی ئو ئەو هەمبێزکر.

ژنا وی ژێ هەیا کو ژێ هات خوە لێ پێچا.

ئەو هەمبێزکرنا وان، تام وەکە حەفت سال بەرێ بوو. حەفت سال بەرێ ژی هەڤدوو وسان هەمبێز کربوون.

لێ ب ساو ئو ترس. ئەو هەردەم دترسیان. ئەو هەمبێزکرنا ل چیێ ئو د شکەفتێ دە بوو. هنگی گاڤا کو ب هەڤ ڕە ڕەڤییابوون، ئاغێ دوو پەیایێن خوە ئو برایێ ژنکێ ب دوو وان خستبوو، دا کو وان بگرن ئوینن ژ ئاغێ ڕە. ژ بەر کو ئاغێ دێ ژنك ژ لاوێ خوە ڕە

بخوەستا. لێ دلێ ژنکێ کەتبوو بووبێ ئو وەختێ ل سەر بووبێ دین ببوویا. ژ بەر کو مالا باڤێ بووبێ فەقیر بوون ئو تو ئەرد ئو هاتنا وان تونە بوو، باڤێ ژنکێ ئەو نەددایێ. کو دل بکرا ژی، دیسان ئاغێ نەدهشت. ئاغێ ژ باڤێ ژنکێ رە گۆتبوو: «بلا هەیا تە ژ قەهرا ڤیزا تە هەبە. وەللەهـ ئەو ب هنان رە باز دە، ئەزێ ئێگر ب مالا تە بخینم». ئاغێ ب خوە زانی بوو، کو دوور نێزیك، دێ کەچك ب بووبێ رە باز دە. لێ وەلحاسل پەیایێن ئاغێ بووبێ ب دەست نەخستن. بووبێ پشتی کو مەهرا خوە ل گوندەکی دن بری، ئێدی بارکرن بازێر. ژ دیا ژنکێ ئو مالا باڤێ بووبێ پێ ڤە، تو کەسی نزانیبوون کو بێ ئەڤ بەشەر ب کو دە چوونە.

پشتی کو هەڤدوو تێر هەمبێزکرن ئو خوە ل هەڤدوو پێچان، بووبێ ژنك بەردا ئو بەر ب دەرگووشا لاوێ خوە ڤە چوو. لاوك ژ دەرگووشێ دەرخست، خستە هەمبێزا خوە ئو دووسێ جاران هۆل کر هەوا ئو گرت. پشتی کو بیسکێ ب لاوك رە لەیست ئو حەنەك پێ کر، دوو رە دا دەستێ ژنکێ ئو گۆت:

- ئەمۆ، ما تو زانی کو ئوسێ جیرانێ مە چ کاری دکە؟ ما تو زانی کو ئەو ڤان پەران ژ کودەرێ تینە؟ ما تو زانی کو وی ئەڤ تەخسی، سارنج ئو تەلەڤیزیۆن ب چ کرییە؟

ئەمۆ ملێن خوە هەژاند ئو گۆت:

- نۆ.

- لێ، ئوسۆ قاچاخ کەرییێ دکە. شەڤا وی نە کێمی دوو هەزار لیرانە. تە ڤێهم کر، دوو هەزار لیران..

ئەمۆ ل بەر وی گەرییا:

- نەبە، نەبە، بووبێ! ئەز د بەختێ تە ئو خوەدێ دە مە، قاچاخ ماچاخێ مەکە! تو دبینی، کو هەر شەڤ تەقینە. ما تە نەبهیست، کو وێ رۆژا هان دوو کەسان خوەستبوون کو کەرییەك پەز دەرباسی بن خەتێ بکن، لێ ئەسکەران ل وان تەقاندبوون، داوی داوی هەردوو ژی هاتبوون کوشتن ئو ئەسکەران مەیتێن وان ئاڤێتبوون دوو ترمپێلان خوە. ئەو وسان ب مریتی هەیا ب بازێر ب دوو ترمپێلێن خوە دە کشاندبوون. گاڤا کو خوەدییێ وان چووبوون سەر وان، ئەو ناس نەکربوون. تەنێ نیڤێ لاشێن وان ما بوون.

بووبێ ب تلییا خوە یا گردکێ سمبێلێ خوە ژ دەڤێ خوە دەرخست، کر نچەنچ ئو گۆت:

- ئەهـ . . . نا کەچێ، ما ژ تە ترێ کو ئەزێ هەرم کەرییێن پەزان دەرباسی بن خەتێ بکم! دینا خوە دێ! تشتێ کو ئەز دبێژم، بارکێشییە. خوەدییێ مال ئو ئەسکەر بازارا خوە دکن ئو دوو کەس ب سیلاح ل نك ئەسکەران هەبە دێ ئەسکەر چاوان کانبن بەرا بارکێشان بدن ئو وان بکوژن؟ ژ تە وە یە. کو هەما ئەز هەرم ئو بێمە کوشتن. ئەز ئێشێ خوە ژ تو تشتێ نابنم. ئەزێ تەنێ بارێن خوە بکێشینم ئو پەرێن خوە بستینم. ما ئەڤ دوو سالێن ئوسۆ یە کو ڤی کاری دکە، چما نەهاتە کوشتن؟...

ژنا وی دیسان ل بەر وی گەرییا، ب نەرمی ئو ب ستووخواری ژێ رە گۆت:

- بووبێ، خوەدێ جارەکێ مالا مرۆڤ وێران دکە. وەللەهـ تو ب ئا من بکی، پارسێ بکە ئو قاچاخ ماچاخێ

بووبێ سەرێ خوە کل کر، ئو گۆت:

- ب ڕاستی ژی ئاقلێ پیرەکان تونە یە. کەچێ ڤە پەیڤێ ڤێهم بکە! ئەز ژ تە رە دبێژم، کو تالووکا ڤی کاری تونە یە، تو هینا ژی پتپتێ دکی. کو تالووکاك د ڤی کاریدا هەبە ژی، تەنێ لێڕاست هاتنە.

د ڤێ ناڤێ دە لاوکێ وان گرییا. ئەمۆ دووسێ جاران دەستێ خوە ل قوونا وی خست ئو پێسیرا خوە خستە دەڤ. دوو رە ژ بووبێ رە گۆت:

- بووبێ، گەر کو تو ل من نافکری، ل ڤێ تفالێن ئو براێن وی بفکرە. مالا مە وێران مەکە!

بووبێ سەرێ خوە کل کر ئو ب سەر دەقیرییا:

کەچێ، تە ئەز ژ نها دە خستمە گۆرێ. ما تە خێرە، کو تو ڤێ پتەپتێ ب سەر من دە دکی؟

ژنکێ هەو دەنگێ خوە کر، ڕابــوو سەر خوە، لاوکێ خوە خستــە دەرگــووشێ ئو هەژانــد. پشتی کو لاوك ب خوەرە چوو، ڕابوو چوو تەشتا هەڤیر ژ سەر تەختێ فراخان داخست، دووسێ مست ئارد بەردا بنێ تەشتێ، ڕوونشت ئو هەڤیرێ خوە کر.

بووبێ ژی جگارەك نوو پێچا، ڤێخست ئو دەرکەت دەرڤە.

تاخا کو ئەو لێ ڕوودنشت نوو ئاڤا بووبوو. هەما هەما هەموو خانییەك ڤاتی ئو ب پەرەکێتان هاتبوون لێ کرن. خانــی فرك بوون. یەك ل ڤر، یێ دن تاا ل دەرا هانــێ بوو. ئەردێن ڤالا، یێن کو د ناڤا وان خانییان دە مابوون ژی، هەموو هاتبوونە فرۆتن. یێن کو چەند کەڤر ل شوونا ئەردێ خوە دانیبوون ئو یێن کو ڤورەك دوو ڤۆر ئەساسێن خانییێن خوە ئاڤێتبەون. پشتی سالەك دوو سالێن دن دێ ببوویا تاخەکە بوو د باژێر دە. مالا وان نێزیکی پرا ئالمان بوو. ئەو چەمێ کو د بن پرا ئالمان دە دخەرکی ئو دچوو بن خەتێ، نێزیکی مالا وان بوو. هاڤین بوو. گاڤا کو دبوو بەردەستێ ئێڤارێ هێنکاییەك دکەتە وێ دۆرێ، مرۆڤ دگۆت، ڤەی بوهارە. نەکو تەماما باژێر وسان هێنکایی دبوو.

ئەو هێنکایی ژ بەر نێزیکاهییا چەم بوو. هەر ئێڤار زارۆکێن وێ تاخێ ل مەیدانێ ب تۆپێ دلەیستن. جارنا ژێ زارۆك ژ چەم، ژ ئاڤژەنییێ ڤەدگەریان، لنگێ خوە ل تۆپێ دخستن ئو بەر ب مەیدانا تۆپێ دچوون. هەموو پیــرەکێــن تاخێ ژی، بەردەستێ ئێڤــارێ نانێن خوە ل تەنــوورێ دخســتن. هنگی دەنگێ گرییێن زارۆکــان ئو دەنگێن بانگێن چەند دیکان ژ دهات. بووبێ چاڤ ل ڤان چار پێنج پەیایێن کو ل بەر سیا دیوێر ڕوونشتبوون کەت. دێ خوە ل جڤــاتــێ گرت، چوو نك وان، سلاڤ دا ئو ڕوونشت. گشان ب هەڤ ڕە سلاڤا وی لێ ڤەگەراندن. پاشێ ب دۆرێ گشان ژێ ڕە گۆتن:

- مەر...با.

- جیــران، تر ڤان ڕۆژان نەخــوویــا بووی، ما تو ب دەرنان دە چوو بووی؟

بووبێ پشتی کو جگــارە خوە ب بنێ شەکــالا خوە ڤەمراند، گۆت:

- ئەرێ وەللە جیران، ئەز بەر ب کەرت‌وێنێ ڤە چووبووم.

- چما خێر بوو؟

- خێر بوو جیران، ژ بۆ کار بوو.

- ئوسۆ کەنییا. ل چڤاتێ زڤری ئو گۆت:

- کارێ جیرانێ من بووبێ نابە. ڤی باژێری نسێبینێ، یێ مەزن دهێلە، دهەرە ل گوندان، ل کار دگەڕە. (دوو ڕە بەرێ خوە ب بووبێ ڤەکر ئو ژێ پرسی).

ما ئەو چ کار بوو، جیران؟

- کارێ جەنانییێ بوو، لۆ. جەنانییێ پەمبوو...

- ئێبێ.. ما تە تە چما دۆم نەکر.

قاســۆ جگارا کو پێچــا بوو درێژی بووبێ کر. بووبێ جگارە گرت ئو گۆت.

- ئاپێ قاسۆ، ما تو ژ نەخوەشییا خوە چاوان بووی؟ من بهیست کو تو چوو بووی سەر دۆکتور.

قاسۆ سەرێ خوە ب ئالییەکی دە خوار کر ئو گۆت:

- وەلە برازێ ئەز وەکە بەرێمە. دۆکتور عەمەلییاتا من دخوازە، لێ بوهایە، قەوەتا من ناگهێژێ.

- ما دۆکتور نابێژە نەخوەشییا تەچییە؟

- کەڤر د گۆرچکێن من دەیە..

مەمۆ پەیڤا وی بڕی ئو گۆت:

ئاااپێ قققاسۆ، ژژژژبۆ کککەڤر ببیسیرا باشە. ببیــسیرا ڤڤڤخوە.

پاشێ مەمۆ پاش گوهێ خوە خوراند ئو کەنییا.

مەمۆ حەبکی لالکی بوو. گاڤا کو دپەیڤی زمانێ وی تم ل هەڤ دگــەڕییا. عەمرێ مەمۆ د دۆرا بیستان دە بوو. قاما وی درێژ ئو زەییف بوو. کنجێن وی تم پینەکری ئو پەرتال پەرتالی بوون. جارنا ل ناڤ تاخێ خواس دگەریا. پۆزێ وی تم مەقــەسکــری بوو. سەرێ وی بچــووك ئو گوهێن وی مەزن بوون. د وێ تاخێ دە تو کەس ژ مەمۆ

نەدخەبیدی ئو دلێ خوە ژێ نەدگرتن.

ئوسو بەرێ خوە ب مەمو ڤە کر ئو گوت:

- مەمو، ڤان قەشمەرییان مەکە. دێ ئاپێ قاسو چاوان ڤەخوە؟ پشتی کو مەمو سوێلا خوە خست بن پیێن خوە ئو پال دا، گوت:

- وووەلللەهـ ئەزززز رررراست ددددبێژم بیبیرا ژژژ بو کککەڤر بیبیاشە.

قاسو دا بە شاشمایی ژێ رە گوت:

- کورو بیرا چیە مەمو؟ ئەڤ بێناموس ڤالا ئاراقی ماراقی بێ دکە ئان... بوویێ پەیڤا وی بری:

- نا ئاپو، نا! بیرا ئاڤجەهـە. ژ ئاڤا جەهـ چێ دبە. وەلە من ژێ بهیستیە، کو بیرا ژ بو کەڤر باشە، لێ ئەز نزانم راستە ئان دەرەوە.

د وێ ناڤبەرێ دە عەڤدکو سلاڤ دا وان ئو روونشت.

پشتی کو هەمـوویـان سلاڤا وی لێ ڤەگەراندن، قاسو حەنەك پێ کر ئو گوت:

- کورو عەڤـدکـو، تو هەو ل مە دپرسی، ها! ڤەی تو ژی دەولەمەند بوویی؟

- نا وەلـە ئاپێ قاسو. چ دەولـەمـەنـد ئو چ حال. ب زورێ روژ د سەر مە دە دەرباس دبە.

ئیجار بوویێ ژێ پرسی:

- عەڤدو من بهیست کو تو ل ئەدەنێ کار دکی. ما ل وێ کار تونەیە، لو؟...

عەڤدکو سەرێ خوە کل کر ئو گوت:

- نا جیران، کارێ چ حالێ چ...

بوویێ دیسان گوت:

- وەللەهـ ئەز راست دبێژم، گەر کو ل وان دەدان کار مارەك هەبە ئەزێ ژێ بێم.

- نا وەلە جیران تو کار تونەیە. ئاڤاهیا کو ئەم تێ دە کار دکـن ڤێ سالا وەرە ئەوێ بیـسـت کارکـەران ژێ دەربخینن. ئەز ژخوە ژ خوە ژێ دترسم.

ئەز دترسم کو من ژێ دەربخینن.

پشتی وەختەکێ ژنا بوویێ ب تەشتا نێن د بەر جڤاتێ رە دەرباس بوو ئو گوت:

- نا هون نانێ گەرم ناخون؟

قاسو ب دەڤکەنی گوت:

- بەلێ وەلـە کەچـا من. هەلا تو ب خیـرا باڤێ خوە کەڤەکێ ب ئاپێ خوە دە.

ئەمو تەشتا خوە ژ سەر ملێ خوە داخست، دانی سەر چوکا خوە، نانەك ژێ دەرخست ئو درێژی قاسو کر. قاسو ئەو نان کرە دوو پەرچە، پەرچێ دن درێژی ئەمو کر ئو گوت:

- رەحما خوەدێ ل دێ ئو باڤێ تە بە!

ئەمـو ژێ ژ جهێ خوە پەکیـیـا، ئەو پەرچێ دن ژ دەستێ ئەمـو گرت ئو ب ڤەرتـان کشیـایێ. دوو رە وەختا تشتەك بگوتایا، لێ ئوسو پەیڤا وی بری ئو نەهشت کو بپەیڤە.

ئەمو ژ قاسو پرسی:

- من ژ بیـر کر کو ئەز بپـرسم، ئاپێ قاسـو، ما گەلـو نەخوەشیـا تە چاوان بوو؟

قاسو هەر دوو دەستێن خوە بەر ب هەوا ڤەکر ئو گوت:

- ئەز ل بەر رەحما خوەدێمە!

- خوەدێ شڤا خوە ل تە بکە، ئاپێ قاسو. دوو رە تەشتا نانێ خوە دانی سەر ملێ خوە ئو بەر ب مال ڤەمەش یا.

ئیدی هێدی هێدی تاری دکەتە ئەردێ. زاروکێن کو ب توپێ دلـەیستن، پیـرەکێن کو ل سەر تەنـوورێ نانێن خوە لێدخستن هێـدی هێـدی ئەو ژێ وندا بوون. پەیایێن کو ل بەر دیـویـر روونشتبوون ژێ رابـوون سەر خوە ئو هەر کەس بەر ب مالێن خوە ڤەچوون.

پشتی شیڤێ بوویێ ژ ژنا خوە پرسی:

- ئەمو، ما ئەم بیسکێ نەرین مالا مالا جیرانێ خوە ئوسو؟

ئەمـو ب راکرنـا فراخـان مژوول بوو. پشتی کو سفرە راکر، گوت:

- باشە، وێ چاخێ ئەز لێوك شیر بدم، دوو رە ئەم هەرن.

پشتی کو زکێ لێـوك ژی تێر کر لاوك خستـه هەمبێـزا خوە، دا دوو بوویێ ئو دەرکەتن.

هەر دوو لاوکێن وان یێن دن چوو بوون مالا ئاپێ خوە.
بوویێ ل بەر دەڤێ دەری ژ ژنا خوە پرسی:

- ما زاروك وەرن ئەوێ زانبن کو ئەم ل مالا ئوسۆنە؟
- کو ئەو وەرن ئەمێ وان ببینن.

مالا وان نێزیکی هەڤ بوون. د ناڤ مالا وان دە تەنێ دوو خانی هەبـوون. گاڤا کو گهیشتن بەر حەوشێ، ژنـا ئوسـۆ ئەو دیتن، چوو پێشی‌یـا وان، لاوك ژ دەستێ ئەمۆ گرت ئو ب هەڤ رە کەتن هوندر.

ئوسۆ جگارا وی د دەست دە بوو، ل سەر دۆشەکێ پال دابوو ئو ل تەلەڤیزیۆنێ دنهێری.

بوویێ حەنەك کر ئو گۆت:

- ما هون مێڤانان ڤەدحەوینن؟
- مێڤان مێڤانێن خوەدێنە. دوو رە ژ جهێ خوە رابوو ئو جهـ دا وان.

بوویێ دەرباسی سەر دۆشەکێ بوو. ئەمۆ ئو ژنا ئوسۆ ژی ل ژێـری وان روونـشتن. پشتی کو ئوسـۆ جگـارە ئیکرامی بوویێ کر، ل ئەمۆ زڤری ئو گۆت:

- ماشاله لاوکێ وە مەزن بوویە، ما ناڤێ وی چی‌یە گەلۆ؟

ژ بەردێلا ئەمۆ بوویێ بەرسڤ دا:

- ناڤێ وی شۆرەشە. لاوێ قاسۆ ئەڤ ناڤ لێ کری‌یە.
- شۆرەش ناڤـەکێ پر خۆشـە، ما تو زانی، بێ مانـا، شۆرەش چی‌یە؟
- ئەرێ وە، ئەز چاوان نزانم.

د وێ ناڤبەرێ دە نووچەیێن تەلەفیزیۆنێ دەست پێ کر. ئوسۆ رابوو سەر خوە ئو هەبکی دەنگێ وێ بلند کر. پشتی کو ل نووچەیان گوهداری کرن، ژنا ئوسۆ چایێ ئانی بەر وان. ب چایێ ڤەخارنێ رە بوویێ ژ ئوسۆ پرسی:

- جیران رجەکە من ژ تە هەیە.

ئوسۆ ڤەدەحا د دەستێ خوە دە دانی ئو ب شاشمایی گۆت:

ئەستەغفیروللا جیران، کەرەم بکە!

- تو زانـی کو ئەز بێ کارم ئو تو کار ب دەسـتێـن من ناکەڤە. خوەدێ‌یێ خێنێ هەر رۆژ کری‌یا خوە دخوازە.

ئوسۆ پەیڤا وی بری ئو گۆت:

- ئێێی، جیران!
- گەلۆ ما تویێ نکانبی ل نك خوە کارەکی ژ من رە ژی پەیدا بکی؟

ئوسۆ جگارەك ئیکرامی وی کر ئو یەك ژی ڤێ خست.

پشتی کو قورتەك ل چایا خوە خست، گۆت:

- وەلـە جیـران، د ڤێ دەمێ دە حەبکی دژوارە. لێ چاوان... ئەمێ دیسان ژی کانبن ژ تە رە کارەکی پەیدا بکن.

وان وێ ئێڤارێ حەیا ب دەرەنگ شەڤ بهوورکی‌یا خوە ل مالا ئوسۆ دەرباس کرن.

پشتی وێ د دووسێ رۆژان، شەڤەکێ ئوسۆ ل دەری‌یێ وان خست ئو گۆت:

- جیران، رابە خوە کار بکە، ئەمێ ئیشەڤ داکەون بن خەتێ!

گاڤا کو بوویێ دەنگێ ئوسۆ بهیست، هەما زوو ژ ناڤ نڤینـێـن خوە پەکی‌یـا، کنجێن خوە ل خوە کر، راهشت وەریسێ خوە، دەرکەت، دا دوو ئوسۆ ئو لەزاند.

گاڤا کو ئەمۆ هشیار بوو ئو ل ناڤ نڤینێ بوویێ نهێری، بوویـێ نەدیت. ل سەر نڤینێ وی روونشت ئو ب حەیـا دەرەنگێ شەڤێ ژێ رە دوعا کر.

شەڤ رەش ئو تاری بوو. ژ خوە گاڤـا کو ل نسـێبینێ شەڤ وسـان رەش بوویـە، خەلکێ دگـۆتن «ئیشـەڤ شەڤا قاچاخچەرانە». شەڤ وسان رەش بوو نە ژ شەوقا لامپێن هن مالان بوویا، مرۆڤ نزانیبوو کو تو کەس ل وێ تاخێ دژین.

گاڤا کو ژ چەم دەرباس بوون، گهیشتن نك هەڤکارێن خوە یێـن دن. تام چل حەب بارکـێـشێن قاچـاخێ د ناڤ ئەردێ نك پرا ئالـمـان ل هەڤ کۆم بوویـوون. پشتی کو بیسکێ ل هەڤ روونشتن ئو رێ‌بەران (رێ‌زانان) شیرەت

ئوسۆ، بوویێ ئو بارکێشێن دن هەمـوو دەست ڤالا بوون. ژ بەر ڤێ یەکێ ئەو مەجبوور مان کو باز بدن ئو جانێن خوە خەلاس بکن. هەموو بارکێشان باز دان، خوە ئاڤێتن پاش گرکەکی نێزیکی ڤامیشلۆ ئو خوە خەلاس کرن. لێ ڕێبەر د ناڤا لەشکەران دە ما. وی ئو لەشکەران هەر ل هەڤ دتەقاندن. پشتی دەمەکە کورت، وی ژی خوە ب بازدانێ گهاندە نك بارکێشان. وێ شەڤێ هەموو دەرباسی بن خەتێ بوون.

بوویێ وسان پۆشمان بووبوو، کو ئەو د ژیانا خوە دە تو جاران وسـان پۆشمان بووبوو. وی بیسکێ ژنا خوە ئو پەیڤێن وێ ئانینە بەر چاڤێن خوە: «بوویێ خوەدێ جارەکێ مالا مرۆڤ وێران دکە. وەلەهـ تو ب ئا من بکی، پارسێ بکە ئو ڤاچاخێ مەکە. بوویێ، گەر تو ل من نافکری، ل ڤێ تفالی ئو براێن وی بفکرە، مالا مە وێران مەکە».

د ڤێ ناڤبەرێ دە ئوسۆ تشتەك گۆت، لێ بوویێ فێهم نەکر، ڤەجنقی ئو پرسی:

- چ، ما تە تشتەك گۆت، جیران؟

ئوسۆ زانیبوو، کو بوویێ ترسیایە. ژ بەر گاڤا کو شەڤا پێشی ئەو دەرباسی بن خەتێ بووبوو، ئەو ژی وسان ترسیابوو.

وان د عەینی شەڤێ دە مال دەرخستن. نە د جهێ بەرێ دە، لێ د جهەکی دووری بازێر دە. دەرخستنا مال تەنێ دوو سەعات کشاند ئو مال هەموو چای بوو.

بوویێ سەعات د چار پێنجێ سبەهێ دە ڤەگەڕیا مالێ.

هێدی بەری کو کەسی هشیار بکە، دەری ڤەکر ئو کەتە هوندر. ئەو هەزار ئو پێنج سەدێ کو کار کربوو خستە بن بەهلیڤا خوە ئو ئەقلی کنجان خوە ئاڤێت نڤینا. هەما کو خلماش بوو، خەون دیت. لێ چ خەون؟ خەونەك وسان، کو ئەو دناڤ تخووب دە ئو بێ هەڤال مەڤال ما بوو. لەشکەران هەر ل وی دتەقاندن ئو ددانە سەر پشتا وی. لێ وی دکر نەدکر نکانی بوو باز بدا، گاڤێن وی ل هەڤ دەگەڕیان ئو دکەتە خوارێ. داوی داوی لەشکەران نێزیکی لێ دکرن ئو یەکی ژ لەشکەران گولە داڤۆت بەر تڤەنگا خوە کو بەردیێ. لێ بوویێ کرە قیڕین ئو هشیار بوو. ب قیڕینا وی رە ژنا وی ژی هشیار بوو. گاڤا کو بوویێ دیت کو خەونە، هەما خوە ئاڤێت ژنا خوە ئەو هشك هەمبێزکر.

ژنا وی عەجێب مایی ما ئو ژێ پرسی:

- چی‌یە، بوویێ؟ ما چ قەومی؟ ما نە تویێ ئیشەڤ بچوویا بن خەتێ؟

بوویێ کەسەرەك کوور بەردا ئو ژکێڤ ئو هەیەجانان هێسر ژ چاڤێن وی هاتن. دوو ڕە بەهلیڤا خوە بلند کر، ئەو هەزار ئو پێنج سەد لیراێن کو کار کربوو نیشانی ژنا خوە دا ئو دیسان ئەو هەمبێزکر.

**ڤەرهەنگۆك**

کووچك: سەگ. هوندر: ژوورەوە. کانم: دەتوانم.
زادو: منـدال. پەرە: پارە. بەرێ‌خـوە گوهـەرت: بەری‌کرد‌بەلایـەوە ئاوڕی‌دایـەوە. پشتی‌کـو: پاش ئەوەی. ڤێخست: دای‌گیرساند. تۆکاری: هیچ کارێ.
تەدخـاینـە: هەڵت دەخـەڵـەتێنێ. هێرس بوو. تووڕەبوو.
خوەدێ‌بکم: بەخێوبکەم.
دیوێر: دیوار
خوە بئاڤێژم کێ؟: ڕوو لە کێ بکەم؟
ئێقل: ئەقل
ئیسۆتێ: ڤاوی گرگرتوو
پەهین: لەقە، پێ‌لەقە
گور: ڤاییم
بیسکێ: قەدەرێ
ئیسکین: هەنسکەهەنسك
کەرب: خەم وخەفەت
ژوێ تڕێ‌بوو: پێی وابوو
هەیا: حەتا، تاوەکوو
بازێر: شار

ل وان کرن، ڕابوون سەر خوە ئو هەر نەهـ دەهـ حەب ب
دەرەکێ دە چوون.

ب هەر رەفەکێ رە ڕێبەرەك ئان دوو ڕێبەر هەبوون. ڕێبەر ئەو بوون، کو بارکێش ژ تخووب دەرباسی بن خەتێ دکرن. ژ بەر کو د ئەردێ ناڤبەرا بن خەتێ ئو سەرخەتێ دە مایین (بۆمبە، قەمبەرە) هەنە. ئان ئەم کانن بێژن، کو د ئەردێ ناڤبەرا نسیبینێ ئو قامیشلۆ. سالێ بێ هەژمار قاچاخ کەر د ناڤ وان تخووبان دە تێنە کوشتن، یێن کو ب گولەیێن ئەسکەران ئو یێن مایین ب وان دتەقن ئو تێنە کوشتن. پرێن وان ژی سەقەت، کولەك ئو ب لنگەکێ دمینن. گاڤا کو مرۆڤ دهەرە نسیبینێ، مرۆڤ پر کەسێن کو ب لنگەکێ ئو ب داران دمەشن، دبینە. ئەو هەمووژی د ناڤا تخووبان دە ل وان وسان هاتی‌یە. ئەرێ خەلك ژ وان رە دبێژن، قاچاخ کەر. لێ ب ڕاستی ئەو نە قاچاخ کەرن. ئەو ژ بارکێشان پێ ڤە نە تو تشتن. قاچاخ کەر ئەون، کو شەڤێ ب ملیۆنان مال ژ بن خەتێ دەردخینن. ئەو ب خوە ژی ل مالێن خوە ڕوودنێن ئو لنگێن خوە دئاڤێژن سەر هەڤ. ئەو تەنێ ب پەرێن خوە دکن. یێن کو تێنە کوشتن ئو سەقەت دمینن، بارکێشێن پەلەنگازن.

گوروویا بوویێ ئو ئوسۆ خوە د بن پرێ دە بەردان ئو بەر ب تخووب ڤە مەشیان. ژ خوە تخووب نە دووری باژێر بوو. گاڤا کو یەکێ بیانی بهاتا نسیبینێ، وان نزانیبوون کو نسیبین ئو قامیشلۆ دوو باژێرن. ژ وان ترێ بوو، هەردوو باژارەکن ئو تخووب مخووب د ناڤبەرا وان دە تونەیە.

پشتی دەهـ پانزدەهـ دەقیقان ئەو گهیشتن بەر تخوو ب ئو خوە ل ور قەدەرێ دەقیقەکێ دانە ئەردێ ئو ل ڕێبەر گوهداری کرن.

وێ شەڤێ دێ خوەدی‌یێ مال سەرێ بارکێش دوو هەزار لیرە بدایا وی. پشتی کو ئەو ژی چەنداکی بچوویا بهاتا ئو ژێهاتی بوویا، دێ دوو هەزار بدایا وی ژی. لێ هەزار ئو پێنج سەد ژی. لێ هەزار ئو پێنج سەد ژی دیسان ژ بوویێ رە نە هندك بوو. گاڤا کو بهیست کو ئەوێ هەزار ئو پێنج سەدێ بستینە، کێڤا وی هات ئو د دلێ خوە دە گۆت:

«کو ئەز شەڤێ هەزار ئو پێنج سەد لیران کار بکم، نە هندکە. کریا خانی‌یێ من یا دوو مەهان دەردکە ڤە ئو ئەزێ ژ ئەمۆ ئو ژ زارۆکان دە ژی هنەك کنج منج بکڕم ئو ژ خوە دە ژی کیسەك تتوون....».

بوویێ پر پۆشمان بووبوو، کو هەیا نها ئەڤ کارێ ب پر پەرە نەکربوو. وی بیسکێ ژی هن خەیال مەیال ئانینە بەر چاڤێن خوە.

بەرێ کو ل تێلان بخن ئو دەرباسێ بن خەتێ ببن، دیسان ڕێبەرێ وان ژ وان رە گۆت:

- د ڤێ کو هون قەت گاڤێن خوە شاش مەکن ئو ژ سەر شۆپا من شاش مەبن ها!

پێشی ڕێبەر کەلەشنیکۆڤا خوە ئاڤێت ملێ خوە، ب مقەسا کو مرۆڤ پێ تێلان دبرە، تێل بری ئو هەموو یەك ب یەك دەرباس بوون.

هەموو کەتن ڕێزێ ئو ل دوو هەڤدوو ب قولووسی مەشیان. لێ دلێ هەموویان ب ترس بوون. ئوسۆ ئو بوویێ ل هەرێ داوی‌یێ بوون. پشتی کو ب چەند گاڤێن باش دناڤ تخوویێ بن خەتێ دە مەشیان، ئوسۆ هێدی ژ بوویێ رە گۆت:

- جیران، تو لنگێن خوە نەئاڤێژە ها! ژ سەر شۆپا من دانەگەرە.

بوویێ ب ترس ل دوو هەموویان، بەیی کو گاڤێن خوە شاش بئاڤێژە دمەشیا. پشتی کو نەهـ دەهـ دەقیقان وسان چوون، ژ نشکێ ڤە کۆزکەك لەشکەران ل پێشی‌یا وان دەرکەت ئو ل وان تەقاندن. ڕێبەرێ وان ژی هەما خوە ل سەر زك ئاڤێت ئەردێ ئو وی ژی ل لەشکەران ڕەشاند. شانسێ وان هەبوو، کو ئەو ژ ئەردێ ب مایین خەلاس بووبوون. ئوسۆ ژ بەر کو زوو دە ئەڤ کار دکر، ب ڕەوشێ زانیبوو. وی هەما خوە ئاڤێت دەستێ بوویێ ئو ب هەیەجان گۆت:

- جیران، تو ب دوو من دە!

وسان: بەوجۆرە، ئاوها
پۆلی پۆشمان: پەشیمان، پەژیوان

ستووخواری: مل کەچی، لارەملی
پەڤ دچوون: دەگژ یەك ڕادەچوون، بەگژ یەکا دەچوون

ژ هەڤ ڕەکرن: بە یەك گرتن
دەرگووش: لانك

هەمێز: باوەش
پێسیر: مەمك. بەواتا دیەخەو بەرۆك) هاتووە

لێڤك: ساوا
ئاش بوون: ژیربوونەوە

کەڤنك: پەڕۆوپاتاڵ
دوورە: پاشان

چیپ: ناوڕان (ڕان)
هەژاندن: ڕاژەندن

خوەلی‌دانك: خۆڵدان (تەنەکەی خۆڵ)
ڤەمراندن: کوژاندنەوە، تەمراندن

دکر نەدکر: هەرچەندی دەکردو دەکۆشا
توڕێ ژ هەڤـدوو دەرنـەدخست: هیـچ ڕێـیـەکی لێـك جوێ

نەدەکردەوە. سەرەودەری بەدی نەدەکرد.
گەلۆ: داخوا، ئاخۆ، کوڕینە، خەڵکینە، گەلی براینە.

بانك: بانق
شێلاندن: بڕین (بانق بڕین)

ڕامان: بیرکردنەوە، (تأملات)
گوهەرتن: گۆڕین
تەب ئا من نەکر: تۆ بە گوێی منت نەکرد

هەبکی: (حەبەکی) نەختێ، کەمێ

کانیبوو: توانیبووم
چارك: چارۆکە (چارکاژنا وی..) کیفایەیە لە ئابروو بردن.

کانە: دەتوانێ
بەرسڤ: وەرام، وەڵام، چواو

پەیا: پیاو
دەمسپێی: حسێودەکەی

کانە مێران بکوژە: دەتوانێ پیاوان بکوژێ
قوونکشکێ: قنگەخشکێ

هێسر: فرمێسك
هناریك: گۆنا، ڕوومەت

وەلێ: بەوجۆرە
کوور کوور: قووڵ قووڵ

دلەپستن: یاری‌یان دەکرد
زڵڕی: گەڕایەوە

هەپاکو ژێ‌هات: ئەوەندی توانی
ساو: سام

گاڤاکو: وەختێ‌کە
ڕەڤی‌بابوون: هەڵاتبوون

دین: شێت
هاتن: داهات، دەوامەت

هۆل کر هەوا: هەڵی‌دابۆ حەوا
حەنەك: گەمە

تەخسی: تەکسی
سارنج: (ئارەوانە) تومبێل

تلی: پەنجە، سەری پەنجە

ژتە تریٚ: لە تۆ وایە، پێت وایە

دیناخوە دیٚ: سەرنجی خۆتی دەیێ، بنۆڕە

بارکێش: حەماڵ

بازارا خوەدکن: شت ومەکی خۆ لە بازاڕ دەکڕن.

پارس: دەرۆزە، سواڵ

کل کرن: شۆڕکردن

پەیڤ: قسە

فێهم: فام

تالووکە: مەترسی، خەتەر

قۆر: ساف، ڕێز (سافی بناخەی خانوو)

هێنکایی: فێنکی

تاخ: گەڕەك

ئاڤژەنی: گۆلاو

سیا: سێبەر

ب دۆری گشان: بە نۆرە گشتیان

جەنابی: چنین

قاماوی: قامەتی ئەو، بەژنی ئەو

خواس: پێخواس

پۆر: قژ

نەدخەییدی: تووڕە نەدەبوو

ئاڤجەهـ: ئاوجۆ

دەرباس دبە: دەگوزەریٚ

ئەدەنە، ئەدەنیٚ: ناوی شارێکە لە تورکیا

نێن: نان

جڤات: جەماعەت

دەڤکەن: بزە، زەردەخەنە

شیڤ: پاش نوێژان، شام

ژ بەردیل: لەبری، لەجیاتی

نووچە: بەرنامە

رجە: رجا، تکا

شاشمایی: سەرسوڕمان، واق وڕمان

کری: کریٚ

قورت: فڕ، قوم

شەڤ بهوورك: شەوبێری

کنج: جل و بەرگ

وەریس: گوریس (پشتێن)

نسێبین: شارێکی کوردەواری‌یە لەسەر سنووری تورکیاو عیراق و سووریا.

شیرەت: نەسیحەت، ڕیٚ‌بەبەدیٚ‌یی، ڕیٚ‌نموونی

ڕەف: بڕ

قامیشلۆ: قامیشلی، شارێکی کوردەواری‌یە لە سووریا

تخووب: سنوور، سەرحەد، کەوشەن

ژێهاتی: لێهاتوو، بەدەست وبرد

تتوون: تووتن

شۆپ: شوێن پیٚ، (أثر) پەی

شاش: هەڵە

ژنشکیٚڤە: لە ناکاو

دەست ڤالا: دەست پەتی

گوك: گر دۆڵکە

بەهلیف: سەرین، پشتی، بالیف

فرك: پەرت وبڵاو، شاش

خوەدی: خاوەن

نەخوویا: نائاشکرا

قولوسی: ماتەمات

تەڤلی کنجان خوە: هەروا بە جلەکانیەوە

خلماش بوو: هەلاژیا، خەو چووە چاوی

کەسەر: خەم

چیرۆك

لە ئەفسانەی بیگانەوە

# کوڕی ماسی گرەکەو گولدۆری ماسی

chalakmuhamad@gmail.com

و. د. کاوس قەفتان



ماسی گرێك هەبوو، رۆژێك چووە سەر رووبارەکەو قولاپەکەی توورداییە ناو ئاوی رووبارەکەوەو پاش ماوەیەك بەماسی یێکەوە هێنایە دەرەوە. ماسی یەکە ماسی یێکی وەها ئاسایی نەبوو. ماسی یێکی جوان بوو، لەوانەی ناوی گولدۆر بوو. لەتەوقی سەری یەوە تا کلکی بەگول داپۆشرابوو. ماس گرەکە دڵی خۆش بوو و ماسی یەکەی گرت و بەخۆشی یەوە سەیری ئەکردو هەستی کرد خۆش ئەوێت. بەڵام لەناکاو ماسی یەکە لەدەستی دەرچوو و خۆی فڕێ دایە ئاوی رووبارەکەوە.

ماسی گرەکە ئەوە نەبوو شێت نەبێ. لەوساوە شەووڕۆژ لەسەر قەراغی رووبارەکە دائەنیشت و قولاپەکەی توور ئەدایە ئاوەکە. بەو نیازەی ئەمە خوایە هەمان ماسی بگرێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ماسی یێکی زۆری گرت بەڵام هیچیان ماسی یە گولدۆرەکە نەبوو. بەم جۆرە ماسی گرەکە قەراغی رووبارەکەی بەجێ نەهێشت هەتا رۆژێك لەسەر رووبارەکە مرد.

ماسی گرەکە کوڕێکی هەبوو، ئەو کوڕەی کە گەورەبوو لەدایکی پرسی:

ـ کاتی ئەوە هاتووە فێری پیشەیەك ببم. پێم بڵێ باوکم پیشەی چی بوو؟ حەز ئەکەم پیشەکەی باوکم فێر ببم.

ـ ئای کوڕم ـ دایکی وەڵامی دایەوە ـ مەڵێ باوکت پیشەی چی بوو؟ هەوڵ بدە پیشەیەکی تر بۆخۆت بدۆزیتەوە.

بەڵام کوڕەکە وازی نەهێناو ئەیویست فێری پیشەکەی باوکی بێت.

ئەوسا دایکە هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:

ـ ئەگەر ئەتەوێ بزانیت چی باوکتی لەناو برد، بڕۆ سەیرێکی سەربانەکە بکە.

کوڕەکە کە چووە سەربانەکە، قولاپێکی ماسی گرتنی بەدی کرد.

ـ کەواتە باوکم ماسی گر بوو ـ کوڕەکە وتی ـ دەیسا منیش حەزئەکەم ببمە ماسی گر.

قولاپەکەی هەڵگرت و کەوتە پاك کردنەوەیو ژەنگ لەسەر لابردنیو چەورکردنی. بەیانیش بەدایکی وت:

- چەند خەپلەیەکم بۆ ئامادە بکە چونکە ئەچم بۆ راوەماسی.

- ئۆی کورە خۆشەویستەکەم، تکامە مەچۆ بۆ راوە ماسی. توخنی رووبارەکە مەکەوە - دایکە بەپارانەوە پیی وت و هەوڵی دا پەشیمانی بکاتەوە بەڵام کورەکە پەشیمان نەبۆوە. دایکە خەپلەکانی بۆ ئامادەکردوو بەدەم گریانەوە رەوانەی کردوو وتی:

- کورەکەم زوو وەرەوە.

کورەکە چووە سەر رووبارەکەو قولاپەکەی تووردایە ئاوەکەوە، قولاپەکە چووە خوارێو پاش ماوەیەك کەوتە لەرزین کورەکە قولاپەکەی راکێشا، قولاپەکە ماسی یێکی گرتبوو، بەڵام چۆن ماسی یەك؟

ماسی یێکی گولدۆر بوو. لەسەری یەوە تاکلکی بەگوڵ داپۆشرابوو، گوڵەکان لەبەر تیشکی رۆژدا ئەبریسکانەوە. لەجوانیا وێنەی نەبوو. کورەکە ماسی یێکی گرت و خستیە ناو پارچە پەرۆیەکی تەڕەوەو بەرەو ماڵەوە بەهەڵەداوان گەرایەوە.

- دایە وەرە سەیرکە چیم گرتووە - بەقیرەوە وتی - وەرە خێرا سەیرێکی بکە، ماسی گوڵدۆرە.

دایکە کە ئەمەی بیست سەری سوورما، بەس کە ماسی یەکەی دی دووئەوەندە سەرسوورماوی دای گرت. چونکە جوانی یەکەی جوانی یەکی بێ هاوتا بوو.

- ئەم ماسی یە بۆ ئەوە نییە لێ بنرێت. باشتر وایە بیخەینە ناو حەوزەکەی بەدەرگاوە. - دایکە ئەمەی وت -.

ماسی یەکەیان خستە ناو حەوزەکەوە، ماسی یەکەش بەپێستە رەنگاو رەنگەکەی مەلەی ئەکردوو لەبەر تیشکی رۆژدا بەهەزار رەنگ ئەدرەوشایەوە. ماسی یەکەیان ئەوەندە خۆش ویست هەموو رۆژ چەندجار ئەچوون سەیریان ئەکرد. دراوسێیەکانیشیان بانگ کرد سەیری ئەو ماسی یە بێ هاوتایە بکەن، ئەوانیش ماسی یەکەیان خۆش ویست و هەموو رۆژ ئەهاتن و سەیریان ئەکرد، لەسەیرکردنی تێر نەئەبوون. هەتا ئێوارە دانەهاتایەوەو ماسی یەکە نەچوایە بنی حەوزەکە بنوێ بەجێیان نەئەهێشت.

بەرەبەیان لە دەرگای ماڵی کوڕی ماس گرەکە درا. کە چوو و دەرگاکەی کردەوە، خزمەتکارەکانی پادیشا وەستابوون. سەرتاپا دامان چەك رێژ بوون.

- پادیشا زانیوێتی کەتۆ ماسی یێکی گوڵدۆرت گرتووە، جوان نازداری وەکو خۆی لەجیهاندا نییە - خزمەتکارکانی پادیشا وتیان - جەنابی فەرمانی داوە بێ وەستان ماسی یەکە بەرێت بۆ کۆشکەکەی.

کوڕی ماس گرەکە هەر ئەوەی بۆمایەوە ماسی یەکە بخاتە ناو مەنجەڵێکەوەو سەرەکەی بە بارچە پەرۆیەك داپۆشێت و بیبات بۆ کۆشکی پادیشا. پادیشا فەرمانی دا ماسی یەکە بخەنە ناو حەوزەکەیەوە. ماسی یەکە لەناو حەوزەکەدا مەلەی ئەکردوو لەبەر تیشکی رۆژدا بە هەزارو یەك رەنگ ئەینوان. پادیشا بەخۆشییەوە ئەیروانییە ماسی یەکەو بەشانازییەوە ئەیووت:

- کەس لەم جیهانەدا ماسی یەکی وەهای نییە. لەم جیهانەدا شت نییە لەم ماسی یەکی جوان تر بێت.

پادیشا فەرمانی دا، حەوزێکی هەشت سووچی دروست بکرێت. حەوزەکە بەبەرگێکی هەمەرەنگ رازانرابێتەوەو لەپێست دروست کرابێت، بۆ ئەوەی بۆ هەموو شوێنێك هەڵ بگیرێت. پادیشا فەرمانی دا خزمەتکارەکان ئەو حەوزە بۆ هەموو لاو شوێنێك هەڵ بگرن. بێگومان ماسی یەکە لەو حەوزەدا گەلێك جوان تر ئەینوان.

رۆژێك پادیشا میوانێکی لەوڵاتێکی دوورەوە بۆهات. پادیشا ماسی یەکەی پیشانی میوانەکەداو وتی:

- لەجیهاندا هیچ شتێك لەم ماسی یەی من جوان تر نییە، ئیتر لەوە زیاتر چیم بوێ؟

- بەڵێ با پادیشا هەمیشە شادو دڵ خۆش بێت -

میوانەکە وەڵامی دایەوە ـ راستە کەس ماسی یەکی لە ماسی یەی ناو ئەم حەوزەی جەناتیان نییە، بەس کچەکەی پادیشای چین و ماچین لەم ماسی یە جووان ترە. جا ئەگەر کچەکەی پادیشای چین و ماچین بەگوارە زێڕینییەکانیەوە لەتەك ئەم ماسی یەدا دابنرایە ئەوە ئیتر هیچی ترت نەئەویست.

دڵ تەنگی پادیشای داگرت. وەزیرەکان و کاربەدەستانی کۆشکەکەی بانگە کردوو داوای لێ کردن بێ وەستان کچەکەی پادیشای چین و ماچین گووارەی زێڕ لە گوێی بۆ بهێنن.

وەزیرەکان و کاربەدەستانی کۆشك بەسەر سوورماوی یەوە سەیری یەکتریان ئەکردو نەیان ئەزانی چی بکەن، لەبەر ئەوەی نەیان ئەزانی ئەم میرزادەیەی چین و ماچین لەکوێ یەو چۆن بیدۆزنەوە. ئەوسا کوڕی ماسی گرەکەیان بیرکەوتەوە، ئەوەی ئەو ماسی گولدورەی گرت و وتیان:

ـ لەو بەولاوە کەسی تر پێی ناکرێت شازادەکەی چین بدۆزێتەوە.

چونکە هەر ئەو بوو کە ئەو ماسی گولدورەی دۆزییەوە.

بەم جۆرە کوڕی ماسی گرەکەیان هێنایە لای پادیشا. پادیشا داوای لێ کرد شازادەی چین و ماچینی بۆ بدۆزێتەوە، ئەوەی لە ماسی گولدور جووان نازدارترە.

ـ ئەوە چیە ل جێ خۆت چەقیوی؟ ـ پادیشا قیرانی بەسەریا ـ دەی خێرا بڕۆ ئەو شازادەیەم بۆبهێنە، ئەگینا لەسەرت ئەدەم.

کوڕی ماسی گرەکە ماڵ ئاوایی لەدایکی کردوو قاچەکانی بەرەو کوێ بردی بەرەو ئەو شوێنە کەوتەرێ.

ڕۆشت و ڕۆشت. لەرێگا (کاووشوك)ی[1] بەدی کرد. بەقاچی هەڵی گەرانەوە. لەناکاو لەبن کاووشەکەوە مێروولەیەکی گەورە هاتە دەرێ و وتی:

ـ سوپاست ئەکەم، چونکە رزگارت کردم. ئەم کاووشە منی داپۆش و وام زانی ئەوە کۆتایی ژیانمە. ها ئەوە سمێڵەکانم وەرگرە، لە ڕۆژ و کات و ساتی خوێندا بیسووتێنە، ئەوسا ئەگەم بەفریاتا.

کورەکە سوپاسی کردوو تاوە موووەکانی سمێڵی هەڵ گرت و بەسووچێکی دەسەسرەکەیەوە بەست.

پاش چەند ڕۆژێك کوڕی ماسی گرەکە گەیشتە رووبارێك. لەسەر ئەو رووبارە دیوێك وەستابوو، قاچێکی لەم بەری رووبارەکە قاچەکەی تری لەوبەری رووبارەکە دانابوو. لە کوڕی ماسی گرەکەی پرسی:

ـ هەی غەریبە لەکوێوە هاتوویت؟

ـ من لەو وڵاتەوە هاتووم کە ڕۆژ هەمیشە لێی ئاوا نابێت.

ـ هەی کاکی ماسی گر، ئەو کەسە ناناسیت کە ماسی یە گولدورەکەی گرت؟

ـ دێوەکە پرسی ـ.

ـ من ئەو ماسی گرەم.

ـ من چاوەڕوانی تۆ بووم. ـ دێوەکە بەخۆشییەوە هاواری کرد ـ ئەمە ساڵەهای ساڵە لەسەر ئەم رووبارە چەقیوم. پێیان وتم هەر کاتێك ماسی گرێك هات کە ماسی یەکی گولدۆری راوکردووە، ئەوساتە سەرفراز ئەبیت. دەی وا ڕۆژی ئازادبوون هات، ئێستەش پێم بڵێ بۆ کوێ ئەچیت؟

ـ ئەچم بەشوێن شازادەی گوارەی زێڕین لەگوێدا ئەگەڕێم، کچی پادیشای چین و ماچین ـ ماسی گرەکە وەڵامی دایەوە ـ. ئەگەر ئەتوانیت یارمەتیم بدە لەم رووبارە بپەڕمەوە.

دیوەکە نووشتایەوەو دەمی خستە ناو ئاوی رووبارەکەو کەوتە ئاو خواردنەوە، پاش ماوەیەك هەموو ئاوی رووبارەکەی هەڵ لووش و رووبارەکەی وشك کرد. ئەوسا ماسی گرەکە بەئاسانی پەڕییەوەو هەر پاش ئەوەش دێوەکە

ئاوەکەی کردەوە ناو ڕووبارەکەو لەگەڵ ماسی گرەکەدا کەوتنەڕێ.

ڕۆشتن و ڕۆشتن، پاش چەندرۆژێك گەیشتنە بناری گردێك پاڵەوانێك لەوێ وەستابوو، (کێتمێنیکی) بەدەستەوە بوو. (وەك گورز وایە - وەرگێڕ). یەك جار دای بە گردەکەدا، نیوەی گردەکەی رووخان. دێوەکەو ماسی گرەکە لیێ نزیك بوونەوەو سلاویان لیٚ کرد.

- ئێوە لەکوێوە هاتوون و بۆکوێ ئەڕۆن؟ - لیێ پرسین -.

- من لەو وڵاتەوە هاتووم کە هەمیشە ڕۆژی لیٚ ئاوا نابێت و بەرەو وڵاتی چین و ماچین ئەڕۆم. ئەمەوی شازادەی گوارەی زێرین لەگوێ بدۆزمەوە - ماسی گرەکە وتی -.

- ئەگەر لەوڵاتەوە هاتوویت، ئایا لاوێکی ماسی گر ناناسیت کە ماسی یەکی گولدۆری ڕاوکردووە؟ - پاڵەوانەکە پرسی -. (یان گورز بەدەستەکە پرسی - وەرگێڕ).

- من ئەو ماسی گرەم!

- ئای.. باش بوو دووایی هاتیت.- پاڵەوانەکە بەهاوارەوە وتی -. من چاوەڕوانی ئەم ساتە بووم، چاوم لەرێگابوو و چاوەڕوانی تۆم ئەکرد.

ئەمە ساڵەهای ساڵە پێشەم ئەوەیە ئەکێشم بەم گردەدا لایەکی لیٚ ئەکەمەوە دووایی ئەیخەمەوە جێگای خۆی. پێیان وتم ئەو ڕۆژەی ماسی گرێك دێتەئێرە، ماسی یەکی گولدوری گرتووە، ئەو ڕۆژە سەرفراز ئەبیت و ئەتوانی گورزەکەت بخەیتە سەرشانت و لەگەڵیا بڕۆیت.

ماسی گرەکە پیٚ خۆش بوو پاڵەوانیکی وەها بەتواونا بیێتە دۆستی.

هەرسێکیان کەوتنەڕێ. چەندرۆژ ڕۆشتن، دووایی لە دوورەوە مەنارەیەکیان بەدی کرد.

- ئێ.. ماسی گر، ئەمە ئەو شوێنەیە کە بۆی هاتویت. ئەمە شاری پادیشایە.

کە نزیك تر بوونەوە منارەیەکیان بەدی کرد بەرز بە ئاسمان چووبوو.

یەك پارچە بەبەردی ڕەنگاو ڕەنگ داپۆشرابوو. لەسەر منارەکە دەهۆڵ ژەنێك بە دەهۆڵێکەوە وەستابوو، لەخوواریشەوە یاساوڵێك وەستابوو شیرێك بەکەمەریا شۆڕبووبوە.

کە لە یاساوڵە سەرماش و برنجەکە نزیك بوونەوە، ماسی گرەکە بەرێزەوە سلاوی لیٚ کرد. یاساوڵەکە لیێ پرسی:

- تۆ کێیت و لەکوێوە هاتوویت و چیت ئەوێت؟

- من لەو وڵاتەوە هاتووم کە ڕۆژی لیٚ ئاوا نابێت، هاتووم بۆ دیدەنی شازادەی گوارەی زێرین لەگوێ - کوری ماسی گرەکە وتی -.

- گەلێك لاوی وەك تۆ بۆ ئەم نیازە هاتنە ئێرە بەڵام بەدەستی بەتاڵەوە گەرانەوە - یاساوڵەکە وتی -

- باوکە، تکایە پێم بڵیٚو ڕێگام پیشان بدە چۆن خۆم بگەیینمە پادیشا.

- کوری ماسی گرەکە وتی -

- من دەرگاکە ئەکەمەوە، لەسەر دیوارەکە نووسینێك ئەبینی مۆری پادیشای لەسەرە. ئەو نووسینە بریتییە لەسێ داخوازی ئەوەی ئەیانهێنێتە دی کچی پادیشا دەست ئەخات. بیخوێنەرەو بیر بکەرەوە: ئەوەت لەدەست دێت یان نا؟ ئەوسا سەرکەوەرە سەر منارەکەو سێ جار لەدەهۆڵەکەدا بکێشەو چاوەڕوان بە.

کوری ماسی گرەکە چووە ژوورێ، نووسینەکەی خوێندەوەو خێرا سەرکەوتە سەر منارەکەو دارێکی هەڵگرت و وەها قایم دای بە دەهۆڵەکەدا، دەهۆڵەکەی پارچەپارچەکرد. دەنگی دەهۆڵەکە ئەوەندە گەورە بوو لەوانەبوو گوێ کەڕ بکات. پادیشا خەبەری بۆوەو داوای کرد پیٚ وەستان دەهۆڵ ژەنەکەی بۆ بەرن.

- ئافەرین.. مادام لە دەهۆڵەکەت دا دیارە مەرجەکانم چاویان نەترسا نوویت .- هەزارەها هەوڵیان دا ئەم

مەرجانەم بەرنەسەر بەڵام بۆیان نەکرا - پادیشا وتی - تۆ هێشتا لاویت بۆیە داوات لێ ئەکەم پەشیمان بەرەوە.

- چی ئەبێ بابێت - کوڕی ماسی گرەکە وتی - من لەوانەنیم کە پاشگەز ئەبنەوە. چاوم لەوەیە بە شازادەی گوارەی زێرین لەگوێ شادبیم.

- بەس ئاگات لەوەیە کە داخوازییەکانم چەند قورسن؟

- پادیشا وتی - بیربکەرەوە: ئەبێ لە ناو بانیۆ لەمس دروست کراوەکەمدا بنوویت، کە لەتاو داغ بوونا سوور هەڵگەراوە. بەدرێژایی شەو لەناویا بنوویت. ئەمە یەکەم مەرجە. ئەبێ پێش خێراترین وشترم بکەویت. ئەمەشیان مەرجی دووهەممە. ئەبێ کۆمەڵێك دانەوێڵەی هەمەجۆرم وێڵەیەك لەماوەی یەك شەودا بۆ ئامادە بکەیت.

ئەمەش مەرجی سێهەممە.

- لاریم لەم مەرجانە نییە - کوڕی ماسی گرەکە وەڵامی دایەوە - بەس تەنیا یەك داخوازیم هەیە.

- ئەو مەرجەت بڵێ.

- دوو هاوڕێم هەیە، ئەتوانم لێیان جیانەبمەوە؟

- لەگەڵ کێدا ئەبیت بیە، ئەمە بەلای منەوە گرنگ نییە.

- پادیشا وتی - گرنگ ئەوەیە مەرجەکانم بەجێ بهێنی.

پادیشا فەرمانی دا، کوڕی ماسی گرەکەو هاوڕییەکانی بەرن بۆ ئەو ژوورەی بانیۆ داغ بووەکەی لێیە. گەرمایی ناو بانیۆکە لەوەدا نەبوو، زۆر گەرم بوو، بۆیە کوڕی ماسی گرەکە هاواری لێ هەستا:

- زۆر گەرمە وا ئەسووتێم.

پاڵەوانی ئاو هەڵ لووشەکە، لە زووەوە ورگی خۆی پڕکردبوو لە ئاو. خێرا گەیشت بە فریایاو ئاوی فێنکی رژانە ناو بانیۆکەوە، ئاوەکە وای لێ هات شلەتێن بێت.

سبەینێ هاتن و سەیری بانیۆکەیان کرد. سەرسوورماندن دایگرتن، کوڕی ماسی گرەکەو هاورێکانی ساغ و سەلیم مابوونەوە. هەر ئەو ساتە ئەوباسە بەناو میللەتدا بڵاو بۆوە کە کوڕی ماسی گرەکە گرەوی یەکەمی بردەوە.

ڕۆژی دووهەم پادیشا فەرمانی دا ڕەسەن ترین وشترەکانی بۆ بهێنن کە هێنایان یەکێك لە خزمەتگارەکانی خستە سەرپشتی و کونەیەکی دایە. کونەیەکی تریش دا بەکوڕی ماسی گرەکەو وتی:

- لێرەوە هەشت فرسەخ بیرەو بگەرە دەریاو بگەڕێرەوە بەس بە مەرجێك پێش وشترەکە بگەیتەوە ئێرە. کونەکەش پڕ ئاوبکە.

بەم جۆرە کەوتنە رێ. هەر ئەوەندەی لەشار دووركەوتنەوە گورز بەدەستەکە کە لەگەڵیا کەوتەرێ، دووجار گورزەکەی راوەشان بەکەفلەکونێك دووشاخ لەبەردەم وشترەکەدا قوت بوونەوە. هەتا وشترەکە بەسەر شاخەکاندا سەرکەوت و هاتەخوارێو گەیشتە دەریا، کوڕی ماسی گرەکە زووتر گەیشتە سەر دوریاو کونەکەی پڕکرد لەئاوو گەرایەوە. هەر ئەو ساتەش گورزبەدەستەکە شاخەکانی لابردوو کوڕی ماسی گرەکە چەند سەعاتێك پێش پێش وشترەکە گەیشتە لای پادیشا. ئەمجارەش ئەو باسە بڵاوبۆوە کە کوڕی ماسی گرەکە مەرجی دووهەمیش بردەوە.

ڕۆژی سێهەم، پادیشا فەرمانیدا هەمەجۆری دانەوێڵە تێکەڵاو بکرێت، گەنم و جۆو گەنمەشامیو بەکوڕی ماسی گرەکەی وت:

- ئەم شەو تا بەرەبەیان ئەم دانەوێڵانە لەیەك جیابکەرەوەوبە کۆمەڵی جیاجیا دایان بنێ. وریاش بە یەك دانە نەکەوێتە ناو کۆمەڵێکی ترەوە.

- ئەم کارە مەگەر هەر بەمێروولە بکرێت - ئەمەی بەدەنگێکی بەرز بە دەورویشتەکەی وت -.

ئەم وشانە مێروولەیەی بیر کوڕی ماسی گرەکە خستەوە کە وەختی خۆی رزگاری کرد.

کە شەو داهات و هەموو ڕۆشتن، کوڕی ماسی گرەکە دەستی بردە سمێڵی مێروولەکەی لەپشتێنەکەی دەرهێناو هەڵی کروزاند.

---

هەر ئەوەندەی بڵێی یەك ودوو لەلایەوە درزێك پەیدابوو، لەو درزەوە مێروولە هاتە دەرێ. ئەوەندە زۆربوون لەژماردن

نە ئەهاتن. گورج وگوڵانە کەوتنە گیانی دانەویڵەکان.

بەیانی پادیشا لەگەڵ وەزیرەکانیا هاتن، ئەوە نەبوو لەتاوا بەلادا نەیەت کەدی مەرجی سێهەمیش بەجێ‌هاتووە. ئەمجارەش خێرا دەنگە بڵاوبووەوە کە کوڕی ماسی‌گرەکە ئەوەی گورجانە هەموو شتێك بەجێ ئەهێنێ مەرجی سێهەمیش بردەسەر. میللەت دڵی بەمە خۆش بوو.

پادیشا فەرمانی‌دا جل وبەرگی رێگا بۆ لاوەکە ئامادە بکرێت بۆ شایی بکەونە خۆیان.

- گەورەم پادیشا، من هەژارم و ئەبێ خۆم بووك هەڵبژێرم و بووکەو هەمو خشڵەکانی بۆ پادیشا بەرم.

پادیشا ئەم قسانەی بەدڵ بوو، بۆیە فەرمانی‌دا گەلێك کەنیزەك لەگەڵ کاروانێك دیاری لەگەڵ کچەکەیدا بنێرێت.

کوڕی ماسی‌گرەکە بەخۆیو بووکی پڕخشڵ و هاوڕێیەکانیەوە کەوتە رێ.

رۆشتن و رۆشتن، لەناکاو گەیشتنە شاخێکی بەرز. پاڵەوانە گورز بەدەستەکە یەك دووجار گورزەکەی راوەشان، شاخەکە تەخت بوو و رێگایەکی راستی هاتە شوێن.

- ئێستەش هەی هاورێی خۆشەویست کاتی ئەوەهات خواحافیزی لەیەك بکەین - پاڵەوانە گورز بەدەستەکە وتی - زۆرم پێ‌خۆش بوو توانیم خزمەتت بکەم هیوامە هەر شادبێت و جاروبار یادم بکەرەوە. کوڕی ماسی‌گرەکە زۆری پێ ناخۆش بوو دەست بەرداری هاورێیەکی وەها بێ‌هاوتا بێت، بەڵام چارنەبوو. بەو جۆرە لەیەك جیابوونەوە.

پاش چەند رۆژێك کوڕی ماس گرەکەو کاروانەکەی گەیشتنە رووبارێکی قووڵی پان. پاڵەوانە دەریالووشەکە قاچێکی لەم بەری رووبارەکە داناو قاچەکەی تریش لەوبەر داناو نووشتایەوە بەسەر رووبارەکەداو کەوتە ئاو خواردنەوە. پاش ماوەیەك تنۆکی لێ‌بڕیو بنی رووبارەکە دەرکەوت. کوڕی ماسی‌گرەکەو کاروانەکەی بەئاسانی پەرینەوە. ئەوسا دەریالووشەکە ئاوەکەی هێنایەوەو کردی‌یەوە ناو رووبارەکەو رووبارەکە چووەوە دۆخی جارانی. پاش ئەوە دەریالووشەکە وتی:

- لەمە زیاتر لەگەڵتا نارۆم - لێرە لە خاکەکەی خۆما ئەمێنمەوە -.

پێم خۆش بوو توانیم دەستی یارمەتیت بۆ درێژ بکەم هیوامە هەر لەخۆشیدا بێت و لەیادم مەکە.

کوڕی ماسی‌گرەکە بەداخەوە لەو هەواڵە باشە خواحافیزی لێ‌کرد.

پادیشا چوو بەپیر شازادەی چین و ماچینەوە، شازادەی گووارە لەگوێ. ئاهەنگێکی گەورەی بۆگێراو بانگی‌دا کە مارەی ئەکات.

رۆژی دووایی شازادەکەی لەلای خۆیەوە، لەسەر تەختەکەی داناو رووی‌کردە وەزیرەکانی‌و پرسی:

- ئیتر لەمە زیاتر چیم پێویستە؟

- لەمە زیاتر هیچی ترت پێویست نییە - وەزیرەکان وەڵامیان دایەوە - ئەوە شازادەی چین و ماچینی گووارە لەگوێت لاوەیەو کەسیش لەجیهاندا بەختی وەهای نەهێناوە.

رۆژی سێهەم بێ تاقەتی شازادەی داگرت. کەوتە توورە بوون و گریان و قاچ بەزەوی‌داناو بگرە پادیشاش لەژوورەکەی خۆی دەرکرد. پادیشا نەی‌ئەزانی چی‌قەوماوە؟ فەرمانی‌دا ماسی‌یە گولدورەکە بەحەوزەکەیەوە بهێنن، ئەو ماسی‌یەی سەرتاپادامانی گوڵی هەمەرەنگە بوو، ئەوی لەجیهاندا وێنەو هاوتای نەبوو.

بەڵام شازادەی چین و ماچینی گووارەی زێڕین لەگوێ ئەوەندەی تر شێ‌گیربوو. قایم تر قاچی ئەدا بەزەویداو بەدەنگێکی بەرزتر کەوتە گریان و بگرە دەستی بردوو ماسی‌یەکەی دەرهێناو تووری دایە سەر شەقامەکە. هەر لەوێ کوڕی ماسی‌گرەکە دۆزییەوەو خستیە ناو دەسەبەرەو رووبارەکە رۆشت.

- بۆتۆ باشتر وایە قووڵ بەرەو بنی رووبارەکە بڕۆیت لەوەی ببیتە یاری بۆ پادیشاو شازادەی چین و ماچین. - کوڕی ماسی گرەکە ئەمەی وت و ماسی‌یەکەی فڕێ دایە ناو رووبارە خورەکە.

(١) کاووش، پێلاوێکە لەسۆل ئەکات.

د. ئەورەحمانی حاجی مارف
لە ڕووسی یەوە کردوویە بە کوردی




chalakmuhamad@gmail.com

ژن و مێردێك هەبوون لە لێنینگراد دەژیان.

پیاوە لێ پرسراوی یەکێتی کرێکاران بوو. پیاوێکی پیر نەبوو، بەخۆ، چاوکراوەو بەگشتی پێت بڵێم بە تواناو دڵسۆز

بۆ کاری سۆشیالیستیو هەتا دوایی.

هەرچەندە پیاوێکی سادەو خەڵکی لادێ بوو و لەکاتی خۆیدا هیچ خوێندنێکی پلەی بەرزی تەواو نەکردبوو، بەڵام لەو دەمەوە کە هاتبووە شار کەڵکەڵەی زانین کەوتبووە کەڵـەی زۆری دەخوێندەوەو دەیتوانی لە گشت کۆبوونەوەیەکدا قسەی جوان و بەجێ بکات. تەنانەت دەیتوانی لەگەڵ پسپۆری جۆربەجۆری زانست هەر لە فیزیۆلۆژیەوە بیگرە تا دەگاتە کارەبا دەمەتەقێ بکات.

بەڵام پێلاگیای ژنی ئافرەتێکی نەخوێندەوار بوو.

هەرچەندە لەو ڕۆژەوەی لە لادێوە گوێزابوویانەوە شار لەگەڵ مێردەکەیدا هاتبوو، هیچ فێر نەبوو بوو و بە نەخوێندەواری مابووەوە، تەنانەت نەیدەزانی ئیمزای خۆشی بکات.

پیاوەکە ئەو وەزعەی دەبینی زۆر قینی هەڵدەستا، خەفەتی دەخواردو نەیدەزانی چۆن لەو نەگبەتیەیە ڕزگاری بێ. بەتایبەتی ئەو خۆی ئێجگار کاری زۆر بوو و مەودای ئەوەی نەبوو ژنەکەی پێ بگەیەنێ.

ڕۆژێك بە ژنەکەی وت:

- پێلاگیوشکا! هەرچۆنی بێ خۆت فێری خوێندەواری بکە یان هیچ نەبێ ئیمزای خۆت فێربە. وڵاتی ئێمە وا وردە وردە لە سەدەی تاریك و دواکەوتوویی دەردەچێ. ئێمە لە هەر چواردەور خەریکین نەزانیو نەخوێندەواری لەناو دەبەین. کەچی ئەوەتە ژنی بەڕێوەبەری کارگەی نان نەدەزانێ بخوێنێتەوەو نەدەتوانێ بنووسێ... من خەفەتێکی زۆر بۆ ئەمە دەخۆم.

هەرچی پێلاگیا بوو، هیچ باکی لەمە پێ نەبوو، دەستی رادەوەشێنێ و دەڵێ:

- ئاخ ئیڤان نیکۆلاییڤیچ تۆ هەوڵ بۆچی دەدەی.

من هیچ پێویستم بەوە نییە. کاتی خۆی من دەستم نەدایە ئەو کارە، ئێستاش وردە وردە ساڵ بەسەر دەچێ، تەمەنی لاوێتیم دەڕواو، دەستەکانم نانووشتێنەوە قەڵەمیان پێ بگرم.. چ پێویستم بە فێربوونی وێنەکێشانی پیت هەیە. با منداڵان و لاوان فێربن، من بۆ خۆم بەم چەشنە تا پیر دەبم دەژیم.

مێردەکەی پێلاگیا هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێو دەڵێ:

- ئاخ، داخ پێلاگیا مەکسیموڤێچ.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژێکیشیان ئیڤان نیکۆلاییڤیچ کتێبێکی ئەلفوبێ لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ ماڵێ. بە پێلاگیای ژنی وت:

- پۆلیا ئەمە تازەترین کتێبی ئەلفوبێ‌یە، لەسەر بنچینەی تازەترین تاقیکردنەوەی زانستی دانراوە. من خۆم فێرت دەکەم.

پێلاگیا پێ کەنیو کتێبەکەی هەڵگرت و لە دۆڵابەکەدا شاردیەوە - با لەوێدا بکەوێ، ڕەنگە نەوەکانمان کەڵکی لێ ببینن.

جارێکیان پێلاگیا نیوەڕۆ دانیشتبوو کاری دەکرد. خەریك بوو چاکەتەکەی ئیڤان نیکۆلاییڤیچ بدورێتەوەو قۆڵەکانی بتەکێنێ.

لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، دەرزیەکی هەڵگرت. دەستی خستە ژێر چاکەتەکە - خشەی شتێك هات.

بیری کردەوە: «تۆ بڵێی پارە بێ؟».

بینی - نامەیە. زەرفێکی پاك و ڕێك وپێك، بە خەتێکی باریك لە سەری نووسراوە. کاغەزەکەش لەوە دەچێ بۆنی عەترو گوڵاوی لێ بێت. پێلاگیا دڵی داخورپا.

«تۆ بڵێی ئیڤان نیکۆلاییڤیچ وا بیربکاتەوە بە خۆڕایی فێڵ لە من بکات؟ تۆ بڵێی لەگەڵ ژنان خەریکی ئاڵوگۆڕ کردنی نامەی دڵداری بێو گاڵتە بە منی نەخوێندەواری بێ ئەقڵ بکات؟».

پێلاگیا تەماشای زەرفەکەی کرد. نامەکەی لێ دەرهێنا، کردیەوە - لەبەر نەخوێندەواری هیچی لێ نەگەیشت.

بۆ جاری یەکەم لە ژیانیدا حەیفی لێ‌هات، کە ناتوانێ

بخوێنێتەوە.

بیری کردەوە «هەرچەندە نامەی کەسێکی دی‌یە، دەبێ هەر بزانم چی تێدا نووسراوە. لەوانەیە ئەو نامەیە هەموو ژیانم بگۆڕێ‌و باشتر وا بێ هەر لە ئێستاوە بچمەوە بۆ لادێ‌و لەوێ کاربکەم».

دەستی کرد بە گریان، کەوتە بیرکردنەوە، کەوا لە ڕاستیدا لەوە دەچێ ئیڤان نیکۆلاییڤیچ لەو ماوەیەی دواییدا گۆڕابێ - بە تەنگە سمێڵیەوە دێت، پتر لە جاران دەستی دەشوات، شەپقەی تازە لەسەر دەکات.

پێلاگیا دانیشتبوو، سەیری نامەکەی دەکردو دەگریا. بەڵام نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە. ئەگەر نیشانی کەسێکی بیگانەشی بدات شەرمە.

لە کۆتاییدا نامەکەی لە دۆلابەکەدا شاردەوە، چاکەتەکەی دوورییەوەو کەوتە چاوەڕوانی کردنی ئیڤان نیکۆلاییڤیچ. کاتێ مێردە هاتەوە پێلاگیا وای خۆ نیشان نەدا کە ئاگای لە هیچ بێ.. بە پێچەوانەوە بە دەنگێکی هێمن و زمانێکی شیرین قسەی لەگەڵ مێردەکەی کرد. تەنانەت ئەوەشی دەربڕی کە دژی فێربوون نی‌یەو بە جارێك تاقەتی لە نەخوێندەواری‌و دواکەوتوویی خۆی چووە. ئیڤان نیکۆلاییڤیچ بەمە زۆر دڵخۆش بوو.

پیاوە وتی: دەی زۆر باشە، من خۆم فێرت دەکەم.

پێلاگیا وتی: جا چی‌یە فێرم بکە.

پێلاگیا دوو مانگە لەسەر یەك، ڕۆژ بە ڕۆژ خەریکی فێربوونی خوێندنەوە بوو. لەسەرخۆ بە حونجە وشەی دەخوێندەوە، پیتەکانی هەموو لەبەرکرد وفێری ڕستەش بوو. هەموو ئێوارەیەك نامە شاردراوەکەی لە دۆلابەکە دەردەهێناو هەوڵی دەدا واتای نهێنی هەڵبهێنێ.

بەڵام ئەمە ئاسان نەبوو.

پێلاگیا تەنیا لە مانگی سێ‌یەمدا زانستەکەی تەواو کرد.

بەیانی‌یەکیان کاتێ ئیڤان نیکۆلاییڤیچ ڕۆیشت بۆ سەرکار پێلاگیا نامەکەی لە دۆلابەکە دەرهێناو دەستی‌کرد بە خوێندنەوەی.

زۆر بە گران خەتە ناسکەکەی بۆ چووەوە سەریەك. تەنیا بۆنی عەترو گوڵاوی بە حاڵ لە نامەکە هاتوو هێزو گوڕی پێ دەدا.

نامەکە بۆ ئیڤان نیکۆلاییڤیچ نووسرابوو.

پێلاگیا خوێندی‌یەوە.

«بەڕێز هەڤاڵ کوچکین!

ئەو کتێبی ئەلفوبێ‌یەی بەڵێنم پێ دابووی بۆت دەنێرم.

من وا بیردەکەمەوە ژنەکەت بە تەواوی دەتوانێ لە ماوەی دوو سێ مانگدا خۆی ڕزگار بکات. قوربان بەڵێن بدە زۆری لێ بکەی خۆی فێر بکات. بیخە مێشکی‌یەوە، تێی بگەیەنە. لە ڕاستیدا زۆر خراپە ئافرەتێکی نەخوێندەوار بێت.

ئێستا، لەمساڵەوە ئێمە دەستمان کردووە بە قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری لە هەموو وڵاتداو بە هەموو ڕێگایەك، کەچی ئەوەتە ئەوانەی لێمانەوە نزیکن لە بیریان دەکەین.

ئیڤان نیکۆلاییڤیچ بەڵێن بدە ئەو ئەرکە بەجێ بێنی.

لەگەڵ سڵاوو ڕێزی هەڤاڵانەدا.

ماریا بلۆخینا»

پێلاگیا دوو جار نامەکەی خوێندەوەو هەستی بە زوویری‌یەکی نوێ کردو دەستی کردە گریان.

دوایی کە بیری لە ئیڤان نیکۆلاییڤیچ کردەوەو تێ‌گەیشت ژیانی هاوسەری‌یان ڕێك وڕێکە هێمن بووەوەو کتێب و نامە ناحەزەکەی لە دۆلابەکەدا شاردەوە.

بەو پێ‌یە پێلاگیا لە ماوەیەکی کورتدا فێری خوێندنەوەو نووسین بوو و بووە خوێندەوار.

ئەمەش ڕووداوێکی سەرسوڕهاوەر بوو لە مێژووی لە ئاوبردنی نەخوێندەواری‌دا لای ئێمە لە یەکێتی سۆڤێت.

# یادێکی زیندو



○ حەسەن جاف ○

هەست بەسەرما دەکەیت و دادەچڵەکیت، کزەبایێکی سارد لە درزی دەرگاکەوە خۆی وەکرد بە ژووردا، ترسی ئەوەت هەبوو پەتۆکە لەهیوا بوویێتەوە، سەر بەرز دەکەیتەوە، چاوە گەشەکانیت تێدەبڕیێو بەدەمتەوە پێدەکەنێ، دەروونت وەك بیابانێك بەر لێزمەی بارانێکی ناکاو کەوتبێت فێنك دەبێتەوە، ئاوڕێك لەدوو جێگەکەی دیکە دەدەیتەوە، لێفەکەیان تێوە دەئاڵێنی «هێشتا ماوەیەتی بۆ نوێژی بەیانی، دەمێکی کە هەڵیان دەستێنم»، دەسرازەکان شڵ دەکەیتەوەو لەبێشکەکەی دەردێنیو دەینێیت بەسنگەوە، دەستە بچکۆلەکانی بۆ چەناگەت دەبا، پەتۆکەی لێوە دەئاڵێنیو بەئەسپایی دەرگاکە دەکەیتەوە، هێشتا تاریکە:

ناسکە خان شەوت لێ گۆڕاوە باخەونە شیرینەکە فریشتەی خەوی لە هۆیەی چاوەکانت تۆراندوە «سوارەم بینی، سواری ماینێکی سپی بوو بوو رانك و چۆغەیێکی سپیی لەبەردابوو، پەڵە پەڵە وەك گوڵاڵە سوورە سەرسنگی نەخشاندبوو، لەناو تەمێکی چڕی سپییەوە بەرەو پیرم دەهات، بەرووسمەوە پێدەکەنی دەستی بۆ درێژ دەکردم بەڵام ئاخ! قەت ئەوە لە دڵم دەرناچێ، هەرچەندم دەکرد دەستم نەیدەگەیشتێ، گوێم لێبوو پێی دەگوتم:

«ئەمانەتی تۆو هیوا، نەهێڵی رێ وێڵ بکات...».

تەماشایێکی هیوا دەکەیت، ئاسۆی بینینت لێڵ دەبێت، سەربەرز دەکەیتەوە بە فەقیانەکانت رۆشنیان دەکەیتەوە... بیرتە سوارە پێی گوتی «ئەگەر مردم نەکەی بگریت، باهیوا نەزانێ فرمێسك رشتنی چیە!». بیرمە.. چاکم بیرە، بەڵام سوارەگیان ئەم کۆتە قورسە چی بوو لە گەردنمت ئاڵاند «من نامرم... لە هیوادا زیندوو دەبمەوە»، کە تەماشای هیوات کرد دەروونت هێور بووەوە ویێکەنیت، توند گوشیت بە سنگتەوە، هۆشت لەخۆت برابوو، کاتێك بە ئاگا هاتیتەوە خەریك بوو بەدەستە بچکۆلەکانی پاڵی بەسنگتەوە دەنا.

هێدی هێدی روو دەکەیتە دار سنەوبەرەکەو لەسەر بەردەکە دادەنیشیت وپشت بەدارەکەوە دەدەیت «ناسکە ئەو رۆژەت دێتەوە بیر کە سوارە ئەم بەردەی هێنا، ئارەق لە لامل وین باڵیەوە چۆڕاوگەی بەستبوو، کە گەیشتە لات هەناسەی سوار ببوو.

ـ ئەوەت بۆ چیە؟

لە پێشدا وەڵامی نەدایەوە، هەناسە بڕکێی پێ کەوتبوو و قسەی بۆ نەدەکرا، قەدەرێ لەسەر بەردەکە دانیشت تا پشووی هاتەوە بەبەرا.

ـ لەسەری دادەنیشین».

شەپۆلی یادە شیرینەکان دەریای چاوەکانتی و ڕووژاندەوەو لێل بوونەوە، دووبارە بە فەقیانەکانت ڕووناکت کردنەوەو چاوت بڕیە لوتکەکەی بەرانبەرت. پەڵە پەڵە بەفری پێوە ماوە دار بەڕووەکان باوەشیان گرتووەتەوەو چاوەڕێی یەکەم گزنگی هەتاو دەکەن «بیرتە هەموو بەیانیەك پێش خۆر هەڵهاتن لە جێگەکەی رادەپەڕیو دەرگای دەکردەوە، دەچووە سەر بەردەکەو چاوی دەبڕیە لوتکەکەی بەرانبەر.

- ئەوە چی ئەکەیت؟

- چاوەڕێ هەتاو دەکەم، خۆشترین شت لەلام ئەوەیە بەیانیان چاوەڕێ خۆر هەڵهاتن بکەم».

من لەجیاتی تۆ چاوەڕێی دەکەم، هەموو بەیانیەك پێشوازیی دەکەم و گشت ئێواراێنکیش ماڵ ئاوایی ی لێدەکەم... سوارەگیان نەخۆت نەڕێگەکەت لەبیر ناکەم.

پار هەروەك ئەم کاتانە بوو کە هەموومان تەماشای کەژەکەمان دەکرد، سنگی ئاوریشمیکی سەوز بوو، گوڵاڵەو نێرگز ملیان قوت کردبووەوەو لەگەڵ تیشکی خۆردا چاو شارکێیان دەکرد، جار جارەش بۆ پێشوازیی پەپوولە ڕەنگینەکان سەریان دادەنەواند.

باوکت گوتی:

ئەمساڵ بە هارەکەی خۆش دەبێت، دەغڵ و دان زۆر دەبن. هەناسەیێك هەڵدەکێشی، بەهار هات و ڕۆیشت و وا دووبارە دێتەوە، هەموو بەیانیەکیش خۆر هەڵدێ و چاوە پرشنگدارەکانی دەبڕێتە دارسنەوبەرەکە، کە نائومێد دەبێ ڕوو دەکاتە کەژەکەی ئەوبەرو خۆی لەپەنایدا حەشار دەدا بۆ گەشتێکی نوێو تۆش هەر دیارنییت، نەبە پیریەوە دەچیت و نە ماڵ ئاوایی ی لێ دەکەیت.

مەچەك و بازوە توندو پڕ دەمارەکانی سوارەت دێتەوە بەر چاو. لەگەڵ خۆر هەڵهاتندا ڕووی دەکردە کێڵگەکەتان، جۆماڵی دەکرد، ئاوی بەر دەدایە سەر، دەچووە ناو پەڵە گەنمەکەوەو وەك دڵدارێك دەستی بەلا سکەکانیدا دەهێنا، کەدەنکەکانی دەبینی بە شیر ئاووس بوون ڕووی دەگەشایەوە. چوار وەرزە خەریك بوو، نەیدەهێشت باوکی دەست لەهیچ شتێکەوەبدات «تۆزۆرت کردوە، ئەمجارە نۆرەی منە»، کە تۆش هیوات کەوتە زگەوە ڕێی ی هاوکاریی لێ گرتی. ئاوڕێکت لەماڵەکە دایەوە «خوا فرسەتی بدا، بەم ئاخری پیریە جی ی پێ دەکرێ».

سەرت هەڵبڕی، تازە خەریك بوو ئۆردوگای شەو تێکدەشکا، تیشکێکی کاڵی لاواز هەوڵی دەدا شتەکانت لەبەر چاو ڕوونتر بکات، باڵندەکان باوەشیان کردەوە بە ئاسماناو دڵدارانە دەستیان بەگۆرانی ووتن کرد، کە ڕوانیتە هیوا چاوەکانی لێك نابوون، سەرنجێکی قووڵت دایە، قسەکەی دایکی سوارەت هاتەوە یاد:

- پەنا بە خوا ئەڵێ ی باوکی بەدەم داینەوە.

«سوارە گیان، چەن بەئاواتەوە بوویت بیگریتە باوەش... بەڵام ڕمووزنە درندەکان ئاوارەی کە ژیان کردی».

- هەها ناسکە ئەوەتا ئەجوولێتەوە، دەڵێ دەزانێ ئەمە دەستی باوکیەتی، ئەرێ ئەوە چی ی کرد، دە پێ ی بڵێ بازوو بێت.

- ئەوەندەی نەماوە، تەنها دوو مانگ، لەوانەشە لەدایك ببێت، زۆر منداڵ هەیە بەحەوت مانگ لەدایك دەبێت.

- ئای بۆ ئەو ڕۆژەی لەدایك دەبێت، کوربێ ناوی دەنێین هیوا، کچیش بێ ئاڵا.. چۆنە ناوەکانت بەدڵە؟

- هیواو ئاڵا... زۆر خۆشن...

زەردەخەنەیێك دەم و چاوت دەنەخشێنێ و توند هیوا بە سنگتەوە دەنووسێنی و چاو دەبڕیتە چەمەکە، گا بەردێك ورگی دادابوە ناو ئاوەکەوەو قەوزەی لێوە ئاڵا بوو، جاروبار بۆقێك خۆی هەڵدەدایە ئاوەکەوە، چوار پەلی درێژ دەکردو ئاوەکەی شەق دەکرد بەرەو ئەوبەر، کە دەگەڕایەوە بازێکی بۆ دەداو لەسەر سنگی بەردەکە دەگیرسایەوە..

- ئەوە چیە لەبۆق ئەترسی.

دایە قاقای پێکەنین:

- ناترسم، بەڵام لەپڕ خۆی هەڵداو دایچڵەکاندم.

- ئاگات لە خۆت بێ نەکەویتە ئاوەکەوە، بەردەکە خزە

دەستی بۆ درێژ کردی‌و ڕایکێشایە ئەملاوە.

بیرتە جارەکە ئاگات لەخۆت نەمابوو و خلیسکایت و بەدەما کەوتیتە ئاوەکەوە... قاقای کچانی دێ زۆری تەریق کردیتەوە.

- ناهەقی مەگرن چاوی بە سوارە کەوت.

ئەو ڕۆژە لە گوێ چەمەکەدا جلتان دەشت، سوارەش بۆ شار چوو بوو، چاوت بڕیبوە ڕێگەکە، دێکەتان لەترس زەبری ڕۆژگار خۆی لەپەنا شاخێکدا حەشار دابوو ترومبێلی نەودەگەیشتێ، ڕێبوار تانەهاتبایە سەر یاڵەکەی بەرانبەر نەدەبینرا، کە چاوت بە تارماییەکەی کەوت دڵە کوتێت پێکەوت و دەستت بە جلەکانەوە گۆج بوو، دڵت چۆلەکەیێکی دیل بوو و دەیویست لە قەفەزی سنگتەوە دەرپەرێتە دەرەوە تاشڵپەی ئاوە ساردەکەو قاقای کچان بە ئاگای هێناتیەوە.

هیوا لە خەونە شیرینەکەی کردی، دەستە بچکۆلەکانی لەسنگت گیر کرد، لەیەخەی کراسەکەتەوە مەمکت بۆ دەرهێناو توند هەردوو دەستی لێ قایم کردو دەمی نا بەگۆکەیەوە.

گابەرد هەر لە جێی خۆیدایە، نەگۆڕانی ڕۆژگارو نە وەرچەرخانی وەرزەکان جێی پێ لێژدەکەن، دەڵێیت یاساوڵێکی ئەفسانەییەو بەسەر چەمەکەدا ئانیشکی داداوە....

دیسانەوە فرمێسك زۆری بۆ هێنایت... پیرە بەرد کانیاوی بیرەوەریەکانت دەشڵەقێنێ، هەموو جارێ کە لەسەری دادەنیشتی‌و قاچەکانت بۆ ناو ئاوەکە شۆڕ دەکردەوە.

هەها پەنجەکانم لەئاوەکەدا شکاونەتەوە.

چەن بەدیمەنی پەنجەکانتان پێ‌دەکەنین، ئای کە دنیایێکی سەیرە، خۆزگە مردن نەدەبوو، شەوەکەت بیرە کە سوارە خۆی ئامادە کردبوو ئیتر دەس لەملی لوتکە سەرکەشەکان بکات.. بیرتە چۆن دڵی دەدایتەوە:

- چی بکەم ناسکە گیان، ژیان و مەرگ دوو ڕاستین لەرێی مرۆڤداو ناتوانێت خۆیان لێ لابدا، بەڵام ژیانی سەرشۆڕی هەموو ساتێکی مەرگی زەلیلیە، هەها خۆریش هەموو بەیانیەك لە دایك دەبێت و گشت ئێوارانێکیش دەمرێ، دەڵێ‌ی دەیەوێ ڕاستیی ژین و مەرگ بسەلمێنێ... من سنگە بچکۆلەکەی تۆ بەجێ دێلم و سەر دەکەمە سەر سنگە گەورەو شۆخەکەی چیا، تەنها لەشم لێت دوور دەبێت، بەگیان هەر لەلاتم، لە هەموو کانیاوێکدا چاوەکانت بەدی دەکەم، گشت سنەوبەرێك باڵاکەتم وەبیر دەهێنێتەوە، گوڵاڵە سورەکان تینویەتیم بۆ لێوو کوڵمەکانت دەشکێنن، بەجێت ناهێڵم، هەر پەروانە شەیداکەی تیشکی چاوەکانت دەبم.

دەستێکی بەقژە خاوەکەتدا هێناو لێوی خستە سەر گۆنات.

- دەنجەوە، منیش ئەبێ بەیانی زووهەڵسم.

ئەو شەوە خەو بیری چوو بێتە میوانی چاوەکانت، پەنجەکانی هەر دوو دەستت لێك ئاڵانبوون و لەژێر سەرت نابوون و دارەکانی بنمیچەکەت دەژمارد، بیرت لە سوارەو ئەم کۆچە ناکاوەو ئەوەکەی زگت دەکردەوە، ئەویش خەوی لێ نەدەکەوت، هەر ساتە نە ساتێك لەم سەر بۆ ئەو سەر دەجوولا.

چۆن بێ باوك بێتە دنیاوەو چاو هەڵبێنێ؟

فێری کە پیاو بێت و بەپیوە بمرێ! دووا وشەی بوو کە تاریك و روون ماڵی بەجێ هێشت و خوا حافیزی کرد ریچکەی فرمێسکی سەرگۆنات ڕابچڵەکاندی، گورج بە ئەقیانەکانت و شکت کردنەوەو وەك تاوانێکی گەورەت کردبێ «سوارەگیان بمبەخشە ئاگام لە خۆم نەبوو، شوکر هیواش نووستوەو نەیبینی». هەناسەیێك هەڵدەکێشی‌و هەڵدەستیتە سەرپێ، ڕووناکی خەرێك بوو دوا سەنگەری بە سوپای شەو چۆڵ دەکرد کەخۆت کردەوە بەماڵداو هەردوو پادگارە ئازیزەکەی سوارەت بۆ نوێژی بەیانی هەڵسان...

# مزوری .. حەیرانوک و مەلەڤانێ ب پەیڤان

محسن قوچان

د دەمەکیدا کو هێژ تاگرێن هۆزانا کلاسیکی دەنگێ وان چلك نەبوی و هەمی روژا گازیێن وان دەنگ ڤەددەن و داخازێ ژ هۆزانڤانا دکەن کو ب زڤرنەڤە.. روخسارا هوزانا کلاسیکی. بەلگە ددەستادا ئەوە «کو هوزانا سەربەستا نوی روخسارێ هۆزانێ ژ لایێ کێش و سەرواڤە شکاندیە و رەوشتێن رەسەنێن هوزانێ ب پشت گوهێ خۆڤە هاڤێتینە. ئەڤ چەندە یا بویە ئەگەرا کوشتنا تام و خوشی و جانیا هۆزانێ» ژ لایەك دیڤە ئەو کەسێن تاگریا هوزانا سەربەستا نوی دکەن چویڤ دنیڤێرا گرتیە و یا خوب سەر کەلەخێ هوزانا کلاسیکی داداى و ڤەدچرن.. هێرشا دبەن سەر و دبێژن:

«ئەڤ رەنگێ هوزانێ رەنگەکێ کەڤنە و نەشێت خو راگریت ل بەر پێلێن شارستانیا نوی، چونکو روخسارێ هوزانێ دبیت ئاستەنگ کو هوزان ب بەرفرەهی سینگێ خو ڤەنەکەت بو..

ئانکو یێن ژیانا هەڤچەرخ نەشێن نوینەریا وان شەرەنیخێن ژیرزانێ[1] و بیروباوەرا و هەڤرکیا چینایەتی دناڤ تایێن خورا تومار ب کەن و روبارێ ژیارێ بەرەڤ پێشڤە ب بەن».

ژ لایەك دیڤە هندەك رویدانێن دی یێن سەر برى جار بۆ جارێ روی ددەن پر راهاڤێژی بزاڤێ دکەن کو ب یەك جاری خو ژ روخسارا هوزانێ ب شون و سەربەردای بن د جیهانا پەیڤ و هەستا دا، ب بەلگەییا دژاتیا تشتێ کەڤن هەچکو هەی، بێ دانن ژێر چاڤێن خو کو نە هەر تشتێ کەڤن بیت.. ئاهەکە[2] ژ شیان و بزاڤا هشك بویە و پێدڤی مرن و ڤەشارتنایە چونکو ئەو ئاهە نە ڤەرێژا[3] خەباتا مرۆڤایە ..د هناڤێن واندا بویە و وەرارکریە،[4] ئانکو سەربورا سالێن درێژێن زانین و شەهرەزایا مرۆڤانە.

دڤێ گیلەشوکا هەدا «عبدالرحمن مزوری» کو ئێکە ژ سەرکێشێن کاروانێ رەوشەنبیریێ ل دەڤەرا بەهدینا و هوزانڤانەکێ بێ بەڤلە و ئێکە ژ پێشرەوێن هۆزانا هەڤچەرخ ل دەڤەرێ سەرێ خو هەلدەت و گوتارەکێ ل سەرکێش و سەروا هوزانا هەڤچەرخ و هەڤبەر دگەل سترانا کوردی یا فولکلوری، ل روژناما [هاوکاری - ژ: ٦٥٦ - ٤ - ١٠ - ١٩٨٤] و دیسا [هاوکاری - ژ: ٦٥٧ - ١١ - ١٩٨٤]دا دنڤیسیت.

ئەڤ گوتارە داخازەکا بەلییە کو رەنگێ هۆزانا سترانا فولکلوری وەك روخسار ب بیت رەنگەکێ بەلاڤ و هۆزانڤان چاڤ لێکەن.

پشتی هنگی «مزوری» هەمی شیانێن خو یێن هوزانێ تەرخانکرن دا توزێ ژ سەر ڤی کەڤنی داڤوتیت و نویکەتەڤە ب ڤەهاندنا دو هوزانێن ب سەر و بەر و سپەهی «حەیران و لاوك» ئەوێن بەلاڤکرین د کوڤارا بەیاندا ژ: «٨٩» و ژ: «١٠٣».

ئەڤ هوزانە دەرکەڤتن کەرەکێ سیڤا نێر و مێکری و ژێك هاتی ڤەکرن ژ لاوك و حەیرانێن فولکلورێ کوردی ب روخسار و ئاوایێن خوڤە.

ناڤەروکا وان «مزوری» پێکولا کری کو تەرخانکەت بۆ هو و تێگەهشتنێن هەڤچەرخێن ژیانێ.. هەرچەندە کو ئەڤە بانگەکێ کرنگە پرە ژ راستیا و زێدەگاڤیا.. پێدڤی هوربینی و لێکولینێ و سەراد و بێژنگە کرنییە.

تورەڤانێن دەڤەرێ چ کەسەکێ مویەك ژ خو نەلڤاندە دا ب بیت پێنگاڤەك دی دڤێ رێد و روناهییەك ل سەر ڤی بابەتێ هێژاو پیروز.

راستــە ئەڤ رەنگێ هوزانێ بێ شەرەنیـخ ل سەر دهێتــەکـرن، خوب خو دنـاڤ هەڤـرکیـا روخسـار و ناڤەروکادا. . ب خورستی پەیدابویە دناڤ جڤاکا کوردادا، بەری کو ل چ درەکێ باس ژێ بهێتەکرن، ئەڤ پەیدابونە کەرەکە ژ پەیدابونا فولکلورێ کوردی و پێڤەبەستییە. . لێ وەرگـرتنـا سەربـورا[5] هوزانا سەربەست، هوزانڤانێن کورد وەرگـرتیـە ژ تورێن بیانی. . ل ڤێرێ پرسیارەك خو ددەت پێش چاڤێن مروڤی. . ئایــا ئەگـەر ئەڤ رویـدانـە نیشـانـا رەسـەنیـا مللەتی و تورێ مەبن، ئەڤ رەنگـە رویـدانـە ب هەمی هوردە و رەوشتێن خوڤە دێشێت خو راگریت ل بەر پێلێن شارستانیا ئەڤرو؟ یان ژی پێدڤی دەست ڤەدانەك و ئادەکرنەکێیە؟ ئەڤە بو ئەگەرا ئەز پالدایم کو کور هزرا خو دحـەیـرانـوکـا «مزوری»دا بکەم و ئەڤێ گوتارێ ل سـەر ب نڤیسم. . هیڤیـدارم ب بیتـە سینـاهییـەك د رێکـا خزمـەتا پەیڤ و هۆزانا کوردیدا.

**موزیقا هوزانێ:-**

---

ژ لایێ موزیقێڤە حەیرانوکا مزوری ئاڤاهیەکێ موکوم و بێ‌خشـە. . کێشـا هوزانێ هاتیـە ڤەهـانـدن ل سەر بنیاتێ چوار برگا و دوبارەکرنا وان، چ رویدانێن لەنگی و لێوازیێ دحـەیـرانـوکا ویدا روینادەن. . سەروا دحەیرانوکێدا گەلەکا موکـومـە و پێکهـاتییـە ژ پەیڤێن ژێـك جودا و ئێـك کارێ موزیقێ هەیـە. . باهـرا پتـر ژ سەروا حەیـرانـوکـا مزوری پێك دهێت ژ دو پیتێن دەنگدار و ناڤبەرا وان. . . وەك:-

بەمویە ، مەمویە

ـەمو ـەمو

ەم و ەم و

یان ژی:

بیرا منی ، خەتیرا منی ، سەرمیرا منی

یرا . یرا یرا

ێ‌را ێ‌را ێ‌را

هندەك جارا ژ ئێك پیتا دەنگدار و پیتەکا بێدەنگ. . .

وەك:-

سیس ، پیس ، لیس

یس یس یس

ێ‌س ێ‌س ێ‌س

ئەڤ کێشا پر سەروبار و پر هێز، مزوری یا گوگراندی دهـوزانـەکێدا موزیقـا وێ یا خوژ لێدانا دەفێ شوشتی و بەرەڤ سمفونیەکێ چویە. بهاڤ دبەرا زرێنێن موزیقی یێن وەکهەڤ دچر چونیە.

ب هویەکا دی کو ئم ددانین سەروا هوزانێ زرێنەکا موزیقی و دوماهی بۆ رستا موزیقێ دێ بینین کو بهاڤا[1] دبـەرا سەروێ و سەرویـدا کێمـە ئەڤ کێمـاتیـا بهاڤا دبەرا زرێنێن موزیقی و موکـومیـا سەروا و سەروبـارێ کێشـا هوزانێ وەسا ب گوهێن مرۆڤیرا رادەگەهینیت وەك پارچەکا سمفونی نەرم و نازك ب رەنگەك هورمونی بگەهیت گوهێن گوهداری بێ ئالوزی و تێکەهەلدانا دەنگا ب رەنگەکێ گێلەشوکی.

**ناڤەروك:-**

---

دنـاڤ پێلێن موزیقـەکـا نەرم و سپەهیـدا «عبـدالرحمن مزوری» وەغـەرێ دکـەت دنـەخشێ ولاتیدا و هنـدەك دیدارێن گر و گرنگ ب بیاڤا[8] و هوییێن خوڤە خرڤەدکەت ددیمێ یارەکێدا.

ئەدابێن[9] یارێ تەرا دبن دبەرا «مجد»ێ و ئاشوبەکا بێ دوماهیدلەو رامانا وی بەرزەدبیت دبەرا وەلاتێ ویدا. وەك: یار ب وەرگرتنا روبارێ زێ و خابورا خاستە[10] بۆ کەزیێن یارێ و دەریا ئورمێ و وانێ بۆ چاڤێن وێ. هەروەسا دبەرا ئاریانەکا[11] سوفیدا ب کارئینانا هویا دەمەکێ بەردەوام و بێ دومـاهـی «سـالا ل دیـف سالـێ دبـەزیـت، دەم و گاڤـا. . . . .»و پێڤـە بەستن و راکێشـانـا وی بۆ هـنـدەك

سالوڤێن سەربەرداى[١٢] ئەهێن دیتن وەك «هەلم و بێنا»و پالدانا ساخلەتا پیروزیێ بۆ وان سالوڤێن هە:

«کچکێ دینێ
کەزیێن تە، زێ و خابورن
چاڤێن تە، دەریا ئورمێ و. . . وانا کورن
سالا ل دیڤ سالێ دبەزیت
هلم و بێنا تە یا پیروز
دەم و گاڤێ من لە بیرن».

«ئاخ» یان«در» دئەڤسانێن کەڤندا و حەتا نوکە دئەڤسانێن کوردیدا دهێن وەك گیانەوەرەکێ مێ. . میێەکا پیروز و هەمی ڤەرێژێن ڤێ پیروزیێ پیرۆزن کو نهێنیا[١٣] بەردەوامیا ژینێیە. دیسا ژن ژبلی هەستێن گونیلی[١٤] یێن زەلامی بەرامبەر. تەناهیەکێ ددەت مرۆڤی ژ بەرکو مرۆڤ هەست پێدکەت ئەوە وەرزێ نەخش و ناڤێ نقشێ مرۆڤی رادگریت، ئاکوا بون و نەبزدیانا ژیارێ تێرا دبینیت.

ئەڤ هەردو وێنە یارەکا ب راستی و وەلات دهزرێن «مزوری»دا یێن بوینە ئێك.

ب کارئینانا زێ و خابورا خاستە بۆ کەزیێن یارێ. ژبلی نێزیکیا روخسارێ وان کو ئەڤ رویارە ددرێژن و ژوردا دهێن خار مینا کەزیا کو ناڤەروکا وان ئاڤە ئانکویا بەردەوامیا ژینێ تێدایە «و جعلنا من الماء کلّ شيّ حي»دیسا ئەڤ رویارە دنیاسیارن ب رەڤەکیا خو. نیشاەکا بەرزەیە بۆ رەڤەکیا هەستێن «مزوری».

خرڤەکرنا ڤان دیدەرێن هە ددیمێ یارەکێدا رێکێ ددەتن مە ب بێژین «مزوری» وەلاتێ خو کریە پرك پێ دگەهیت ئەدابێن یارا خو و یارا خو کریە ئەینك، جانی و سپەهیا وەلاتێ خو تێرا دبینیت خاستەیێن «مزوری» هەردو روبار و هەردو دەری، ناڤەروکا وان ئاڤن دیسا «هەلم و بێن» ڤێکرا ئانکویا شل و نازکی و نەرمییێ دناف تایێن خورا دنخێڤن.

ـ دبەندا دوێدا یا حەیرانوکێ کو کچ بەرسڤا لاوێ خو ددەت. «مزوری» سێ کاودان یێن پێ چارەسەرکرین. . ئێك: لاوینیەکا بێبەڤل و بێ دوماهی ب خازتنەکا کەلەپوری دەمێ بەژنا مەموی دانای بەرامبەر بەژنا خو. یا دوێ: «هێز» «مزوری» وێنەکێ موکوم یێ نەخشاندی بو پر هێزیا دەست و زەندێن خوب کارئینانا «تیرێ» نیشان بۆ هێزێ و مێرانیێ، باشی دزڤریت وێ هێزێ ب هێزتر لێ دکەت ب پالدانا ژێیاتیێ «الانتماء»ب دیارکرنا رەسەنا وێ تیرێ کو یا هاتیە چێکرن ژ دارێ موکومێ چیاکێ «مەتینا» و «بەموێ»

پالدانا تشتەکێ بچوك و پر هێز مینا تیرێ بۆ رەسەنەکا مەزنتر و پر هێزتر پێدڤی ئەگەرەکێ و وەج ژێگرتنەکێیە، ئەڤ وەجە ل جەم من خو راکێشانە بەرەڤ شیانێن بەرفرەهترێن جڤاکێ. کو ئەڤ تیرە ئێکە ژ کومەلەکا تیرێن موکوم ژ دارێن موکوم ژ رەسەنا چیایێن بلند و ئازا. . ئەگەر ئەم بهێن و نهێنێن دلێ «مزوری» بەلێبکەین دێبێژین ڤیایە شانازیێ ب خو بکەت، ئێکە ژ ئەندامێن گەلەکێ پر هێز و لاوینی چ هرەبا بالا وی ناچەمینن و چ پێلێن رەش نینن ب شێن دیوارەکێ ل بەرا وی و یارا ویدا دانن، ئەو یارا دەرگەهێ دلێ وێ ژێرا هەر ڤەکری و ڤەبوی.

ژ لایەك دیڤە دێ بینین کو شیانێن «مزوری» هاتینە وەرگرتن و ستاندن ژ سینگ و بەرێ یارا وی ب هەردو لاڤە پێ مادی: «تیر»و مەعنەوی: «ب ڤەکرنا دەرگەهێ دلێ یارێ»، ئانکو پشت راستیا «مزوری»و شیانێن وی یێن موکوم دکەڤلوژانکێ[١٥] تیرێدا ڤەشارتینە و ئەختوباریا[١٦] یارا وی، لێ دبەندێن بهێندا دێ بینین کو ئەڤ شیانە و پشت راستییە دوەرگێرێن و دبنە بنك بۆ نەتەناهی «قلق» و ترسێ.

کاودانێ سییێ «مزوری» چارەسەرکری، کەهیکرنا وێ هێزییە، نەهێلایە ئەڤ وێنە ب بوریت و ئەدابێن کوڤی و هوڤاتییێ تێدابن پەروازەکێ شارستانی و مروڤاتییێدا ،ئەڤ هێزە شکاندییە و کەهکریە ب ڤەکرنا دلێ یارێ بو وێ هێزێ ب مێهڤانی.

ب هەردو بەندێن بوریدا «مزوری» یێ شیای بچیتە بن

کەڤلوژانێ ژنیڤە، وەك تشتەکێ سایکولوجی و شیایە حەتا رادەکێ نوینەریا هەست و حەزکرنا وێ بکەت و کراسێ وێ یێ سایکولوجی بکەتە بەر پەیڤێن خو ل ژێر یاسایا راکێشا دژا «تجاذب الاضداد»، کو بەرێ کوری بکەڤیتە ساخلەتێن نەرم و نازکێن کچێ و پێڤە بنویسییێت و ژ خورا دەستەسەرکەتن و نهێنیا نەبزدیانا ژینێ تێرا ب بینیت و ژ لایەك دیڤە کچ ب هێتە سحرکرن ب رەقاتیێ و مێرانیێ و لاوینیێ و پڕ هێزیێ ڤە:

«کورکو دینو
بەژنا تە، بەژنا مەمویە
تیرا تە ژ دارێ موکومێ..
چیاکێ مەتینا و....
بەمویە
ما تو نزانی دەرگەهێ
دلکێ من عەبدالا خودێ
بو مێهڤان کرنا ڤینا تە
هەرێ ڤەکری و ڤەبویە»

- دەستپێکرنا «مزوری» ب بەندا سییێ ژ حەیرانوکا خو «دوازدە مەها ل بیرا منی» نەیا دورە ژ هویا بەندا ئێکێ هەکو دبێژیت «دەم و گاڤا من لە بیر» چونکە «دوازدەمەهـ» و «دەم و گاڤ» هەردو نیشانێن دەمەکێ سەربەردانە «مطلق» و بێ دوماهی.

«کچکێ دینێ..
دوازدە مەها، ل بیرا منی
د دەراڤێ تاری و تەنگدا
گوریکا خەتیرا منی
دناڤ چەرخا لەیزتنا
ئەڤینداران و بەردلکان
هەمی گاڤا خاتون سەرمیرا منی»

- گەر ئەم هور لێ ب نێرین دێ بینین کو بەندا ئێکی پتر هویا سەربەردانا دەمی د دەتن و ب دژواری ژ بەر پێشەکیا وێ «سالا ل دیف سالێ دبەزیت» چونکو پەیڤا «دبەزیت» پەیڤەکا پڕ بزاڤە و «سالا ل دیف سالێ»ڤەگرتە ژ «دوازدە مەها»ئها هوسا دێ بینین کو دەم بەرەڤ بەرتەنگیێ چویە ل جەم «مزوری»

پەیڤا «بیر» جار ب کارئینایە «من لە بیرن» جار «ل بیرا منی» پەیڤە و ئێك ناڤەروکە.. تنێ پاش و پێش ئێخستنا «من» و گوهورینەکا سڤك دروخسارێ پەیڤێدا یێ هاتیەکرن.

تشتێ ب ئاشکرایی هاتیە گوهورین «یار»ە دبەندا ئێکێدا ساخلەتێن سەربەردایێن یارێ «هلم و بێن» نیشان بون بو یارێ، لێ دڤێ بەندێدا «تو» یەکا نەپەن[17] خو دانایە ل شونا یارێ، نیشانا کەساتییا یارێ هەمیێ یە.

کو «هلم و بێن» دڤەگرتن ب دەم و درێن خو، دێ بینین سالوڤا سەربەردانێ «اطلاق» دەم و درێن ب چڕ چوین[18] ئەڤ رویدانە نیشانە کو کاودانێ هەست و ئاشویا «مزوری» بەرەڤ بەرتەنگییێ دچن.

هەستەکا «سایکولوجیا»بەرزە هناڤێن وی دگڤێشیت. ب ڤێ هەستا بەرزە دڤێت دهـزرێن خودا ب گەهیت یارەکێ پتر خالێن دەست نیشانکری «محسوسە» یێن مێیاتیێ تێدا هەبن.. یارەکا ب راستی شکەستییێن خو یێ ساخکەت. ژ لایەك دیڤە دێ بینین کو ئەڤ پەیڤێن هە «خەتیر، خاتون، سەرمیر» نێزیکی ئێکن یان دگەهن ئێك ب ناڤەروکا خوڤە.

ددەراڤێن تەنگ و تاریدا «خەتیر» رێ روهن دکەت و سەرکێشا رێ برینییە.

«خاتون» ژ بلی لایێ جانیێ وەك «سلوك» سەرکێشا کریارێن خولام و خدامایە.

«سەرمیر» سەرکێشا هەمی بزاڤایە.

ل ڤێرێ «مزوری» کونەکیا[19] ل ناڤەروکا ڤان هەر سێ پەیڤاکری ب سێبارەکرنێ.. دیتنا ساخلەتا سەرکێشیێ د «یارێ» را وەسا ب مە ڕا دگەهینیت کو «عبدالرحمن مزوری» دەرگەهێ دانەکا بێ ڤەگرتن ژ یارا خورا یێ

ئەکری و شیانێن خو یێن سەرکێشیێ بو هەژاندینە[٢٠] دڤیانا خودا و ئالا سەرکێشیا کاروانێ هەست و بیروباوەرێن خو کریە ددەستێن یارا خودا. ل بەرامبەر شیانێن یارێ نەچاریا هوزانڤانی دیاردبیت «الانفعالیه» لێ دبەندا چارێدا ژ حەیرانوکا خو «مزوری»، ب هندەك پەیڤێن ب هێز و بزاڤتر، ئەوی ئالای ژ دەستێ یارا خو رادکێشیت و ژ کەساتیا[٢١] خورا ڤەدگێریت.

«کورکو دینو
کانیك و باپیرێ خەما.
هەلگرتنا
بارێ ڤێ دیروکا دێرین
هەر بو تە ما.
دێ وەرە دەستێ یارکا خو
بگرە و برەڤینە
ژ دەڤێ گورا
ژ پەنجێن هەما.

هەلگرتنا بارێ دیروکەکا کەڤنارا گەلەك چەلەنگ دبن وی باریدا بوهژین، نە کارەك سڤکە.

پەیڤا «هەلگرت» هویا بەردەوامییا راکرنا بارێ گران ژێ دپەشن، لەوما تەزینگەکێ ب سەر لەشێ مروڤیدا بەرددەتن و مروڤ هەست ب لێپرسیا «مسؤلیه» هوزانڤانی دکەت، ژ بەر قەدەرا وی کو بارێ خەمێن بزاڤا کەڤنا، مروڤا و وەرارا وانا پاشەروژێ بکەڤیت سەر ملا.

کارەکێ بێ پەمانە یان دێ خو ب ئارمانجارا گەهینیت، یان دبن بارێ ڤەبیت تاژانێ ئاخێ.

ئاوایێ فەرمانێ ژ کریارێن هەرا «بگرە، برەڤینە» ژ زاردەڤێ یارێ زڤریەکێ و پر بزاڤیەکێ ددەتە پەیڤا ژ بەر رەوشتێن کوردەوارییێن وی مروڤێ گازییا یارەکا نەچار دگوهیدا دەنگڤەدەدەت و کەلا مێرینێ لێ نەدەت و کەڤچەکێ خوینێ دوێ رێکا پیروزدا بەرنەدەت، کورد دادنن مروڤەکێ ترسونەك و سەرشور.

ئەڤ کریارێن بورین کریارێن زڤرن و پێدڤی شیانێن مەزن یێن مێرخاسی و شەهرزاییەکا بێ بەڤلێن بارەریێ.[٢٢]

وسەرکێشیێنەل بەرامبەر ئەڤ دەست و ئالاندنا «مزوری» ل هێزێ کری وکلیلا بزاڤا ژیارێ دپاخلا خوکری نیشانا ئالیسەنگیا[٢٣] تەرازیا هێزایە، ئانکو نیشانا پغر هێزیا «مزوری»یە ل بەرامبەر نەچاریا یارا وی.

گەر ئەم راوستین و ل لەیزتنا «مزوری»ب هویا پەیڤا ب نێرین، دێبینین کو یێ کەتیە دژاتیا «تناقضات» و وێنە ل پێش چاڤا هاتیە تێکهەلدان.

ئەڤ تێکشێلانا هە، ژ بەر هاڤیبونییە[٢٤] ژ دورهێلا خو یا رەسەن ژ ئەگەرا خەم و ترس و نە تەناهییە.

نەتەناهیا خەمێن بارێ گرانێ دیروکێنە.. ترسا پاشەروژا وی و یارا وییە و پەیوەندێن وانە.

هوزانڤان پارچەك مەزن ژ نەتەناهیا خو ب ئاوایێ نە پشت راستییێ دیاردکەت ژ ڤیانا یارا خو و دلسوزیا وێ.. دترسیت ئەڤ یارا کو کەساتیا خو بو هژاندی دڤیانا وێدا.. ئەو یارا پارێکێ خوش و نازك گورك و نەحەز ل دور دزڤرن، سوز و پەیمانا ژ بیربکەت و دلێ وی بێ تەر و نازك مینا سولینا گولا سیس بکەت، ب دەست مروڤێن بیانیڤە ب چیت و دێمێ خو یێ بەفر و شرین ب خال و دەڤا پیس ب کەت و تەیر و تولیرێن بیانیا یێن لێڤرەش و کەچەل ل سەر سینگێ خو لیس بکەت.

«کچکێ دینێ
دلکێ من سولینا تەرە
تو سیس نەکە.
دێمێ خویێ بەفر و شرین
ب خال و دەڤا،
تو پیس نەکە.
تەیر و تلورێن بیانیا
دلێڤ رەش و تەڤ کەچەلن
ل سەر سینگێ خو

تو ليس نەكە.»

وێنێ «مزوورى» سەروبن پێ هاتى و ئەنجام ل پێش «حافز»ى ئێخستى، ئەڤە بو مە دياردكەت كو ئەڤ چەندە پێش وەخت دهەستێن «مزوورى»دا هەبويە و ئەڤ ترسە دكوراتيا ويدا هاتينە نژاندن، نە ئەنجاما فيربانەكا نويە..

هەرچەندە ئەڤ تشتە دمەژيێ ويدا كەڤنە و ل سەرێك روژ بو روژ بويە تلخە، ئەڤ بيرهاتنە وەكو كيرانە هناڤێن هوزانڤانى ددەنە سەرێك، لەوما وێنە پێ سەروبنە و پێ پرە ژ بزاڤێ و وێنە دلڤوكن و گەلەك وێنە ب لەز و بەزەكێ رادبورن د ئێك كەڤالدا.

ئەڤ هويەنە «توسيس نەكە، تو پيس نەكە، تو ليس نەكە» وێ هزرێ دمەژيێ مروڤيدا چێدكەن كو يارا «مزورى» خودانا بريارا دو ماهيێ‌يە دڤان كريارێن هەدا، پر شيان و دەستهەلاتە.. وێ ب ڤێت دێ دلێ هوزانڤانى پێ وەك سولينا تەر، دبن پێن خو ڤەدەت و دەتە بەر حنگێن داخ و ئێشا. كەتە بادار[٢٥] و

بەهينيت و گەر بڤێت دێ ئاڤا چاڤێن يارێ خو پاريزيت و سەرێ وى كەتە سپيندارا گەليا راست هەلينيت.

ئاڤ و روبار نيشانا وەرارا ژيارێنە لێ سەد مخابن ئاڤا روبارێ گوندێ يارا «مزورى» پێل و پێلە.. جار دفيريێت و هەمى سكرا دهەرفينيت و لێڤێن تيهنى تەردكەت و هندەك جارا چلك دبيت و هوزانڤان ب يارڤە دكاريساتەكێدا دژين و دەستێن لەوچە دريژ دبنە سينگ و بەرێ يارا وى.

«كوركو دينو
ئاڤا روبارێ گوندێ مە
پێل و پێلە.
ل سەر سينگێ من ژ چار لاڤە
كێل و ڤێلە.
هەڤسى و جيرانێن مە ژ كەڤن
دبەخت ڤاژينە
د دەستادا من نە هێلە.»

ئەو تشتێ «مزورى» ژێ ترسيا بيت، پێ بوى و پێ دبيت.. پاقژيا سينگ و بەرێ يارا وى هاتە پيس كرن، هەڤسى و جيرانێن يارا وى كو دڤيا مافێ هەڤسيا پاراستبا و جيرانا خو دچاڤێن خودا نڤاندبا دەست دريژ ن و سينگێ يارا وى پێ كريە قادا لەيزتنا خو. ئەڤ بونە.. ئەڤ خافلەتيە ڤولكانەكێ دهناڤێن هوزانڤانيدا دپەقينن، دپەيڤێن ويدا روى‌ددەت هويا رەڤەكيا پەيڤا و زڤريانا واندا..
مينا: «پێل و پێلە» و «كێل و ڤێلە» و هەروەسا دەنگڤەدانا پەيڤا «من نە هێلە» دگوهێن مروڤيدا دبيتە زەنگل و ژ بنێ پيا رادهەژينيت.

من دڤێت بێژم لڤينا وێنەى و لڤينا هەستا و بزاڤا پەيڤا دڤى بەنديدا وەكو ئێك درەڤەكن.. درەڤەك بێى كو «مزورى» بهاڤەكێ دەمى بدەت خو و خويندەڤانى دا وێنێ كەڤنێ يارێ دهزرێن خودا ب هەرفينن و ژ نوى هوردە..
هوردە و ب كوراتيەكا دى ليكدەتەڤە.. بێى ڤى بهاڤى دزڤريت و ئێكسەر دبێژيتە يارا خو ب ئاوايێ پرسيارێ:
**«كێ گوتيە - تو ل بەر چاڤێن من يا كەتى يان داكەتى؟».**

«كچكێ دينێ
كێ گوتيە
تول بەر چاڤێن من
يا كەتى يان داكەتى؟
كێ گوتيە
دێ جارەكێ ماسى سلبيت
ژ ئاڤا شەتى؟»

وێ ببينين كو پەيوەندى د بەرا «مزورى»و يارا ويدا نە پەيوەنديا ڤيانيێ و بەس، لێ پەيوەندەكا دييە ژ رەنگەكێ دى.. مرن و مانە، «مزورى» دڤێت بێژيت يارا خو «ژ بەر تە ئەز پێ بويم و ب تە دژيم. دابرينا من ژ تە مرنا منە، لەوما من تو دڤێى هەچكو هەى.. سينگ و بەرێن تە دپاقژبن يان ژێ نە».

دیسا ئەڤ بەندە ئاریانەکا سوفی دناف تایێن خودا توماردکەت.. پەیوەندییا تشتەکێ بچوک و یێ خو نەراگر ل بەر پەنجێن نەمانێ مینا ماسی دگەل ئاهەکێ مەزن و نەمر، مینا شەتی و تێکهەلدان و بەرزەبونا تشتێ بچوک دناف تشتێ مەزندا کارەکێ سوفییە. نیشانە بۆ «وحدة الوجود»

**«هەر ئەڤینداریێ جارانم**

**ئەڤروکە تو**

**ل ئەڤێ دەشتا پان و بەرینا دلێ من**

**تنێ، تنێ**

**خودان رەشکوین و خیڤەتی.»**

«مزوری» جارەکا دی سوز و پەیمانا ژ یارا خورا نویدکەت و روناهیا کەسك بۆ هل دکەت دا ئاکنجی ب بیت دجهێ خویێ رەسەندا بێ هەڤرك ددەشتا پان و بەرینا دلێ ویدا، چونکو تنێ ئەو ل وێ درێ خودان رەشکوین و خیڤەتە. پەیڤا «ئەڤروکە» هووا دەمەکێ دابری و پێژانکری ددەت، پێژانێ وی دەمی ژ نوی دەست پێدکەت ژ دەمێ ئاخفتنێ و دیارکرنا روناهیا کەسك.

گەر ئەم هزرا دەمێن بەری نوکەدا ب کەین، ئەوێن «مزوری» ب کارئینایێن **«سالا ل دویف سالێ دبەزیت، دەم و گاڤا، دوازدە مەها»** دێ بینین کو دەم یێ ژێك هاتیە بزداندن ب دابرینا ئەڤروکە و دەست پێکرنەکا نوی.

ئەڤ چەندە دیاردکەت کو ئەو ڤیانا دژوار یا کەتی ئالوزیەکێ و جارەکادی دەست پێکرنەکا نوی دەست پێدکەت، ئانکو ئالوزیەکا کەتیە هەستێن «مزوری» بەرامبەر یارا وی بێی ئەو ب خوب زانیت و بینیتە دەر، یان ئەدابێن ڤێ ژێك بزدانێ د هوزانا ویدا پێش وەخت روی ددەن، چونکو سەرەدەریا[٢٦] «مزوری» دگەل هەستێن وی بەرامبەر یارا وی سەرخێچەکا راست یا چوی و بێ ئاڤریەکێ ب دەتە ڤێ دلساریێ.

ژێك بزاندنا ڤیانێ هویا دل خەلەتییە «غیره» تا کوردەواری.. چونکو یار دهەزرێن «مزوری»دا ئێکن و نەشێت ژێك ڤاڤراکەت.. راستە وەلاتێ وی چاوابیت ل پێش چاڤا ناکەڤیت، چونکو پەیوەندیا مرنێ و ژینێ یا دگەل هەی، لێ هەستێن وی یێن نەپەن جلفەك ڤێ دکەڤیت و پاشدار دچن ژ بەر کێل و ڤیلا ل سەر سینگێ یارێ و دبیتە ئەگەرا دلساریەکا بەرزە. گەر کەسان هور لێ ب نێریت دێبینیت کو «مزوری» هەر ژ بەندا چارێ دەمێ یارا وی هەوارا رادهێلیت دا سوارێ خەونێن وێ داڤێن پەمانێ بۆ داهێلیت.

«مزوری» بێ زڤری داڤ دوزیێ و ل دور زڤرینێ دا پەردەکێ ب سەر شکەستنێن خو دادەت، دا ل پێش چاڤێن یارا خو نەهێتە خوار.

نەهێن خو یێن ب سەر دەهێن وێ ئێخستین. چاوا؟ ب پەیداکرنا گرێیا کێماسیێ «عقده نقص»ل دەف یارا خو، وەسا دیارکەت، کو یارا وییە خودانا بریارا دوماهیێ دیمێ خو پیس ب کەت ب خال و دەڤا، تەیرو تولیرێن بیانیا ل سەر سینگێ خو لیس کەت یانژی نە.

پشتی هنگێ ب رەنگەکێ تراژیدی یارا وی بێژیت: سینگێ من شانوا کێل و ڤیلانە.. د دیڤرا «مزوری» دربا خو ددانیت. تەلیێ ڤەددەت پشتی هەمی کونا تاری دکەت و ئێك سیناهی ژێرا ڤەدکەت. دلێ خو ژێرا ڤەدکەت و ڤیانەکا بێ دەستگرتن بۆ خویا دکەت. هو ب دروستی پەیداکرنا گرێیا کێماسیێ و دەلیڤێ بێزاریێ و پشتی هنگێ هیڤیێ ژ لایەکی ب تنێڤە.

گەر ڤێ چەندێ ئاهەك دبنڤە هەبیت دێبیتە دل ئاڤایا «مزوری» کو ئێکجار نەشێت شکەستنا خۆ ئاشکراکەت و رەڤینا خو بەلیبکەت، روی ب روی دگەل یارا خو، هەر چەندە ئەو رەڤین راستیەکا بێ تەم بیت.

- برینێن کو ب پەیڤێن شرین تەنا نابن لەوما یارا «مزوری» دکوریا شەڤادا دنالیت و خەوێ رێکا چاڤێن وێ هنداکریە مینا لەعلیخانا گوڤەیی دەمێ کەتیە بەر حنگا تابێ..

هند ژ ئەگەرا ڤیانەکا دژوار و هند ژ خەمێن بێدادیەکا

بێکار.

دەنگێ یارا «مزوری» دەنگەکێ بێ چارەیە د گوهیدا دەنگ ڤەددەت و ددانیت ل سەرێ دوریانەکێ یان دەست دگەردەنا وێ ب وەریسیت و پاوان ب کەت، یان مەرجان و مورێن گەردەنا وێ دێ ژێك هێنە رەڤاندن.

گەر ئەم راوستین و لێ ب نێرین دێ بینین کو دەمەکێ درێژ «مزوری» بێ دزڤریت د فەلەکەکا ڤالادا و بێ سەر کورەیە دبەرا هەست و کریارادا دزانیت کو دلوڤانی و هەستێن دژوار نە چارەسەریا گرفتاریا یارا وییە و نزانیت دێ چ کەت.

ژ لایەکێ دیڤە وەرارا کریارا ب دو خیچێت دژی ئێك ب رێڤە دچیت بەرەڤانییا یارا وی ل کێماتیێ ددەت و هەڤرکیا وی دگەل دژا دژوار دبیت ژ سەری یار دبێژیت.

**«دێ وەرە دەستێ یارکا خو ب گرە و برەڤینە»** ئەڤ ئاخفتنە یا پڕ باوەرە و کێم ترسە پاشی دبێت: **«د دەستادا، من نە هێلە»** ئەڤ باوەریە ل کێماتیێ ددەت لێ زڤرین دخەلەکا هەستادا بێزاریەکا دژوار پەیدادکەت و دگەهیت کولوپیتکێ، دەمێ دبێژیت:

**«کورکو دینو**
**پەریشانم من خەو نائێ.**
**لەعلیخانا چل کەزیمە**
**کەفتیمە بەر حنگا تائێ.**
**دێ وەرە دەستێ خو دگەردەنوکا**
**من وەرینە**
**بەری مەرجانك و موریا**
**رارەڤین**
**دویلکێ دونیائێ.»**

هەڤرکیا «مزوری» دگەل دژا یا دبەرا راکێشانا ئاڤرێن یارێ بۆ لایێ خو ب لاوینی و مێرانیا خو و دل رەشکرنا یارێ ژ دژادا کو دکەچەل و لێڤ رەشن. ئەڤ رەنگە رویدانێن بوری مە ددانن بەرامبەر باوەریەکا موکوم کو «مزوری» هەر چ نەبیت دڤێ هوزانێدا کەسەکێ بێچارەیە «لا فاعلي»یە.[27] ئەڤ «لا فاعلیە» یا کورە ل جەم هوزانڤانێ مە لەوما دەمێ دکەڤیتە بەرامبەر مرن و مانا. ڤەژەنینا[28] وی یا سەرکورەیە و نە نەخشە کێشایە کو بێ بگەهیتە ئارمانجا خو، تەوافا سینگ و بەرێ یارا خو ب کەت، خو دکەتە زاڤاکێ بارۆڤێ دا یارا وی ل سەر تەختێ ئازادیێ بوك بیت.

«مزوری» پیروزترین تشت گیانێ خو ددەت بەرامبەر پیروزترین تشت ل نك وی و یارا وی، کو ئازادییا یارا وییە.

لێ ئەڤ شورەشە بزاڤەکا هەلهەلەیە[29] ل سەر ئاخەکا لەیزوك، چونکو بارۆڤە ئاویزەکا نە تەنایە «قلقە» تا گەهیتە چ ئارمانجا ژ بلی ترس و مرنێ.

من دڤێت بێژم پشتی زڤرینەکا درێژ دبەرا هەست و حەزکرن و نەشیانادا، خەم و حەزکرنێن «مزوری» دپەڤن ل ژێر ئالا شورەشەکا بێ سەروبەر و پڕ ترس و سەهم و چ وەج تێدا نەبن، ژ بلی حەزکرنا «مزوری» یا کو هاتی دکەڤلوژانکێ خەونێدا.

**«ئەزێ خەونەکێ دبینم**
**زاڤاکێ بارۆڤێ ئەزم**
**تو ژی جائێ**
**ل تەختێ ئازادیێ بوکێ»**

کو کریار و خەون دیتن و پەیڤتن دئێك دەمدانە، دیاردکەت کو ئەڤە نە خەونە، چونکو «مزوری» دکولوپیتکا هەست و هشیار یێن خو دا ڤێ خەونێ دبینیت.. ئانکو ڤێ خەونێ داخازە... حەزکرنە، یا بویە هەڤگیانا هزرا هوزانڤانی.

خەون نیشانا تەناهیێیە و هێڤیێیە و بارۆڤە نیشانا ترسێ و مرنێیە. دێ بینین کو هێڤیێ و ترسێ... مرنێ و ئارمانجا ملێن خو یێن داینە ئێك دهزرا هوزانڤانیدا.. لێ د چارچوڤا حەزکرنادا، نە یا کریارا.. ئەم دشێین بێژین

ئەڤ رەنگــە رویـدانـە خەون روژکێن هشیـاریێ کو ترسـا کریارا و ئارمانج پێکڤە بەستیین. حەزکرن نە کریار ب خو پارچەکن ژ کەساتیا برژوازیا بچوك.

● هەر وەکـو بەری نوکـە مە گوتی خەون نیشـانـا تەنـاهیێـیە و «مـزوری» پیـروزتـرین داخـاز دڤێ خەونێـدا دبینیت ب ڤێ هەلکەفتنێ تەناهییەك خو ب سەر هەست و پەیڤێن «مزوری» دادەت مینا راستیـەکـا راست و ل شونا پەیڤێن زڤر و رەڤ مینا «پەنجا، دەڤێ گورا، کێل و ڤێل، رارەڤـانـدنـا مەرجـان و موریـا» هندەك پەیڤێن نەرمتر دبنە قاچکێ دەڤێ «مزوری» دڤان هویا خویا دبیت:ـ

«کورکو دینو
بێ من دخازن
شویا ناکەم.
دەست و بەریکێین بافێ من
پر گوتن و ژڤان بکەن
بیا وان ناکەم.
پشتی بەژنا تەر و تولا
سیابەندی و مەمێ ئالان
ژەهرەمار بیت
مێرا ناکەم.»

جارەکـا دی پشت راستی و باوەریا شینبـوی دهناڤێن هوزانـا «مـزوری»دا و چ هویێن کوتـەکیێ و خورتیێ دوان رستێن هەدا نینن مینا بێژیت:

«گەر بابێ من هێت و پیلکەن» یان «گەر من ب کوژن و ب سوژن».

خازتن و نە شوکـرن و ژڤـان و گوتن و پر بێـژی هەمی پەیڤێن نەرمن و رەوانە و نە پێدڤی خو گوریکرنەکا مەزنن کو ل رێـزا خو گوریکـرنا بەندا بەرێبن هەکو دگوت: «زاڤاکێ **باروڤێ ئەزم**» چونکو هەڤساری کریار و حەزکرنا د دەستێن یارێـدانـە. هەر چەنـدە رەنگـە زڤـریـەك پەیـدا دبیت دڤێ ئاخڤتنێـدا: «ژەهـرە ماربیت. . مێـرانـاکـەم» چونکو ژەهر نیشــانــا مرنێیــە، لێ تەنـاهیـا پێش وەخت ئەڤێ زڤـریێ رادمالیت ب دور ئێخستنا کریارێ.

ل دیڤ بزاڤ و هویا پەیڤا و رویدانێن دڤێ بەندێدا، چ بازەبـەر نینـن کەسـەك ب شێت پێ خو ل سەر دانیت و یارەکێ دەسـت نیشـان کەت ژ بلی یارەکـا ب راست و دروست، مروڤەکا مێ، ئەو نە بیتە هەڤپشککرنا کەسەکێ دی دگەل کەسێ ئێکێ.

سیابەندی دگەل مەمێ ئالان» ل جەم من ئەڤا هە رێ ڤەوژارتنە بو بەندا دپاشدا کو «مزوری» دزڤریت و ئەدابێن یارا خو دنەخشینیتڤە ل دیڤ سالوڤێن وەلاتی ب دبارکرنا گەلەکیا عاشقا:

«کچکێ دینێ
ئەڤروکە عاشق نە ئێکە
ئەو تژینە.
ئەزم، جزیری و خانی و
جەگەر خوینە.
باوەر بکە جانا منێ
پەیڤا ژ بیرکرنا ناڤێ تە
د دەفتەرکێن مە دا نینە.
د دەفتەرکێن
مەدا نینە.»

دەمێ «مـزوری» ئەوان عاشقـان دکـەتـە گەلـەك و نە ڤەجنقیت، ئێکســەر ئیشـارەتـا وەلاتی دهـزرێن مروڤیـدا پەیدادبیت یارەکا سپەهی و دلدارێن بەژنا رەند دزورن.

ل دوماهیا حەیرانوکا خو مزوری ب هندەك پەیڤێن نازك باوەریـا یارا خو موکـوم دکـەت کو پشت راستبیت چ جارا ناهێتە ژ بیرکرن.

**ئەزا هوزانڤانی:ـ**

«مزوری» کەسێ ئێکێ ب کارئینایە، ئانکو هوزانڤان ب خو. ل ژێر گڤـاشتـا خویـاتیـا کەسێ هوزانڤانی، دبەندا ئێکێدا «من لە بیرن». «من» ئانکو ئەز ژ زاردەڤێ

هوزانڤانی.

دبەندا دوێدا «بەژناتە، تیراتە، ڤیناتە». «تە» ژ زاردەڤێ یارێ ئانکو ئەزا هوزانڤانی.

دبەندا سیێدا «منی»ب کارئینایە، ئانکو «ئەز». دبەندا چارێدا «تە»ب کارئینایە ژ زاردەڤێ یارێ، ئانکو «ئەز» هوزانڤانی.

دبەندا پێنجێدا «من» ئانکو «ئەز» ب کارئینایە دبەندا شەشێدا «من نە هێلە» ژ زاردەڤێ یارێ، ئانکو «تو من نە هێلە»، «تو» جهێ «ئەز»ا هوزانڤانی دگریت.

دبەندا حەفتێدا «من» ل شونا «ئەز»ا هوزانڤانی ب کارئینایە.

دبەندا هەشتێدا «دەستێ خو...»، «خو» ژ زاردەڤێ یارێ، ئانکو «ئەز»ا هوزانڤانی.

دبەندا نەهێدا«ئەز» ب دروستی ب کارئینایە. دبەندا دەهێدا «**پشتی بەژنا تەر و تولا.. سیابەندی و مەمێ ئالان**» ل ڤێرێ «ئەز» هوزانڤانی ژ کەڤلوژانکێ خو دەرکەت و قانەکا بەرفرەهتر گرت دبیتە «ئەز»ا جڤاکی، لی «ئەز»ا کەتا بژارە یا جڤاکی.

دبەندا دوماهیێدا «ئەز»ا جڤاکی پتر روخن و بەلی دبیت دەمێ «مزوری» دگەڤزیت دناڤ «ئەز» ێن ژێك ڤاڤرادا، «**ئەڤروکە عاشق نە ئێکە.. ئەو تژینە**»، «ئەو» تشتەکێ دورە ژ کەساتییا هوزانڤانی و دزڤریت «وان» دکەساتیا خودا دبوهژینیت دەمێ دبێت: «**ئەزم جزیری و خانی و جەگەرخوینە**»، کو دیسا ئەڤە کەتا بژارەنە یا جڤاکێ، جارەکا دی ڤێ «ئەز» ێ دبوهژینیت دناڤ «مە»دا «ئەز»ا جڤاکی.

ئەڤ سەحکرنا مە بۆ «ئەز»ا «مزوری»، مە ددانیت بەرامبەر موکومکرنا هزرا کو ژ سەری ئەم بۆچوین، [«مزوری» وەلاتێ خو یێ کریە پرك پێ بگەهیت ئەدابێن یارا خو و یارا خو یا کریە خودیك. جانی و سپەهییا وەلاتێ خو تێرا دبینیت].

یار و وەلات دهزرێن «مزوری»دا ئێکن و ژێك ناهێن بزداندن و گەلەك جارا ڤیایە شکەستنا خو ب گوهێزیت هندەك هوێن دی یێن ب ساناهیتر بچینیت د کەساتیا یارەکا ب راستی کو ب شێت ب گەهیتە خوشیەکا گوهێلی وەك پیگوهورك[٣٠] بۆ شکەستنا خو لەوما هەستەکا بەرزە نەهێلایە ئەو «ئەز»ە چ «ئەز»ێن جڤاکی وەرگریت ژ بەر «ئەنانیەتا» «الیدو» یا خومال دکەساتیا ویدا دەما یارا وی و وەلاتێ وی دهزرا ویدا دبنە ئێك یان یار قانەکا بەرفرەهتر ژ هزرا وی ڤەدگریت و خو ب سەر وێنێ وەلاتێ وی داددەت، ل. دەمێ ئەڤ وێنە ژێك دهێن ڤاڤراکرن و وەلات ئەدابێن خو ب سەر یاری داددەت، دەرگەهێ «ئەز»ا جڤاکی ڤەدبیت. ژ لایەك دیڤە «ئەز»ا جڤاکی دهوزانا «مزوری»دا تنێ کەتا بژارە یا ئەندامێن جڤاکێ ڤەدگریت. ڤەکوشتنا ئێلا ب هەمیڤە درێکا ڤیانا یارێدا، هەر چ بیت ئەگەر ژی و ساخکرنا سیابەندی و مەموی، خانی، جزیری و جەگەرخوینی.. ئانکویەکێ د دەتە مە کو «مزوری» دهەستێن خوێن بلندا خو رادکێشیت بەرەڤ دەستەکا بژارە یا جڤاکی و ژ ئولیەکا بلند بەرێ خو ددەتە رەخ و بەرێن خو.

وێنە د حەیرانوکێدا:-

---

د حەیرانوکێدا «مزوری» وەکو هەرجار سەرێ خو بلند کریە، وەك هونەرمەندەکێ پرشیان و وێنەیێن موکوم د کەڤالێن برێدا ب نەخشینیت. ئەڤ وێنە پڕ هەست و دلوڤانی دڤان و ێنادا پێلێن نازکن، خو ل ناڤ چاڤێن مروڤی ددەن.

«کەزێن تە، زێ و خابورن.  
چاڤێن تە، دەریا ئورمێ و  
وانا کۆرن.  
سالا ل دیف سالێ دبەزیت  
هلم و بێنا تە یا پیروز

دەم و گاڤێ

من لە بیرن.»

«مزوری» کەڤالەکێ بێدەنگە یێ نەخشاندی ژ دو لایا، کەڤالەکێ رزگار ب رەنگەکێ تەعبیری کو کەزی زێ و خابوربن و چاڤ دەریا ئورمێ و وانا کوربن، لایێ دی ئیشارەت ژ هلم و بێهنا.

ئەڤ کەڤالە، کەڤالەکێ بێدەنگە و یێ دیڤەلانك کریە ب بزاڤ و لڤینا بەلاڤبونا هلم و بێهنا و تشتێ کو سەرنجا مروڤی رادکێشیت دڤی کەڤالیدا گیروکرنا هەستانە، هەست و دلوڤانی دڤەماینە ژ «حافزەی دڤی کەڤالی و کەڤالێ پاشدا:

«بەژنا تە، بەژنا مەمویە
تیرا تە، ژ دارێ موکومێ
چیاکێ مەتینا و ...
بەمویە.»

دڤان هەردو کەڤالادا «مزوری» بیاڤێ ددەتن خو و خویندەڤانی کو ئەگەرا ڤەبزڤینا هەستا ل جەمێ پەیدابیت، پشتی هنگێ هەڤسارێ هەستا بەردەت کو «هلم و بێن ل بیربن» یان «دەرگەهێ دلێ یارێ یێ ڤەکری و ڤەبوی بیت».

هەروەسا دێ بینین کو «مزوری» چارەسەریا وێنێ سەرەکی ب وێنێ نەسەرەکی دکەت وەك ئیشارەتا هلم و بێنا و دەرگەهێ دلی.

رەنگەکێ دی یێ وێنەگرتنێ «مزوری» ب کارئینایە مینا ئاویزەکێ نیشادانا سلایدا وێنێن ب لەز و ژێك جودا و نێزیکی ئێك بدەت پێش چاڤێن مروڤی و ل دوماهیێ ئەڤ وێنێن ژێك جودا وێنەکێ مەزنتر دهزرێن مروڤیدا پەیداکەت، وێنەکێ «انطباعي».

«کچکێ دینێ
دوازدە مەها، ل بیرامنی،
د دەراڤێ تاری و تەنگدا
گوریکا خەتیرا منی.
د ناڤ چەرخا لەیزتنا
ئەڤینداران و بەردلکان
هەمی گاڤا خاتون و سەرمیرا منی.»

یان ئەڤ کەڤالێ هە، پتر وێنێن ژێك جودا یێن هور خو ددەن ئێك دکەڤالەکیدا و وێنەکێ «انطباعي» یێ مەزنتر دهزرێن مروڤیدا پەیدا دکەن.

«کورکو دینو
دلکێ من سولینا تەرە
تو سیس نەکە.
دیمێ خویێ بەفر و شرین
ب خال و دەڤا تو پیس نەکە
تەیر و تلورێن بیانیا
دلێڤ رەش و تەڤ کەچەلن
تو لیس نەکە.»

«مزوری» رەنگە و بزاڤ ب کارئینانە بۆ چارەسەرکرنا بابەتێ خو و دیارکرنا بیر و هەستێن خو دگەل لێکدانا وێنا دکەڤالەکیدا مینا رەنگێ زەرێ سیس وەك بزاڤا «لیس نەکە، پیس نەکە، ...»، لێ ئەڤ لڤینە هێدی و تەنانە نە ب لەزن

دڤی کەڤالێ هێتدا «مزوری» لڤینێن ب لەز و رەڤەك و زڤر ب کارئینانە دوینەیدا ئاویزە بۆ دەرئێخستنا هەستێن خو و بزاڤا لڤلڤینا و بزاڤا هەستێن وی دگەهنە ئێك ب رەڤەکیێ.

«کورکو دینو
ئاڤا روبارێ گوندێ مە
پێل و پێلە.
ل سەر سینگێ من ژ چار لاڤە
کێل و ڤیلە.»

من نەڤێت ئەز گەلەك ب هوری ل دیڤ وێنەگرتنا «مزوری» را ببەزم و ڤی بابەتی دێ هێلم بۆ لێکولینەکا تایبەتی ژ لایێ هەڤالەکێ دیڤە تشتێ من دڤیا ب گەهینێ دڤێ گالگالێدا ئەوە کو «مزوری» وێنەگرەکێ پر شیانە.

«مزوری» یێ شیای وێنەکێ جوان بنەخشینیت ژ ئاهێن هەی و لڤین و هەستا تێدا توماربکەت ئەڤ وێنە دئەرنینە ژ هەستێن ئازری و دلوڤانیەکا رەڤەك، لێ ئەڤ وێنە هەر وەکو ب رەش و سپی ب تنێ هاتینە نەخشاندن نە درەنگە کرینە و دبێ دەنگن، ئانکو «مزوری» رەنگ و دەنگ ب کار نەئینانە دا کوراتیەکا دی یا جانیێ ب دەن وێنێن وی تنێ جارەکێ رەنگێ زەرێ پر خەم بو کاودانەکا مەلول ب کارئینایە ئەو ژی «دلێ من سولینا تەرە.. تو سیس نەکە» کو رەنگێ زەر نوینەریا هەستا ب کەت.

ب گشتی ئاشوپا هوزانێ ل جەم «مزوری» گەلەکا بەرفرەهەیە بر شیانە و ب تایبەتی دحەیرانوکێدا ئەڤ ئاشوپە بەرفرەهتر لێ دهێت.

خەیالا «مزوری خەیالەکا داهێنەرە، نویژەن ئاهێن جانیێ لێکددەت و تشتێ نویژەن دادهینیت و پەیدادکەت، مینا لێکدانا زێ و خابورا د دیمێ یارێدا و دو دەریا، هەروەسا شیانا ئاشوپا «مزوری» ئاهێن بچوك مەزن دکەت و یێن مەزن بچوك دکەت، ئەڤ خەیالا موکومە «مزوری» یێ نوینەریا هەستێن ژنا دکەتن.

دیسا ئەڤ شیانێن هەیێن ئاشوپی دورا ژێرا نێزیك دکەن، ونێزیکا دوردکەن و یارا وی پەیدابونەکا بەردەوام وەردگریت دهزرێن ویدا.

**کەلەپور دحەیرانوکێدا:**

بەرێ نوکە مە گوت کو حەیرانوکا «مزوری» پارچەکە ژ حەیرانوکا کوردی، دوقولیە دبەرا کورو کچێدا، لێ «مزوری» نە هەر روخسارێ هوزانێ ب تنێ بەرەڤ حەیرانوکا کوردی بریە، دبیت ئاویزا دەرێنخستنا هوزانێ، «پەیڤێن» وێ ژی دراکرین ژ مشتاخا سترانا فولکلوریا کوردی مینا: «کورکو دینو»و «کچکێ دینێ»و ئاوایێ بچوك کرنێ مینا: «دلکێ من عبدالا خودێ» و «گەردەنوکا من» و دیسا «مزوری» ژ بلی چەنداهە هندەك پارچێن سترانێن فولکلوری یێن بوهژاندین دناڤ تایێن حەیرانوکا خودا مینا: «کورکو دینو.. خەم هەلگر و سەرێ خەما» کو «مزوری» هوسا ب کارئینایە: «کورکو دینو.. کائیك و باپیرێ خەما» یان ژی بوهژاندنا ڤێ بەندا «شەمسو خانێ»:

«من سوند خار و
شویا ناکەم
وەللا من سوندەکا خاری
ل دارێ دینایێ
ب بەژنا تەیا بلند
ب ناڤ تەنگا تە یا زراڤ
عەزیز و شویا ناکەم
دەست و تلێن خو یێن زەیتونی خەنا ناکەم
وەللا حەتا من دهێلن قەبرا
ئەز عاشقا تەمە عەزیز و توبە ناکەم.»

ئەڤ بەندە «مزوری» ب کارئینایە و بوهژاندییە دڤێ بەندێدا:

«یێ من دخازن
شویا ناکەم.
دەست و بەریکێن باڤێ من
پر گوتن و ژڤان بکەن
ب یا وان ناکەم.
پشتی بەژنا تەر و تولا
سیابەندی و مەمێ ئالان
ژەهرەمار بیت
مێرا ناکەم.»

دێ بینین کو «مزوری» سترانا کوردی یا بوهژاندی دهوزانا خودا و خیچکێن ئاشکرا یێن سترانێ بەرزەکرینە و ئەڤە جانیەکێ و کوراتیەکێ ددەنە حەیرانوکا وی.. دیسا ژ کەلەپورێ نفیسی «مزوری» مروڤ یێن کرینە خاستە بو هوێن وی دڤێن، مینا «مەموێ و «سیابەندێ و «مەمێ ئالان» و «جزیری» و «خانی» و «جەگەرخوین» کو بژارا جڤاکینە.

ئەم دشێین بێژین کو «مزوری» کەلەپور ب سەرکەفتن

به کارئینایه و هوزانا وی ب هێز دێخیت.

گوتنا دپاش ژ هەستێن سەربەردای و دلوڤانییا رەڤەك یا

کو پەیڤێن «مزوری» دناڤ تایێن خوڤە وەرپێچای و هەروەسا وێنێن وی و خویاتی «الـذاتیـه» یا دژوار دحەیرانوکا

«مزوری»دا و خەونێن هشیاریێ و ئەختوبارییا رومانسییا حەتا مرنێ و ئاشوپا بەرفرەهـ رێکی ددەنە مە کو بێژین

حەیرانوکا «مزوری» کارەکێ رومانسییە و «مزوری» عاشقەك و نیشتمان پەروەرەکێ رومانسییە.

کو روژا رومانسیەتێ یا ئاڤابوی گەر ئەو بگەرێێن ل ئەگەرا دێ دوکەرکەین ڤی باری ل سەر ملێن دو تشتا.

ئێك ژێ حەزکرنا «مزوری» یا دوێ روخسار و ئاوایێ هوزانێ.

کو حەیرانوکا کوردی دبنیاتدا دو قولییە دبەرا کور و کچا و هەستێن عەشقەکا دژوار رادگریت و پڕ خوزی و

حەزکرنێن ڤێکرا گەهشتنێ، دێ بینین هەر کارەکێ ب سەر ڤی ئاڤاهیڤە بچیت ب ڤێت و نەڤێت دێ توشی هەستێن

ئێك جار دژوار بیت و رومانسیەتێ، لەوما ل دیڤ هزرێن من وەجا ئەم ژ ڤی بابەتی دبینین دمینیت کێشە و سەردا و

خواستە و پەیڤ نە چ هونەرێ ئاڤاهیێ هوزانێ.

ڤەرهەنگوك:-

---

١ - ژیرزانی :- «فلسفي».

٢ - ئاهـ :- تشت، شت،

٣ - ڤەرێژ :- بەرهەم،

٤ - وەرار :- پێشکەوتن، «نمو»

٥ - سەربور :- سەرهاتی

٦ - خش :- کێماتی

٧ - ٨ بهاڤ - بیاڤ :- «مجال»، «مسافة»، «مدی».

٩ - ئەداب :- «ملامح».

١٠ - خاستە :- خواستە، خواستن،

١١ - ئاریان :- «هێجان».

١٢ - سەربەردای :- «مطلق».

١٣ - نهێنی :- «سر»،

١٤ - گونێلی :- گوهنێلی، «جنسی».

١٥ - کەڤلوژانك :- «قناع»،

١٦ - ئەختوباری :- دلسوزی حەیرانی

١٧ - نەپەن :- ڤەشارتی

١٨ - ب چڕ چو :- ،تێکچون.

١٩ - کوتەکی :- بەزوری،

٢٠ - بوهژاندن :- توانەوە،

٢١ - کەس :- کەساتیاخو:

٢٢ ـ باربەری :ـ رەفتارباشی.

٢٣ ـ ئالیسەنگ :ـ «اخلال توازن».

٢٤ ـ هاڤیبون :ـ «الاغتراب».

٢٥ ـ بادار :ـ گیایەکێ زەرە.

٢٦ ـ سەرە دەری :ـ تعامل

٢٧ ـ الافاعلیه :ـ نە هویا نەساخیەکێ ددەت، لێ ئانکو نە شیانا مروڤییە یێ «لافاعلي» کو بێ‌ڤیت بزاڤەکا سەراست و نەخشەکێشای بۆ دەمەکێ درێژ دا بگەهیت ئارمانجێن خو. ئەڤ ساخلەتا هە دبیتە ئەگەرا پەیدا بونا خەمێن دەمدەمی و هەر ئاستەنگەکا بکەڤیتە درێکا «لافاعلي»دا، ل پێش چاڤا دبیتە کاریساتەك و نەشێت ژێ دەرباز بیت.

٢٨ ـ ڤەژەنین :ـ «ردفعل»، «انعکاس»

٢٩ ـ هەلهەلە :ـ طائش

ژێدەر:


١ ـ قورئانا پیروز.

٢ ـ روژناما هاوکاری ـ ژمارە :ـ ٦٥٦ رێکەفتا ـ ١٩٨٤/١٠/٤.

٣ ـ روژناما هاوکاری ـ ژمارە :ـ ٦٥٧ ـ رێکەفتا ـ ١٩٨٤/١٠/١١.

٤ ـ کوڤارا بەیان ـ ژمارە :ـ ٨٩.

٥ ـ کوڤارا بەیان ـ ژمارە :ـ ١٠٣.

٦ ـ دەقێن فولکلوری ژ زاردەڤێ محەممەدێ یاسینێ نهاریێ ژ خەلکێ گوندێ بامەرنێ‌یە.

٧ ـ الکسندر هگرتی کراب «علم الفلکلور».

٨ ـ طراد الکبیسی «شجرة الغابة الحجري».

٩ ـ محي الدين صبحي «الكون الشعري عند نزار القباني».

١٠ ـ «اوستين وارين» لە «رينيه ويليك» «نظريه الأدب» ـ ترجمة: محي الدين صبحي.

١١ ـ ليليان ر. فرست «موسوعه المصطلح النقدى ـ الرومانسية» ترجمة: عبدالواحد لؤلؤه.

١٢ ـ «ريتشارد شاخت» «الاغتراب» ارجمة: كامل يوسف حسين.


تێبینی:ـ ئەڤ لێکولینا رەخنەیی یا هاتیە خواندن دکۆرەکێ ئەدەبیدا ل بارەگایێ ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەرێن کورد تایێ دهوکێ.

# ئەگەر درۆ نەنگ نەبوایە

○ لەتیف هەڵمەت ○



ئەگەر درۆ نەنگ نەبوایە
دەمووت دایکم نەمردووە
دەمووت دایکم ڕێچکەی کێو
دارستان و پەڵە هەورو شنەی بایە
ئەگەر درۆ نەنگە نەبوایە

دەمووت دایکم قوڵپی خوێنەو لە دڵمایە
بەڵام دایە
درۆ ناکەم گیانی تۆ کێش و سەروایە
سۆزو تام و مۆسیقایە
لە هەموو هەڵبەستێکمایە

● ● ●

تۆ لە دڵمای
جارجار دەبی بە سوێسکێك و هەڵدەفڕی
بۆ سەر پەرێزێ... خەرمانێ
جارجار دەبی بە ئاسکۆڵەو

دەچی بۆناو دارستانێ
جارجار دەبی بە ئاگردان
زستان پڕ دەکەی لە سکڵ
جارجاریش دەبی بە باران
دەفتەرم پڕ دەکەی لە گوڵ
درۆ ناکەم تۆ نەمردووی نە ئەی دایە
لە گشت جێیەك تۆم لێ دیارەو
دەنگی تۆ دێ لە گشت لایە....!




# چیتر بۆ ئەم عەشقە کۆنەت نەگری...!

شیعری/ ناظم دلبەند

* پەنجەرەی ژوورەکەم داناخەم و گوێم لە هەموو چرپەیەکتە...
لە شەوانی نەسرەوتنا...
گوێم هەڵخستووەو دەنگە هەڵدەبڕی
لە پاڵ پێشکەی یەکەم نۆبەرەی کچێنیتا..
● رۆڵە لەیلایە رۆڵە لەیلایە
شەوگار درەنگەو بۆ خەوت نایە
بنو رۆڵەکەم خەوت بێدار بێ
دوا رۆژی رونم بەتۆوە دیار بێ... ●
ئەو مەمکانەت تاکو دوێنێ...
بە حەسرەت بووم جارێك تێر، تێر بیان مژم
بەحەسرەت بووم شەوێك خەون
بە باڵاتەوە ببینم
جارێك سینگت نەیتوانی پڕ بە دڵم سەری گێژم بگرێتە خۆی...



کەچی ئەمڕۆش ئەو منداڵەی کە شەوانی زستانی درێژ..
شەوان لەگەڵ پێکەنین و گریانیا پێ‌ئەکەنی‌و
خەوی شیرین دەتباتەوە..
بەکەیفی خۆی وەکو کارمامزێکی کێوی
بەنێوە رەزی سینگ و مەمکت
خول دەخوات و لێی تێر دەبی‌و
جێی ناهێڵی‌و ناڕواتەوە...
خۆزگەم بە خۆت ئەی منداڵە چاو شینەکە
خۆزگەم بە خۆت ئەی تریفەی مانگی قەشەنگە
کە تێر بۆ خۆت دەڕوانیتە..
جوانی کچێکی شۆخ و شەنگە..
سبەو دووسبەی..
وەك تۆ ئاسا
منیش هەڵقەی زاوایەتی کچێك دەکەم بە پەنجەما...
نابێ گیانە لێم دڵگیربی..

له دوورەوەش یەك، دوو تنۆك فرمێسکی گەرم
دەڕێژمە سەر یادەکان و... ماڵ ئاوایی
لە دوو ساڵی رەبەق دەکەم...
سبەو دوو سبەی
لە شەقامە جەنجاڵەکان

قۆڵ لەناو قۆڵ لەگەڵ بووکی چەند رۆژەما
هەنگاو لە پاوەشمان دەگرێ
گەر خێر خوایێ ئەم هەواڵەی پێ گەیاندی
گیانە نەکەی لێم دڵگیربی..
چونکە من بووم هەموو شتێکم بۆ تۆ ویست
من بەهارم لە جوار وەرزا بۆ تۆ دزی
من شەوانی بەفر بارین لە ناو بۆتەی
خەمەکانی چاوی تۆدا دەتوامەوە..
زەمانێکی ئێجگار درێژ بۆ روخسارت
سێبەر بووم و دەشنامەوە..
کەچی تەنها تۆ نەتتوانی لە مەرامی شەوی رەشا
یاخی بیت و نەبیت بە مۆم
تا توانەوەت بە دواوە بێ
ئەم عەشقەمان سەوزتر بێ‌و
بەهارێکی گەشاوە بێ.
وەك تۆ ئاسا..
سبەو دوو سبەی
منیش شەوان گوێچکە کانم بۆ گریانی کۆرپەیەکا..
سووك شل دەکەم..
لەگەڵ چاوە رەشەکانیا
ئەو تەمەنەم بەسەر دەبەم
وەك تۆ ئاسا..
بۆ دوا جار..
بوخچەی هەموو یادەکانم دەپێچمەوە...
ئەم دڵەشم جارێکیتر بۆ هیچ کچێك ناکەمەوە..

# عاشق

«دڵشاد مەریوانی»

منیش هەروەهاو
تۆیش هەر تەواو... نی
کەچی هەر خۆشم دەوی!
کەچی هەر خۆشت دەوم!
وا ـ زان دەکەم...
گەر لیم ون بی... دەکەوم
وا ـ زان دەکەی...
گەر لیم ون بم... دەنەوی

★ ★ ★

گەلێك جار وا هەست دەكەم
خۆشەویستیت؛
کەڵە مێروو یەکی سوورە
هەڵ دەزنێ بە لەشم دا
دەنك... دەنك... وەکو گەنم
شانەکانی لەشم هەموو
دەگوێزێتەوە ناو لەشت
کاتێك ئاوور دەدەمەوە
تۆ...
بووی... بەمن.
من....
هەر منم!

★ ★ ★

گەلێك جار وا هەست دەكەم
گیانی خەڵکی دەورو بەرم؛
وەك خشتی سوور..

دەخەمە سەر بینای گیانم
هەتا دەبم:
بە کۆشکێکی پڕ لە نوور

کاتێك ئاوور دەدەمەوە
من....
من نیم و

من...
ئەوانم!

★ ★ ★

هەندێ جار...
گوێ لە دەنگی عەلی مەردان
دەگرم.
وا دەزانم عاشقی کیژێکی
کوردم
کەچی کاتێك...
دەرژێمە ناو بازارەکان
نەك هەر کیژێك..
کیژان... کوڕان....
دەبینم.
سا، تێ دەگەم؛
کیژێك... نا، من
عاشقی هەموو کوردم!

---

* بۆ گیانی شەمسی تەوریزی.




**کۆکردنەوەی و ئامادەکردنی**
**طارق غفور مەنتك**

چاووت وەك چاوی ماری
خۆم هاوێشتە سەر دیواری
ماچت دەکەم پڕ بەزاری
★ ★ ★
چاووت وەك و چاوی مەڕێ
ڕۆحم لەدەوری بالات گەڕێ
من مێوانم ناکەم شەڕێ
★ ★ ★
چاووت وەك و چاوی بوقێ
لەدووت دەکەم گورگە لۆقێ
بۆت نەماوم تۆقم کەوێ
★ ★ ★
چاووت وەك و چاوی کارێ
لەدووت دەکەم مارەو مارێ
بۆت نەماوم کچێ زارێ
★ ★ ★

چاووت ئەستێرەی هیلالی
هەلدێ لەلای جلّ بەسەری
لاوی بێ دۆست قوڕبەسەری
★ ★ ★

چاووت ئەستێرەی بەنیازی
هەلیان دێنێ چەند بەنازی
بەکوشتنم ئاوات خوازی

**دەمەتەقەی شوان و کچ**
شوان/ کیژێ لە تەلاتێ
گەر دەستم بت گاتێ
حەوت ماچ دەکەم بەکەرەتێ
کچ/ شوانی شەروالّ بەپینە
لەراستی من حەرت نینە
ئەم قسانە هیچ نینە
شوان/ بەخوای قسەی دریمە
کیژۆلەی ناسك و نازدار
چاو جوانەی شەدەلار
کچ/ زۆر گۆتنت بەلاشە
چی‌تر لێم مەیە پێشە
زەرەرتەو کەیفی خۆتە
شوان/ هێ فاتمەکەی مەزە دارێ
دونیا دەشتەوکێ دەزانێ
با ئەم خێرەشت بگاتێ
کچ/ هۆ شوانەکەی بێ‌بروا
دەترسم بیکەیتە هەرا
دوای دەم کوژن باوك وبرا
شوان/ بەوخوایەی لەعاسمانێ
کەس لەدەمم نازانێ
لەگەرخۆم دەیبەمە قەبرێ

# نامە شیعرییەگاڵتەو گەپەکانی

## مەلا عەباسی کاکەیی

chalakmuhamad@gmail.com

● هاشم کاکەیی ●

ئێمەی گەلی کورد.. شاعیرو بوێژی زۆرمان هەبووە، کە شیعری گاڵتەو گەپیان وتبێ.. یان هەر نەبێ شتێکی گاڵتەو گەمەیان ئاخنیوەتە نێو چەند دێرێك لە هۆنراوە ناسك و تەڕەکانیان، وەکو نالی و قانع و بێخود و پیرەمێردو شێخ ڕەزاو .... هتد.

گاڵتەو گەپیش یانێ بە باداني خەمو پەژارەی دڵ و ڕزگار بوونی مرۆڤ لە ئاڵۆزیو ناخۆشی ڕۆژگار، زۆر کەس بە هۆی گاڵتەو گەپەوە، ئەو شتانەی کە لە مێشك و دڵ و دەروونیا دێت و دەچێت.. دەری دەبڕێت. بۆیە (مەلا)یش لە ڕێگای گاڵتەو گەپەوە، زۆر شتی دەروونی خۆی هەڵڕێژتوتە سەر کاغەز، وەیان هەندێ جار بۆ خۆشیو زەوق، گاڵتەو گەپی سازاندوە لە شیعرا.. تا زەردەخەنەیەك سەر لێو بگرێ. (مەلا) یەکێکە لە شاعیرە کەڵەمێردەکانی ناو (کاکەیی)، لە ساڵی (١٨٨٢ز) لە شاری (کەرکووك) هاتۆتە دنیاوە.. وە لە ساڵی (١٩٦٦ز) کۆچی دوایی کردوە. نازناوی شیعریی بە (حلمي)یان (مخلص) پەیدا کردوە.. (مەلا) مامۆستایەکی شارەزاو لێ هاتووی ناوچەکە بووە.. هانی خەڵقی داوە بۆ خوێندن و فێربوون و پێشکەوتن. تا بڵێی هەژارو نەدار بووە، بەڵام هەمیشە لایەنگری مافی هەژاران و برسیو ڕووتەڵەکان بووە. زۆر لە شیعرەکانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتیو ئاغایەتین و بەتوندیو ئازایەتی بەرامبەر کردەوە نارێکەکانیان ڕاوەستاوە.

ئەم شیعرانەی لێرەدا کە پێشکەشی ئێوەی خوێنەری بەڕێزی دەکەم ئەو نامانەن کە (مەلا) بە شیعرەوە دەریانی

بڕیوە، بۆ هاوڕێ یەکی بەناری (محەمەد عەلی)... بەوە کە هاوڕێی گیانی بە گیانی (مەلا) بووە.

ئێستاش فەرموون ئێوەو نامە شیعری یە گاڵتەو گەپەکانی (مەلا عەباس)..

حاجی گیان موفلس....(★)

مەعلووم بۆ لێتان، (مەلا) بی موفلس!
سەبردار چەدەست، قەوم یەقین سس!
(حاجی) چی شعرە، قسە مەکەر وس!
جەریمەی کاغەز، دانم بیست فلس
داویت چەکاغەز، پۆلێ مالییە!
ئەزانی! (مەلا)، ئەمە.. حاڵییە!
وە قەردو وەفەرد، بیست فلس تەمام
دام وە جەریمە، باقی وە سەلام
وەی تەورە مەبۆ؟ ئوستاو شاگردی!
چی ئاخر وەختە، ئەی زوڵم پێم کەردی؟!
یەك فلس پەرێم، وێنەی دینارەن
ئەر مەد بواچان، (مەلا) بێ عارەن!
هەقی بیست فلس، هەتاوە بیست ساڵ
سلفەش بکیانە، حاجی خۆش خەیاڵ!
هان چە ئۆغرت، تەمام سەرو ماڵ
هەقی بیست فلس، مۆ کەری ئیکماڵ!
من واتم حاجی، ڕوحە ئەل حەیاتی
ئەزانام عەتار، ناوو دێهاتی!
باش تاجرەنی، هەم دەفتەر فرۆش
چەو بۆنە مەلات، کەردەن فەرامۆش!
برایێ.. مەشغول، کار عەتاری بۆ!
مەعلوومەن لێمان، چەبێزاری بۆ!
هەنێ کافیەن، گفتوگۆی کەلام
ڕوح مەکەم فیدات، (حاجی) نیکی نام!

لەم شیعـرە گاڵتـەو گەپـەی (مـەلا)یـا.. ئەوەمـان بۆ دەرئەکەوێ کە مەلا گەلێ نەدارو هەژار بووە لە ژیانیا.. وە لە هەمـان کاتـدا، سایـەدارو دڵ گەورەو چاوکـراوە بووە بۆ هەژاران. جارێکیان (حاجی)= (محەمەد عەلی) هاوڕێی مەلا.. هەڵ دەستی نامـە ـ یەك بۆ مەلا ڕەوانـە دەکـات و پولێکی (مـالیـە)ی پێـوە دەنووسێنێ لە جیاتی پولی پوستەی ڕاستەقینە.. ئەو کاتەش ئەو نامەیەی، ئەو جۆرە پولانەی پێوە ببوایە، دەیانگەیاندە دەستی ئەو کەسەی کە نامەکەی بۆ نێردراوەو سزایان دەداو پارەی پوول پۆستەی نامەکەیان لێ دەستاند.

بۆیە مەلا ئەڵێ بە هاوڕێ کەی.. کاکە تۆ کە ئەزانی باری ژیانی من هەژارە.. بۆچی پولی مالییەت دابوو لە نامەکەت، ئەوا سزایان داوم و.. بە قەرزو بەم لاو بەو لا ئەو بیست فلسـەم پەیـدا کردوو، دام بەو جەریمـەیـەی کە جەنابت کردی، یەك فلس بۆ منی هەژار، وێنەی دینارێکە ئەگەر خەڵقی صەد جار بڵێن مەلا وا نابێ‌و عەیبە.. بەڵام من لە قسـەی خەڵـقی بێ باکـم! وە ئەبێ فلس بە فلس سلفەی ئەو بیست فلسـەم، بۆ ڕەوانە بکەی.. هەرچەندە من سەرو ماڵم لە ئۆغری تۆدایە. دیسان نیوە گلەیی یەکی لە گەڵا ئەکـاو ئەڵێ: وا بویتـە بە خاوەن دوکـان و لە دێ هاتـەکـانـدا باش تاجـریت پەیـدا کردوە.. کەسێکیش خەریکی ماڵداری بێ، دیارە کەسی بە بیردا نایەت. ئیتر با بەس بێ گفتـو ـ گۆ کردنم، ڕوحیشم ئەکـەم بەفیـدات حاجی ناو باش.

ئیبتدا بەنام، پادشای قەدیر
خالیقەل مەخلوق، سوڵطان سەریر
سەلامم هەنەن، برای بێ نەزیر
قەت جاری ئێمە، ناوردی وەویر!
چە قەریەی (زەنقر)، واتم وە تەقریر
عەرز کەردم پەرێ، چوار (قزناق) شعیر
قەوڵت دا تەمام، وە بەندەی فەقیر
قەوڵی جۆ وە جۆ، نەدارو تەوفیر!
منیش کیانام، سەی (عەباس) چۆ سەوز

وه قەولْ برایی، شیرین وێنەی لەوز
گێلاْ وە دما، وە بۆش و بەتالْ
وواتش دەنگە نەکەرد، ئوستای پرکەمالْ!
·منیش سکووت بیم، عاجزو مەحزون

ئەمرش وەی تەورەن، قەیوم بێ چوون
(مەلا) موستە هەق، مەعاش ڕاتبە!
قەتعا ناکەم لێت، هیچ موعاتەبە
پەروانەی (شعیر)، (حونتە) مەهمانم
(پاقلە)و (زورات)، نشتەن وەشانم!
حەبیو حوبی مەکەم، هیچ نمەزانم!
فرۆفێل جەهان، ها لە گیرفانم!
(نحن قسمنا)، کەم کەردەن نانم
نەمەندەن تاقەت، تابو توانم
صەد حەیف زایعەن، واتەی بەیانم!
یار نی‌یەن وە تەنگ، زاریو گریانم!
ئەر زاتی موتلەق، نەکۆ دەرمانم؟!
سارێژ نمەبۆ، کۆنە زامانم!
برای خۆش ڕەونەق، فەردی شعیرەن
قەرار ئەی وەختە، بەو لەلبە عیرەن! *

* ـ (مەلا) لە گوندی (زەنقر)= یەکێکە لە گوندەکانی (کاکەیی)، داوای چوار قرناخ جۆی کردوە لە هاوڕێ یەکی بە ناوی (محەمەد)، ئەویش بەڵێنی داوەو بەڵام لە دوای ماوەیەك لە بەڵێنەکەی پاشگەز بۆتەوە، بۆیە مەلایش بە کابرایەکی پیاو ماقوڵی ڕاسپاردوە بە ناوی (سەید عەباس)، کە بچێ بۆ لای هاوڕێکەی.. بەو هیوایەی جۆکەی بۆ بنێرێ. بەڵام (مەلا) کاتێ ئەڕوانێ، پیاوەکە بە دەستی بەتاڵ گەڕاوەتەوە جۆیشی نەهێناوە.. (مەلا) کزیو ماتەمی دایدەگرێ، پاشان نارەزایی دڵ و هەژاریو نەداری خۆی دەردەبڕێ و هەڵدەڕێژێو دەڵێ: منی (مەلا) مافی مووچەم هەیە و ئەگەرچی مووچەشم نی‌یەو گلەیشم لە تۆ بە خۆرایی‌یە و هەرچەندە گەنم و پاقلەو گەنمە شامیم هەیە، بەڵام پێویستیم بە جۆی ئاژێز هەیە.. هەرچەندە خواناسی ئەکەم و هیچ نازانم، بەڵام لە هەموو فرۆفێڵێکی زەمانە شارەزام و ئەگەرچی خوا خۆی ئەم (رزقە) هەژاری‌یەی پێداووم و ناتوانم لەمە زیاتر.. خەریکی جووت و دورینەو ئاوداتی خەلەو کشتوکاڵ بم، وە گەرچی قسە کردنم بێ سوودەو کەسیش نی‌یە بە تەنگی گریان و هەژاری مەوە.. خۆ ئەگەر خودا نەکا چارە سەری منی هەژار هیچ کاتێ دەردو برینی من سارێژ نابێ.. قسەو بەڵێنی ئەمرۆ، وەکوو میزی حوشتر بەرەو دواوەیە!.

حاجی بێ مایە
شیر نمۆ وە ماست، هەم وە بێ مایە
چی ئاخر وەختە، ئێدمەن غایە
وە جا مەمانۆ، کولانەو کایە
تجارەت نمۆ، وە بێ سەرمایە
چەلای مونکیران، گوفتارم زایە
چە چوار ئەتراف، جەنگ و هەرایە
خوداوەند خەڵکان، کەرۆ حیمایە
نەمەندەن چی وەخت، قەدر هامسایە
خەلایق گوم ڕاهـ، دڵ بێ چرایە
جەمع میللەتان، هانْ چە دوعایە
ڕەئیس مەکەرۆ، قەدرێ ڕعایە
چە قەهر فرزەند، گشت حەرام زایە
هان چە فەلاکەت، پەدەرو دایە
میللەتی ئێمە، بێ فکرو ڕایە
گرۆی ئاغایان، نەداران سایە
صەد دادم چە دەست، عەلی سەرایە
شەوقی دینداری، لایان نەمایە
خەریك قومارو، بوهتانو کایە
خود بین خود پەسەند، ئاخر ڕسوایە
هێشتان نیاوان، (مەلا) وە پایە

چەو بۆنە مەراق، چەنگ و دەعوایە
(مەلا) گرفتار، نفس بێ حەیایە
شەرابەل تووتن، موشتاقی چایە

مەبەستی (مەلا) لەم هۆنراوەیەی ئەمەیە کە ئەڵێ.. هیچ شتێ بەدی نایە بۆ مرۆڤ ئەگەر هەوڵ و کۆشش و تێکۆشانی لەگەڵا نەبوو. وەکوو دیارە.. چۆنیەتی ئەو رۆژگارەی بەدڵ نەبووەو، خەڵقی شەوقی ئاینییان لەبیر چۆتەوەو هەموو لە جەنگ و هەراو ناخۆشیدا بوونەو ڕێزی هاوسێیەتی وبرایی‌یان لاکز بووە، کەسیش گوێی لە قسەو باسی (مەلا) ڕانەگرتووەو دایك و باوکان، کەوتوونەتە ماندووبوون بە دەستی منداڵانی تازە پێگەیشتووی سەرلێشێواو. میللەتەکەیشی بێ کەس و بێ ڕەهبەر ماوەتەوەو. ئاغاکانیش هیچ کارو کردەوەیەکی پوختەو لەبار بۆ خەڵکەکەیان ناکەن و (علی‌سەرا) هەموو کاتێ خەریکی یاری کردنی قومارن و، هەر خۆیان.. خۆیانیان لاپەسەندەو.. دوایش هەموو سەرگەدان و ڕیسوا دەبن.. ئەگەر چی من هیچ پایەو دەسەلاتێکم نی‌یە، بەلام لەبەر ئەو هۆیانە منیش لە جەنگ و هەرادام.. (مەلا)یش گرفتار بووە بەدەستی نەفسی بێ شەرمی‌و هەڵمژی تووتنەو ئاشق بە چایە.

حاجی گیان ئامان.....
یە چەندێ وەختەن، ئامانت ئامان
کەشتیم هاچە گێژ، ئی بەحر غەمان
بێ شەوق و بێ زەوق، ئوفتادەی مەیدان
دائیما مەشغول، کاری عەتاری
چەو بۆنە وەی تەور، لیمان بێزاری
تجار دەفتەر، هەم چایو وەرەق
دەرهەق (مەلا)، دڵت بیەن ڕەق
تاجری مەرغوب، قەریەی شێخ ڕەحیم!
دۆستی وەفادار؟ ئەی یاری قەدیم؟!

مەشغوڵی هێلکە، یومرتەو خایی
(فەقێ) کەرد حامەك، بێزار چەپایی!
ئەوەڵ سەلامم، وە (کوێخا دەروێش)
پلاو برنج خۆر، بێ خۆفو ئەندێش
دوومین سەلامم، وە جەمع ئاوایی
وە گەورەو بویچك، وە کەیخو شایی
سەهەم سەلام بۆ، وە دێی (قەرامی)
دەوران برانان، وە شادییو کامی

ماباقی دێهات، دڵ بی کەدەر بۆ
(سەید) و (باوە)، لێش بێ زەرەر بۆ
قەریەی (تۆبزاوە)، تەمامی یەکسەر
سەلامشان هەنەن، کیبارو ئەزغەر
هەنی کافیەن، ئەشعارم تەمام
ئەلئەمر منکم، باقی وەلسەلام

(مەلا) لەم شیعرەیا، گلەیی لە دۆستەکەی ئەکات و ئەڵێ: بۆ نامەت لیمان بریوەو، پرسیارو بیرمان ناکەیت و دڵت بووە بە بەرد بەرامبەرمان.. هەمیشە وێڵی بە دوای ماڵداری‌و بویتە بە فرۆشیاری کەشکۆل و.. چاوو، دەفتەری لەفی جگەرە.. لە گوندی (شێخ ڕەحیم)= نزیك بە (خانەقین). هەروەها (مەلا) بە گاڵتەو گەپەوە سەڵاوی خۆی ڕازاندۆتەوە.. بۆ یەکێك لە ناسیاوانی لە گوندەکە، و پێی وتووە.. پلاو برنج خۆری بێ خۆفوو ئەندێش. وە سەڵاویشی ئاراستەی گەورەو بچووك کردووەو. داوای هەمیشە شادبوونی بۆ خواستوون.. دیسانەوە سەڵاوی ناردووە بۆ. گوندی (قەرامی)= نزیك بە (خانەقین)و ئەڵێ: هەموو لە شادییو خۆشی دابن.. وە هەموو گوندەکانی تریش لەخۆشی‌و گەشانەوە دابن و، (باوە) و (سەید لێی بێ تەنگووچەڵەمەبێ‌و. لە کۆتایشا ئەڵێ: سەڵاوی دانیشتوانی گوندی (تۆبزاوە)تان.. بە گەورەو بچوکیانەوە پێشکەش و ئاراستە بێ.

# پیرۆزبێت جەژنی بەیان



○ محمد مەلا کریم ○

لە بیرەوەریی دەرکردنی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (بەیان)ا، کە لەگەڵ هەواڵی دان نان بە مافە کولتووری یەکانی گەلی کوردو، لە بەردەستی مژدەی بەیانی یانزەی مارت و برانەوەی شەڕی براکوژیدا، بەیانی یەکی تەشرینی دووەمی 1969 لە کۆشی چاپخانەوە هاتە باوەشی خوێندەوارانی کوردو ،دڵ و دەروونی جەماوەری کوردی کە لەمێژ بوو ئامەزرۆی گۆڤارێکی بە دیمەن شۆخ و شەنگ و بە بابەت چڕو بەپێزو پێشکەوتنخواز بوو، بەڵێ ئا لەم بیرەوەری یە لە بەرچاو گەشی و لەناو دڵ ئازیزەدا، زۆرم پێ خۆشە چ وەك یەکێ لەو خوێندەوارە کوردانەو چ وەك بنووسێ کە هەر لە سەرەتاوەو تا چەند ساڵیش هاوکاری یەکی بەردەوامی دڵسۆزانەم لەگەڵ (بەیان) کردووە، هاوبەشی هەموو ئەوانە بم کە پێ خۆشحاڵی خۆیان بەم بۆنەیەوە دەرئەبڕن و، ئاواتی تەمەنێکی پان و درێژو گەشەکردنێکی گەلێ زۆرترو لەرێ لاچوونی هەموو کەندو کۆسپێکی تەگەرە خەرەرێ پێشکەوتنی ئەم گۆڤارە بخوازم، بەجۆرێ کە لە هەموو ڕوویەکەوە ببێ بە گۆڤارێکی پێشەنگی کاروانی کولتووری پێشکەوتنخوازی کورد.

# پارزینکێ لیڤیا



○ جمال بەرواری ○

ل بیرا منە دەمێ ئەز قوتابی ل کولیجا ئادابێ پشکا کوردی، بەری شازدە سالا ئێکەمین گووتار من لسەر میهرەبان بەرواری نڤیس ل بەرپەرێت رۆژناما هاوکاری، گووتارەکا کورت بوو، دگەل چەند مالکەکێت هوزانێت وێ، پشتی هەیامەکی دیسا من گووتارەک دی هەر لسەر میهرەبانێ نڤیسی.

دەمێ من ئەڤ گوتارە دنڤیسی دیسا بیرا من هاتە بەری شازدە سالا، دەمێ چاڤێ بهوزا نڤانەکا کورد کەتی بەری هەشت سالا ومن دیتیەڤە ل رۆژا ۱۹۸۵/۱۲/۲۷، ومن هەر دوو جار تێر گوهێ خوٚدایە هوزانێت وێ، من گووت ما چی‌یە ئەڤ هوزانڤانە جهێ میهرەبان بەرواری بگریت، دەمێ مروٚڤ هوزانێت وی گوهێت خو بو ڤەدچنیت و هزرێت خوٚ هویرک تێدا دکەت گەلەک رامان و گەلەک دیمەن وێنێت (جو ائاً) وژێ‌هاتی تێدا دبینیت دهوزانێت وێدا دیارە ئەڤیندارو عاشقا میللەتێ خویە مەندهوش و مەستاکێری‌و زناریت وەلاتێ خویە، خلمەتا میللەتێ خو دهەمی هوزانێت خودا دا رژتیە، هەمی وێنێت هوزانێت خو ل کوردستانێ گرتینە، دهوزانێت خودا وێنێت شڤان و بێریا ژبیرنەکرینە دگەل وێنێت زاروٚک و لاندکێ‌و دایکی - داخازا سەربەستیا کچا کورد کریە، هەروەکی دهوزانا کچا کوردا دبێژیت:

کچێ ژارێ پەریشانێ
هەتا کەنگی دێ هومینی
روینە خار
رستو تولوڤێت کەسەرا
کەیە گەلواز
بو گەردەنا خو ڤەهینی
هەتا کەنگی ئاخین و ئوخینێت
تە دێ هێن گوهێت من
دوێ زیندانا کەڤناردا هەرنالینی

دهوزانێت وێدا دیارە ب میللەتێ خوٚ یا سەربلندە و پێ دخوریت و قەبا ژ دوژمنێت میللەتێ خوٚ دخازیت و یا پشت گەرم هەروەکی د هوزانا خوٚ دبێژیت «دوژمن بزانە»

دوٚژمن بزانە ئەز نەبەفرا بەروٚژامە
دێ تیروٚژکێت روٚژا بهارا
من حەلینن
نە ئاگرێ کومرامە
بەفرو باران دێ

من شوون وڤەمرینن
نە بهارا کوزامە
دی گولك من چەرینن
نە تارستانا کونجامە دێ
شەمالك وچرا
من هاژوون و رەڤینن

دهەر هوزانەکێدا وێنەك نوی تێنە بەر چاڤێت مە، دناف پەروازەکێ نوی وکەڤالەکێ هونەریدا.

هێشتا قوتابی ل خەنەیا ماموستایا ل دهوکێ چاڤێ مە ڤێ‌کەت ئو مە هندەك هوزانێت وێ توومار کرن بو ئێزگا کوردی، پشتی بوویە ماموستا وئاکنجی بووی ل گوندا، دەمەکێ درێژ مە ئاگەهـ ژێ نەبوو. مە نەزانی کا کاروانێ هوزانا گەهاندە کیرێ.

جارەکا دی مە ل دهوکێ دیتەڤە وچاڤێ ڤێ‌کەت ئەم دگەل روونشتینە خارێ سووجبەتا گەرم وخوش بوو، هێدی هێدی هاتە بسەر ئەدەبی وهوزانا.

مە پاریزینکێ هیڤی بەرواری ڤەکر، پاریزینکێ پر هوزان وهیڤی خەم و دەردێت کچا کورد پر ژدل هیڤیا مە ئەو بوو ل وەختەکێ گەلەك نێزیك هیڤی چاڤێت مە بدیوانا خو بشکورینیت

- پشتی تو بوویە ماموستا ل گوندا ل وان چەند سالا چ کار کرە سەر کاروانێ تە یێ هوزانا؟

- بەری ئەز ببمە ماموستا ل گوندا من هوزان دڤەهاندن، ئو مرازا من ئەو بوو ئەز ببمە ماموستا ل گوندا دا پتر پەیڤێت کوردی یێت پەتی ورەسەن دناف هوزانێت خوَدا بکاربینم - ئەز گەهەشتمە مرازا خو چنکو ژیارا گوندا ژیارەکا ساکارو خوشە ئو ئەم ل دیوانا درونشتینە خارێ ومن گوهێت خو بو هەمی سووجبەتا ڤەدچنین ئو گەلەك پەیڤ من دنڤیسین - ئەز دبێژم من گەلەك مفا ژ وان پەیڤا دیت ومن هوزانێت خو پێ خەملاندن.

- ل هوزانێت تە دیارە تو کوردیەکا پەتی وبساناهی بکاردئینی...

- براستی گوندێ ئەز بەراهیکێ لێ ئاکنجی بوویم گوویی بوون کوردیا وان یا پاقژ وزەلال بوو

- تو چاوا هوزانێ دنڤیسی؟ تو بەری هزرێ دادنی ئان ژی هەما هەر دەمێ بو تە هات دێ نڤیسی....

- لبەراهیکێ ئەز هزرێ بو دادنم پاشی ئەز دنڤیسم ودادرێژم - هندەك جارا ژی هەما هات ئەز دنڤیسم

- هوزان وەکی ئیلهامەکێە ئان وەحیە تە هند دیت بو مروڤی هات - ئەگەر مروڤی نە نڤیس دێ چیت نا زڤریتەڤە جارەکێ بسەرێ تە هاتە ئان نە؟

- بەلێ گەلەك جارا یا بسەرێ من هاتی.

- نزانم نووکە هیڤی یا بچی مژیلە؟

- هندەك هزرێت دمەژیێ من دا لڤلڤن من دڤێت بکەمە هوزان

- کیش دەم بوَ تە خوشترە بو ڤەهاندنا هوزانا

- دەمێ ئەز بتنێ بم - ئان تووشی گرفتاریەکێ ببم - ئان دیمەنەکێ کاریکەر بکەڤیتە بەر چاڤێت من

- کیش هوزانڤانێ کار کریە سەر هوزانێت تە؟

- سێت کەڤن... ئەحمەدێ خانی - مەلای جزیری ئو یێت گەنج هوزانڤان عبدالرحمن مزوری چنکو ئەو ماموستایێ منە - ئو محسن قوَچان

- هوزانێت تە وەکی گولانە کیش ژوان بێهنا وان خوشترە؟

- هوزانا کچا کورد

- دهوزانێت تە دیارە بەهرا پتر لسەر کچا کوردە ئو تە وەکی (تەمەردەکێ) یا دیارکری لسەر سەروبەرێ کچا کورد!!

- من دڤێت کچا کورد یا بێ ڤەیدو بەند بیت ژ کونجێت تاری بهێتە دەری ڤەستا داڤێت روَژێ بکەت

- تو ل هیڤێ نینی هوزانێت خو بکەیە دیوانەك

- ژ مێژە ئومێدا من ئەوە بگەهەمە وێ مرازێ

- هیڤدارین ل وەختەكێ نێزیك ئەم دیوانا تە ببینین ئو چاڤێت مە پێ بشكورن

- سووپاس

مال وێرێ ئەم ناڤێ درست یێ هیڤی بەرواری بزانین - ناڤێ وێ پەروین حبیب رەسولە یا بەروارییە - نووكە ماموستایە ل قووتابخانا بلند ل دهۆكێ ڤێجار دا بزانین هیڤی و پاریزینكێ وێ چ دبێژن

ئەزو پاریزینك
هو پارزینو خەم كومكەرو
ئەز دزانم ماكا خەما
وار هەل گری
مشتاخا ڤی چەرخێ
پر ئێش و ژان
ژ ڤانا تەیە دادگری
رووندكێت قووچالیێ
پاش بابی ناهێلیت
بەر پیا وەربن
تو ڤەدگری
دا كەس سەر دلێ
دەیكاوێ نەلەیزیت
دەوارێ زۆرداریێ
لسەر گورا بابێ وی نەشهیت
دائەلهرین دم تێژ لسەركوما
هیڤێت وی نەچەریت
پاریزینێ منو
پر كەسەرو بار گرانو
كەس نەشێت بشەڤ و
رۆژا تە بگێرینیت
گەر ئەز نەبم
گیڤك و ریشالوكێت تە
كی دێ جووان

ژ داڤێت ئەڤینێ
ڤەهینیت گەر ئەز نەبم
كی دێ پشتا خو كۆت كەت
چەمینیت بۆ تە ئەز نەبم
ماكی هەیە دلێ گڤێشیت
دلوپ دلوپ خوینێ
هەر ژێ ڤەرێژیت
بوكە تە گول و رەنگە
پێ خەملینیت گەر ئەز نەبم
پارزینێ من
خوش هێلینا زارویێت من
چەند گران و شور بی
دێ هەل دەم
لپشتاخو كەم
لەپكێت تە پتر لملێت خو شدینم
پتر پێت خو ل ئاخا ڤێ وەغەرێ
ئەز دێ چینم
ستووهێ خو بو تە چەمینم
هزرو بیرێت خو
دێ كەمە شاخك و هوسان
بو بەروكێت زبارا تە
دێ دلێ خو كەمە ملهێب
بۆ بێدەدا ئومێدێت تە
پێ هەلینم
رووبارێت تە سەر نشیف كەم
ما كا ژانێ ژێ داقووتم
ئو سەرو شنی مشت و نان
شەكروك كەم
هەمی زارۆكا
لدورماندورێت
ڤەجەمێنم ڤەجەمێنم



# میوان

○ محمد ڕەنجاو ○

دێ.....
وەك ڕێژنە بارانێكی بەتاو
سرك و خامۆش
بەبێ‌دەنگی دێ و لە پەنجەرەكەم دەدەی
چاوە خەوتێزاوەكانی شەونخونیم
هەڵدەگلۆفم و
بەرەو پەنجەرەكە دێم
شۆڕ ئەبیەوە بۆ لای دەرگاو
تەق... تەق، لە دەرگاكەش ئەدەی
كلۆمی دەرگا ئەترازێنم و
لە بەر چاوانم وون دەبی
تارمایيەكی ئەفسوناوی
لە ناو درزی داڵانێكار
نقوم ئەبی
پەڵە هەورێكی بەهارانی
ساتێ لە ئاسمانی نائومێدی سەدە دوراوەكان
ئوقرە ناگری!
وەك فرمێسكی شەوانە وای
ساتێ لەناو پێڵوەكانما خۆت ڕاناگری
بەسیە ئیتر
ئەو ژیانم وەك مەتەڵی ڕۆژگار وایە
لەوە زیاتری مەشێوێنە
تۆ نابینی ئەوا ئێستاش
وەك سەربازێكی پەككەوتەی هەڵاتوی
گۆڕەپانی شەڕ
لە كەلاوەی مزگەوتێكام
هەر هەیاهوی بەزین ئەڵێم
بەسیە ئیتر
گیانم چیتر بەرگە ناگرێ
خۆم كەلاوەی كۆشكێ بووم و
تۆش هێندەی تر داترماندم
ـ ئەی تەمەنە سەر شێتەكەم
وەك بروسكە دیێت و دەڕوێ
ڕێبوارێكی گومڕاو نامۆی
چاوەكانم بە فرمێسكی وون بوون
دەشۆی

# «تابلۆی هیوا»

عثمان حمه فرج

چاو هەڵ هێنە
چاو شینەکەم
ڕوت بنوێنە
شیرینەکەم
تا برژانگت بە چەشنی تیر
بچەقێتە ناو دڵ و بیر
بۆ ئەوەی زیاتر بتوانم
بۆت بڕوانم.. بۆت بڕوانم
بەهێز تر بێت سەرنج دانم
تا نەخشی‌کەم بۆت نیگاری

لەبەر دەمتا
وشەی کوردی‌و گوڵ بباری
لە هاناتا
هونراوەی جوان وەك ڕوباری
بێ سڵ کردن لەچیاو چۆڵ
ڕێگەی سەختی بنارو دۆڵ
شەق کا بەرەو ژور سەرەوخوار
تا دەگاتە مەرامی یار

ـ گەڕانەوە ـ

لەو ڕۆژەوە
ڕۆژی ڕوی تۆ لە من گیرا
بەجێت هێشتم
دڵ پڕ ئازار لەم شارەدا
بەبێ تیشکت
وەك گەڵایەك
زەرد هەڵ گەڕام
وەك ماسیەك
بێ ئاو خنکام
گیانە.. سوێند بێ
بڕوات هەبێ
تەنها تروسکەیەك مابێ
ژینی من پێی بەردەوام بێ

هیوای گەڕانەوەتە
تەمای بینی‌نەوەتە
بەڵکو ڕۆژگار
وەر بچەرخێ
کانیاوەکان ئاویان وەژێ
دار بەڕوەکان
سەوز ببنەوە
ئاسمانی سەر کێڵگەکانمان
بارانی خوڕ
بڕێژنەوە
لە زستانا بەفرێکی زۆر
چیاکانمان داپۆشنەوە
چونکە هەر بەبەفری زۆرە
ئاو زۆر دەبێ
دار سەوز دەبێ
چی جرج و مارو دوپشکە
لەناو دەچێ یا تار دەبێ
ئەو کاتە تۆ بەئاسودە
بەرەو لای دڵم دێیتەوە
بە پێ‌خاوس بەبێ‌پەردە
خەمەکانم ئەسڕیتەوە





# بۆ کیژێك

**● اسماعیل نور بەرزنجی ●**

دەنگی کامە لەرینەوەیە! موچڕکیت
ئەی کیژی لە بن نەهاتوو

بەیانیان دەتوێمەوە، نیوەڕوان تەنگم پێ هەڵدەچنی
نوێژی جوانی دادەبەستی

بەم سەر پایزە
خاپوورە ئەو کۆشکە بڵندەی..

لە نەویاتیەوە.. منی وێرانە گیان
تۆی دەڕوانم

لە زۆر شتی مەزن کەوەڕیم
چ خوایەکی میهرەبان

بە تۆم دەبەستێنەرە
ئەی کیژی بێداری و نەسرەوتن
بزێوی هەمیشە ڕاکشاو...

# «دوا یاداشتی شەوێکی پایز»

● فەرهاد محمد قادر گەردی ●

شار نووستووە...
دووچاوی پڕ خوێن و پشکۆ،
پێلووی یادو سەرگوزەشتەی،
مێژوویکی یەگجار کۆنیان دا خستووە!
کات... هەورێکی ڕەش و تەڵخە،
بەسەر بیابانی تەنیاییم... داناکاتە خورەی باران!
کەچراکان،...
لەژێر باڵی ڕەشی شەوا دەکوژێنەوە
چرای چاوم دادەگیرسێن!
لەرێگەی دووری کاروانی... تەنیاییما
دوو قوتیلەی بچکۆلەن و،
کز دەسووتێن!
شەوکسێردێکە...
بەدوای برینی پڕ لەمۆم،
هەنگاوی دەپێچێتەوە،...
پەڵە هەورێکی بەجێماو،
لەئاسمانی بیرەوەری‌و ئازارو ئۆف
هێلی نەخشەی...
هەموو خەونە سەوزەکانم دەسڕێتەوە!
چاوگەی یادو،
شانۆی کاروانی ڕێی نەهات،
پەڵەهەورێکی چڵکن و،
دوا بەتلی تاریکی شەوە!
خەوی پەیمان... ئاباریتە سەرچاوی یاد..
حەز لەباوەشی پەیمان دا
کێردێکی تیژی دوو دەوە!

واکازیوەی بەیانی سەرهەڵدانی خۆر،
بە ئەسپایی.. پێدەنێتە ناوچاوی شار!
داخوا منیش لەگەڵ دووەم شەوی عومرا،
دەست لەملی یەکتر دەکەین،






# کوڕی لادێ

لقمان قادر رواندزی



دوێنی چووم بۆ شار
بۆ کۆشك و تەلار
بۆ چوانی‌و سەرسامی
سەریان سور هێنامی
بەلأم ئەمانە دەست کردن
. . . . .
هیجی وەلا لادێ نیە
چوان و رازاو نیە!
هیمە سروشتە
هی خوای، بە هەشتە
لای ئێمە بای شەماڵ دێ
دەنگی کەو، شمشاڵ دێ
دەنگی گۆرانی‌و شوان ومەڕانی
بێری‌و مەر دۆشین
بە ئاشتی ئەژین..
. . . . .
نە سینەما.. نە تەلەفزیون..
نە رادیۆ..
هەیێن و نیتن پەندی کوردی

سەرگوشتەی دەم، دەم، شیرین و فەرهاد
مەم و زین، گەنج خەلیل
بۆمان ئەگێرنەوە.. بەدوورو درێژ
لە دوای لاوك بێژ..
. . . . . . .
لە پاشا بۆمان دێ
خواردنی شەو چرەی لادێ
جا ئەنوین، ناکەوینە ئەندێشە[2]
ناکەوینە کێشەو پیشە!
وەکو برای شار
لەبەیانی لەکاتێکی زوو
لەخەو هەلئەستین بەیەك و دوو
. . . . . . .
دەست بۆبێر، داسوکە
بۆچوگا بەستن، پەرژین گرتن
تا بانگی ئێوارە نایێنە ماڵەوە
لەدەشت و چیاو دۆلەوە
دێینەوە
دووبارە خۆ ئامادە ئەکەین
بۆ بەیانی
بۆ رۆژهەلاتێکی نازکی
جوانی
پڕ لە شادی..
پڕ لە..

چەند خۆشە؟! ئەم ژیانە
هەموو لەکار . . لەهاوکار
سەر شۆر ناکە ین لەم جیهانە
ئێمەی شوان و جوتیار
ئەژین، ئەمرین، بژی
باخ . . . بێستان. بەردار
چیا . . . دۆل . . . دارستانە
. . . . . .

(١) ئەندێشە: خەیال

## «مەی» تۆ خۆشویستنێکی گەورەی

جەوهەر جەباری

بۆ «مەی» کچم

ئەی ساوای بەژن و بالاَ رێك
قامەت شەکەری نەی
ئەی گوڵی تازە پشکوتووی . .
رەنگ و بۆ بەرامی بەی . .
مەی کۆرپە نازدارەکەی بابەی
حەز ئەکەم . . .
دوا بادەیی دلی شەوانی غەمناکیم
بە قاقاو خەندەیی بێ گەرد
هەتا ئەتوانی کەیلی کەی؛
تا ئەگەر، نیوەش بوو پێکم،
هەست بکەم، نیوی‌کەی ماوە
بەلێ ماوە چونکی تۆ هەی . . .
ئەی دیاری خوای جوانی
ئەی شیکترین پێك، دیاری دنیای مەی . . .

★ ★ ★

مەی . . . .
کیژە بچکۆلەکەی بابەی
بزەی لێوی چاوەکانت، کامن کام
تریفە جوان
شکێنەری تینوێتی، پرکامی رۆژووی من
بە تەماشای قولی بێ‌تروکەی
وەك، تروسکەی
خەیالی ئەو دیوی دنیای من
خەیالی قولی بێ‌بن . .

★ ★ ★

مەی . . . چاوەکانت، پەلەوەرن
ئەرۆن دوور . . . .
بدزن لەروانینی خوا . . . !
چراخانی ئومێد، بۆ ملی دایە
تاکو بیکاتە گەردن.
مەی . . .
ئەی چاو جوان،
مەستی ئاوازو سۆزی نەی . .
تۆ گوڵی دایەی،
تۆ گوڵی بابەی.



# پروشەی زامی عەشقێکم

● بورهان هەژار ●

ئافرەتێکی شۆخ و شەنگی
دەست لە ملی مانگە شەوی
خەونەکانم ناکەیتەوەو
جێم ناهێڵی..!
شەوگار خەوم نازڕێنی..؟!
هۆ خەرامان:
تۆ ئەو عاشیقە پیرۆزەی،
نیگای ئەستێرەی چاووت بوو
لەگەڵ شمشاڵی دەستی شوان
گشت شەوەزەنگی دارمان..
تۆ ئاوێنەی خەونەکانمی
وەکو ئەڵماس پاك و بێگەرد
لەگەڵ شەپۆلی ڕووبارا
هەڵدەچێت و،
بەرامبەرم ڕادەوەستی

خۆم لە ڕووخسارتدا ئەبینم
تیشکی «کەوەرۆژ» ئەگەڕێ و
زەردەخەنەی.
ئاوارەییم ڕائەچڵەکێ..
لە تۆ زیاتر
کەس شك نابەم،
لەم ژینەدا نازم کێشێ؟!
(گەر چواردەورم شارۆچکەبێ و
مێروو لە گیانم بناڵێ،
کڕنۆش بۆ چاوی تۆ دەبەم..!
لوتکەی چیا سەخت و بڵند
هەوری ژیان سەخت و
چڕتر ئەبێتەوە..
گەڵا ڕێزانی ڕێی بەختم
بەرەو نشێوی دێتەوە..
دنیا لەلام شیرین و خۆش،
کە ئەتبینم..!
سەنگەری نوێ و
نەخشەی بەیانی داهاتوو بنیات ئەنێی..
تف لە چاوی
سوڵتانی شووم ئەکەیتەوە..
شنەی شەماڵ،
بای وەرزێکەو
پروشەی زامی عەشقێکم..
لە کوێستانی بەفرانبارا
دەنك. دەنك..
ملوانکەی خۆر ئەچنێتەوە..

# راپۆرتی سلێمانی

باوکی شنە ئامادەی کردووە

## «رۆژی هونەرو یەکەم پێشانگەی هونەری منالان»

منال، ئەو جیهانە بەربلاوو خاوێنەی کە هەموو شتێکی تێدا بێگەردە... سڵ دەکەنەوەو چاو نەترسن لە نێوان ئەم دوو حالەتی پەروەردەکردنە خێزانیەدا مامۆستای چرا «ئەگەر حورمەتی کارەکەی بگرێ» دەبێتە رێبەرو هێدی.. هێدی هەنگاو بەو فریشتانە دەنێ.. دەیانخەملێنێ و دەستی بەهرەیان دەگرێ.. خۆشەویستیان لاگەورەترو داهێنانیان لاپیرۆزتر دەکات، رەنگە ئێمە دیاردەی لەو بابەت و شێوەیەمان لازۆربن بەلام وەك زۆرشتی گەورەی تر وون و نادیارن.. بەبۆنەی رۆژی هونەرەوە.. مامۆستای گەلەك لە خۆبوردوو هونەرمەند «نوری اسماعیل فتاح» بە یارمەتی نەقابەی هونەرمەندانی سلێمانی ـ یەکەم پێشانگەی هونەری منالانی ـ لە گەلەری سلێمانی کردەوە.. پێشانگەکە لە رۆژی ٨ ـ ١ تا ٢٠ ـ ای خایان.. ئەم هونەرمەندە ژیکەلانە بەشداریyan تێدا کرد «طارق محمد هۆشمەند محەمەد عەلی ـ جەبار محەمەد فەرەج ـ مەریوان عەلی ـ سۆران مستەفا ـ سیروان رەشید ـ سەباح رەشید ـ کامەران حەمە شین ـ کامەران محەمەد ـ ابو بکر عبدول ـ سالار




حسەین ـ ئاریان عومەر ـ ئاری عبداللە ـ ناصح رەشید ـ دلدار فرمان زەردەشت عبداللە ـ شوکت فرج ـ شۆرش حمە کریم ـ نصرالدین عبداللە ـ ظاهر کریم ـ نوزاد عمر ـ احمد یاسین ـ جلال توفیق ـ فریاد محمود ـ ئەرکان جەلال ـ طارق عبداللە ـ کاوە حەمەعەلی ـ غفور صدیق ـ محمد غریب شریف ـ هادی کەریم ـ هونەر محمد علی ـ فائق توفیق ـ سامان عبدالقادر ـ محمود حەمە ـ دالیا نوری اسماعیل ـ پەروەر علی جۆلا ـ صباح سالح ـ سەیران محمد ـ تەلار طاهر ـ سەناریا ئیبراهیم ـ ناسك اسماعیل ـ ئەمیرە محمد عزیز ـ رووپاك مستەفا ـ رووناك محەمەد ـ

بەیان حسن ـ نەجات توفيق ـ بدريە شريف ـ پەيمان عومەر گولزار محەمەد ئەمین ـ هەوار صديق ـ عائشه رشيد ـ گولەباخ عبدالله كۆسار كمال ـ چنار جلال ـ شەوبۆ جمال ـ حكمت عبدالله ـ سالار علی ـ ادهم محمد رحيم ـ عثمان عبدالله ـ فرياد أحمد ـ دلشاد ئەمین ـ كارزان عەلی

ئدرس شريف ـ سەربەست عمر ـ شادمان حسين ـ شوقی كمال ـ بهاء الدين كريم ـ فرحان خليل ـ ڕێوار عبدالله ـ سامان عصام الدين ـ دانا محمود ـ محمود محمد علی ـ ئەبەز محمد ـ احمد حمه علی ـ دانا جلال بەرهەم كمال. . . لە ڕاستيدا ئەو منالە بەهرەوەرانە مژدەی داهاتويەكی ڕەنگين بە تابلۆكانيانەوە دياربوو. . چ لە ڕووی هەلبژاردنی بابەت و دابەش كردنی ڕەنگ و چ لە ڕووی پڕكردنەوەی بۆشایی ڕوبەری تابلۆكانەوە. . ئەگەرچی زۆربەی بەرهەمەكان لە دايك بووی سالّی ڕابوردوی داهێنانی ئەو هونەرمەندانە بوو بەلام سەلیقەو كارامەیی يان پێوە دياربوو. هەر بۆيە لەگەل ڕاهێنەرو سەرپەرشتياری بەشداربواندا مامۆستا «نوری اسماعيل فتاح» كەوتينە قسە. . لە ئەنجامدا بۆمان ڕوون بۆوە كە ئەم قوتابيە هونەرمەندانە پێگەيشتوی دەست گرتنی مامۆستاكەيانن. . . دوای فێركردنيان بە چۆنيەتی بەكارهێنانی ڕەنگە و ترس شكاندنيان بە چۆنيەتی گرتنی فلچەو كار پێ كردنی. . ئيستا هەر يەكەيان خاوەنی دنيايەكی سەربەخۆی داهێنانن ئەوەی ديدەنی پێشانگەكەی كردبێ هەست بە ڕاستی بۆ چوونمان دەكات. .

مامۆستا نوری لە ووتەيەكدا كە بۆ «دەليلی» پێشانگەكەی نوسيوە دەلێ: هونەری منال. . ئەستێرەيەكی گەشی پرشنگداری بێگەردە لەم گەردوونەدا، گەران بە شوێنيدا ماندوێتی دەوێت بەلام لای من. . چێژ لێ وەرگرتنە.

جێ كردنەوەی گۆلێكی نێرگز لە باخچەی هونەری منالان دا بۆ منالی كورد، كارێكی ئاسايی نی يەو مايەی شانازیيە. وەدی‌هێنانی چەندين پاداشتی هەرێمی و جيهانی لە پێشانگە هەرێمييەكان و جيهانيدا بە پلەی يەكەمی و پاداشتی زيوی و برۆنزی یا بڕوانامەی ڕێزلێنان مايەی دلخۆش كردن و هيوايە لە لايەن قوتابييە هونەرمەندەكانم. . . پێك هێنانی ئەم پێشانگايە لەبەرهەمە تايبەتی‌يەكانە كە لام ماونەتەوە، هەروەها پێشانگەكە بۆمن و منالە هونەرمەندەكان هەناسەيەكی پڕ لە ماناو حەسانەوەيە لە ڕۆخی دەريايەكی فراوان لە نێو پەلە گولی نێرگزو گولالە سوورەدا. . . قۆناغێكە لە كاروانێكی درێژدا. . پشوودانە بۆ من و منالە بەشداربووەكان. .

پاداشتە جيهانی‌يەكان ـ

١ ـ قوتابی (نەورۆز جلال) پاداشتی ڕێز لێنان و مەداليای تايبەتی لە پێشانگەی «ئەتاتوركی دووەلی ـ توركيا» وەرگرتووە.

٢ ـ قوتابی «فەرهاد ئەحمەد» پاداشتی ڕێزلێنان و مەداليای تايبەتی لە پێشانگەی «دەولەتی وێنەی منالانی ئيسلام ـ توركيا»

٣ ـ قوتابی (سيروان حەمە سالح، پاداشتی زيوی و بروانامەی ڕێزلێنان لە پێشانگەی «چواردەهەمی جيهانی ـ يابان».

٤ ـ قوتابی (حەكيم عەلی) پاداشتی برۆنزی وبروانامەی ڕێزلێنان لە پێشانگەی «چواردەهەمی جيهان ـ يابان».

٥ ـ قوتابی «سەركەوت سەعيد» پاداشتی برۆنزی و بروانامەی ڕێزلێنان لە پێشانگەی «چواردەهەمی جيهانی ـ يابان».

٦ ـ قوتابی «يوسف عبدالله» پاداشتی زيوی و بروانامەی ڕێزلێنان لە پێشانگەی «وێنەی منالان ـ كاناكوا ـ يابان»

٧ ـ قوتابی «شەوقی كەمال» پاداشتی چاكترين وێنە لە ناو ئەو مندالە عێراقييانەی بەشداربوون لەگەل بڕوانامەی ڕێزلێنان و چەكێك بە «٨٨ ر٥٨» دۆلار بۆ وێنەی دەموو چاوی ئافرەتێك لە پێشانگەی «منالانی جيهان ـ مدريد ـ

ئەسپانیا»

٨ - بەشداربوونی «١٢ قوتابی» لە پشانگەی «منالآنی جیهان کۆریا - سیۆل»

٩ - قوتابی «ناز نوری اسماعیل» پاداشتی ڕێزلێنان و بڕوانامەی تایبەتی یابان

١٠ - قوتابی «دالیا نوری اسماعیل» بڕوانامەو پاداشتی زیوی باخچەی دڵسۆزی هەروەها ڕوناك قادر - پاداشتی زیوی‌و بڕوانامە - هەردوکیان لە پێشانگەی چواردەهەمی جیهانی - یابان.

قوتابی «شیلان حسەین» دبلۆم بڕکێی جیهانی شەشەم بۆ وێنەی مندالآن لە «فللندە».

لە کۆتاییدا هیوای سەرکەوتن و بەخشین و داهێنانی زیاتر بۆ ئەو قوتابی‌یە هونەرمەندانە دەخوازین.. پیرۆزیش بێت ئەو هەوڵ و تەقەللا بێ ووچانەی مامۆستا «نوري اسماعیل» کە بەڕاستی بە هونەری منالە قوتابیەکانەوە دیارە.

# ڕاپۆرتی بەغدا

ئامادەکردنی: سەعید زەنگەنە

## هەر جارەی تیپێك

### تیپی مۆسیقای مەولەوی - سلێمانی

کاك حەمەسەعید عەبدوللا کە سەرۆکی ئەم تیپەیە ئەفەرمێت.. لە ساڵی ١٩٧٧دا تیپەکەمان «ئیجازەی» وەرگرت... ئەمەش پاش هەوڵ و تەقەلایەکی بێ‌وچانی دەستەیەك لە هونەرمەندانی تیپەکەمانەوە ڕەخسا و بەو ئەنجامە چاکە گەیشت...

وەکو.. مامۆستا ولیم یوحناو مامۆستا عبدالرحمن قدری‌و مامۆستا مصطفى عبدالرحمن... (چەن برایەکی تر)



کە بۆ ئەم مەبەستە تێکۆشان و بونە هۆی دروست بونی ئەم تیپە هونەرییە، واتا تیپی مەولەوی دروست بوو و کەوتنە گڕوگاڵ و نەش ونماکردن و بەرهەم پێشکەش کردن...

لە پێش ساڵی ١٩٧٧دا لەگەڵ کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی‌دا بەرهەمیان پێشکەش بە جەماوەری کوردستان کردووەو سەری ڕەزامەندیان بۆ جولاوە (ئەو ماوەیەش وەکو سەرۆکی تیپ ڕوونی کردۆتەوە لە ساڵی ١٩٧٠وە تا ١٩٧٧ - ی خایاندووە) هەر لەو ماوەیەدا کەڵێك گۆرانیان بۆ ئێسگەی کوردی‌و بۆ تەلەفزیون تۆمار کردووە ئیستاش بۆ گوێگرو بۆ تەماشاکەران بڵاوئەکرێنەوە وەکو

١ - کچە شۆخەکە عثمان عەلی گۆرانی‌بێژ

٢ - شەوی بەرات عثمان عەلی گۆرانی‌بێژ

٣ - ئامۆزا گیان عثمان علی وحەمەی نێرگس وصلاح مجید

٤ - شایە زەماوەندە صلاح مجید

٥ - شەوانی شوانی صلاح مجید

٦ - جوتێ چاوی شین حەمەی نێرگس

٧ - شیرین سەوزە ئەحمەد شوشەچی

٨ - سەوزەگیای پایز پرتو عبدالعزیز

٩ - بەناز محمود محمد سعید

پاش دامەزراندنی تیپ «واتا تیپی مۆسیقای مەولەوی دەستەی بەڕێوەبەر بەم شێوە یەپێك هێنرا

* سەرۆك

* حسین ئەحمەد - رازگر

* عەلی حەمەرضا - ژمێریار



* حەمە سەعید عەبدوللا ـ ئەندام
* صلاح مجید ـ ئەندام

کاك محمود محمد سعید و عبدالرحمن قدری یەدەگ (احتیاط) بوون.

ئەم تیپە خنجیلانەیە لە ساڵی ١٩٧٧وە تا ١٩٨٠ گەلێ بەرهەمی پوختەو بەپیتی خستوٚتە سەر خەرمانی گوٚرانیو موٚسیقاو ئاوازی کوردی. هەندێك لەو بەرهەم و چالاکیانە ئەمانەن:

* ئاهەنگی گەلاوێژ «لە ١٥/٧/١٩٧٨» لە کارگەی جگەرە بوٚ ماوەی دوورۆژ.
* ئاهەنگی گەلاوێژ «لە ١٨/٧/١٩٧٨» لە باخچەی یانەی ماموٚستایان.
* لە ١٥/٨/١٩٧٨دا لە نەخوٚشخانەی کوٚماری ئاهەنگیان گێرا.

! لە ٢٨/٩/١٩٧٨دا ئاهەنگی نەقابەی ئەندازیارە کشتوکالیەکانیان لە مەڵبەندی روٚشنبیری زانگودا گێرا.

* ١/١/١٩٧٩ بەبوٚنەی جەژنی سەری ساڵەوە ئاهەنگیان



گێرا

* لە ٤/١/١٩٧٩دا لە هوٚلی مەڵبەندی روٚشنبیری زانکوٚدا ئاهەنگی یانەی فەرمانبەرانی زانکوٚیان سازدا.
* (ئاهەنگی نەوروٚز) لە ٢٥/٣/١٩٧٩ لەهوٚلی ئامادەیی سلێمانی
* = = = = لە ٢٥/٣/١٩٧٩ = = یانەی ماموٚستایان
* = = = = لە ٢٦ / ٢٧ /٣/١٩٧٩ لە یانەی ماموٚستایان.
* لە ٢٦/٩/١٩٧٩دا بوٚ رەزازی ئاهەنگیان سازدا.
* لە ٢٧ / ٢٨ /٩/١٩٧٩دا لە شەقلاوە لەگەڵ رەزازی دا ئاهەنگیان سازدا.
* لە ٨/١٠/١٩٧٩دا لە فیستیڤالی روٚژی موٚسیقای جیهانیدا بەشداریان کرد... دروشمی فیستیڤاڵەکەش بریتی بو لە بوٚ هێنانەدی هونەرێکی کوردی رەسەنی هاوچەرخ، ئەمەش یادی پێنجەمی روٚژی موٚسیقای جیهانی بوو.
* لە ١٠ / ١١/١٠/١٩٧٩دا بوٚ دکتوٚرەکانی زانکوٚ ئاهەنگیان سازدا.
* لە ستوٚدیوی تیپ دا چەند گوٚرانیەیکیان بوٚ رەزازی توٚمارکرد.
* لە روٚژی ١/١٢/١٩٧٩دا ئاهەنگیان بوٚ روٚژی زانستی (یوم العلم) سازدا

لە ٣/١٢/١٩٧٩، ٣١/١٢/١٩٧٩، ......

لە ١٥، ١٧ / ١٨، ١٩ / ٢٦،٢٠ / ٢٧ / ٧/ ١٩٨٠....

روٚژانی تریشدا بە گەلێ بوٚنەی نیشتمانیو نەتەوایەتیەوە ئاهەنگیان گێراوە،

لە هەڵەبجەو دەربەندیخان و جافەران و گەلێ دێو قەزاو ناحیەدا ئاهەنگیان گێراوە و لە فیستیڤال و ئاهەنگە هونەریەکانی شارەکانی عیراقدا بەشداریان کردووە.

ئەندامەکانی ئەم تیپە بوٚ ئیسگەو تەلەفزیوٚن گوٚرانیان توٚمار کردووە لەوانە:

کاك صلاح مجیدی هونەرمەند ئەم گۆرانیانەی تۆمار کردووە.
شەماڵ وەرە / حەریرە / گوڵم گوڵم / سۆزی دەروون / کەژاوەبێنن.
حەمەی نێرگس:ـ
سەوزە مەرۆ / دوو سەر لەسەر سەرینێ / ئاواتی دووری / خەو دادەنگە
عەلی محمد أمین:
چی بکەم نیمە چارە.
ئەحمەد شوشەچی:
کەو مل / ئامین و ئامین / کیژۆڵەی جوان / یاران یادم کە
نیشتمان محمد غریب:
گۆرانی باخەوان.
شەماڵ محمد توفیق: گۆرانی ناسك.
جەلیل حمە ئەمین: گۆرانی ئاسکی شارەزوور.
دارا محمد عوسمان: رازی دڵ.
لە ساڵی پاردا ئەم گۆرانیانەیان بۆ تەلەفزیون تۆمار کردووە:
کانی و ژیان شەمال محمد توفیق
گوڵەکەم دارا محمد عثمان
دەنگی یار نایە جمال ابراهیم.
لە کاتێدا کە نوسراوی تیپمان پێ گەیشتوە بە تەمای ئەوە بوون کە بۆ تەلەفزیون ئەم گۆرانیانە دۆبلاج بکەن:
کۆچ دارا محمد عثمان.
سەوزە حسن اسکندر.
شۆخێکی تۆراو عثمان نوری
ئەمان کورتێ احمد شوشەچی
ئەم تیپە بە تەمایە گۆرانی بۆ
حەمەی نێرکس و صلاح مجید و احمد شوشەچی و شەمـال محمـد توفیق و دارا محمـد عثمـان و حسن اسکندر تۆمار بکات.
* ئەم تیپە یارمەتی تیپی مۆسیقای بێخودی داوە هەر لە منداڵیـەوە ئەنـدامـەکـانی فێـری مۆسیقـای کردوون و مەلاشـویـانی بە هەنگـوینی هونـەر هەڵداوەتەوە وا شوکر بۆ خوا ئەم تیپە لە ئاسامانی هونەری کوردیدا ئەدرەوشێتەوە ئەم تیپە واتا تیپی مۆسیقای بێخود لقێکە لەم تیپەو هەمو ماف و ئەرکێکی ئەندامێتی هەیەو لەسەرشانێتی...
لەبەر خۆشەویسی تیپی مۆسیقای کۆن ناوی تیپەکەیان ناوە بە تیپی مۆسیقـای مەولـەوی... هەروەهـا لەبـەر خۆشەویستی ناوی مەولەوی شاعیریش...
ئەندامانی دەستەی بەرێوەبەر

| | |
|---|---|
| حمە سەعید عبداللە | سەرۆك |
| حمە رؤوف عبدالله | ژمێریار |
| شورش عمر | ئەندام |
| کاوە قادر | ئەندام |
| جمال ابراهیم | ئەندام |

دووئەندامی (یەدەگ ـ ) احتیاط.
ئەندامانی تیپەکە لەم هونەرمەندانە پێك هاتووە.
١ ـ حمە سەعید عبداللە کەمان
٢ ـ کاوە قادر کەمان
٣ ـ علی حمەرضا کەمان
٤ ـ شورش عمر کەمان
٥ ـ مەریوان جەلال کەمان
٦ ـ کاروان قادر کەمان
٧ ـ هەڵکەوت محمد ابراهیم کەمان



٨ ـ رزگار سعید کەمان
٩ ـ موفق عارف فلۆر
١٠ ـ نەریمان جەلال ئۆرگن
١١ ـ کارزان قادر ئوکوردیۆن
١٢ ـ سامی سلێمان کلارنێت
١٣ ـ خەسرەو محمد سکسفون
١٤ ـ کەمال حمە صالح ئیقاع
١٥ ـ حەمەی نێرکس گۆرانی‌بێژ
١٦ ـ صلاح مجید گۆرانی‌بێژ
١٧ ـ شەماڵ محمد توفیق گۆرانی بێژ
١٨ ـ دارا محمد عثمان گۆرانی بێژ
١٩ ـ ئەحمەد شوشەچی گۆرانی‌بێژ
٢٠ ـ جەمال ابراهیم گۆرانی‌بێژ
٢١ ـ عثمان نوری گۆرانی بێژ
٢٢ ـ حەسەن اسکندر گۆرانی

* ناوی ئەندامەکانی تیپی مۆسیقای بێخود.

١ ـ ئالات عارف عبدالله کەمان
٢ ـ نەوزاد محمد ابراهیم کەمان.
٣ ـ نیاز محمد نوری کەمان
٤ ـ نەبەز نصرالدین کەمان
٥ ـ نەرمین حسن سلام کەمان
٦ ـ کریم عمر کریم کەمان
٧ ـ عباس محمد فخری کەمان
٨ ـ پەیکان شریف قادر کەمان
٩ ـ شیروان ابراهیم کریم ئوکوردیون
١٠ ـ شوان احمد کریم ئوکوردیون
١١ ـ لاوك لطیف احمد ئوکوردیون
١٢ ـ بەهرە حەسەن سلام ئورگن
١٣ ـ زانیار محمد رؤوف ئورگن
١٤ ـ نیگار رحیم نجم ئورگن
١٥ ـ بروا اکرم صالح ئیقاع
١٦ ـ توانا عارف عبدالله گیتار
١٧ ـ کارزان قادر ئوکوردیون

گورانی‌بێژ و کورسەکان

١ ـ شاناز اسماعیل مجید
٢ ـ دالیا لطیف محی‌الدین
٣ ـ یادە عزالدین مصطفیٰ
٤ ـ سازە احمد فخری
٥ ـ عباس محمد علی

سوپاسی کاك حەمەسەعید عبدالله ئەکەین کە سەرۆکی تیپی مۆسیقای مەولەویە چونکە زانیاریەکی تەواوی داینێ بۆ ئەم نوسینەمان...

---



عەلی دب ـ ی شاعیرو رەخنەگر کە خەڵکی تونس ـ ە کۆمەڵە شیعرێکی نوێی بڵاوکردۆتەوە... ئەم شاعیرە لەمەوبەر گەلێ بەرهەمی تری بڵاوکردۆتەوە... وەکو:

وێژەی بیر
ئەبو حەیانی تەوحیدی
ئیبراهیمی میسری.

ئەم شاعیرە هەنگاو بەر نوێ‌خوازیو تازەگەری ئەنێت و

شانازیش بە ڕەسەنێتەوە ئەکات.

## * خەلاتی شاتوبریان.



ئیف کوریبر کە نوسەرو رۆژنامە نوسی ئەرەنسایە خەلاتی شاتوبریانی پێ بەخشرا... ئەم نوسەرە دەورەی بیست سال لەگەل جۆزێف کیسیل دا بوە، هەر لەسەر ئەویش کتێبی «لە رێگەی شیرانی» داناوە... وا ئەم کتێبەش بەم شێوەیە پەسەند کرا تا ئەم خەلاتی پێ وەربگرێت.

## * کۆنگرەیەك لە تورکیا.

کۆنگرەیەکی گرنگ لە تورکیا سازدرا.. لەم کۆنگرەیەدا باسی ئەوە کرا کە تا چ ڕادەیەك ئاینی ئیسلام کاری لە وێژەی تورکی کردووە... پاش ئەم باسەش توژینەوە دەربارەی گەلێ بابەتی تر کرا...

پسپۆرو شارەزایانی جیهان لەم کۆنگرەیەدا بەشداریان کرد.. ئەم کۆنگرەیەش پێنجەمین کۆنگرەیە کە بۆ ئەم مەبەستە ساز ئەدرێت.

## * کوردەکانی ئەمرۆ

کوردەکانی ئەمرۆ ناوی کتێبێکە... کریستین مور نوسیویەتی و لە بلاوکراوەکانی لارماتانە

ئەم کتێبە لە پاریس چاپ کراوە.

هیوادارین تەرجەمەی کوردی بکرێت.

ئەم هەواڵەش لە ژمارەی ٥٨٩ی کۆڤاری (فلسطين الثورة)دا بلاوکراوەتەوە.

## * سینەمام

دوا ژمارەی گۆڤاری سینەماو جەماوەر دەرچوو عبدالمنعم مسعدی رەخنەگر خاوەن و بەرێوەبەری ئەم گۆڤارەیە هەندێك لە ناوەخنی ئەم گۆڤارە هونەریە ئەمانەن:

- (بازرگانی مردن لە هولیوود دا) باسی مارلین مۆنرۆ و جودی غارلندو ئەلیزەبێت تیلور ئەکات.

مستەفا دەروێش ئەم باسەی نوسیوە.

- وتووێژێك لەگەل ئەحمەد زەکی هونەرمەندا.

ژمارەی داهاتوی ئەم گۆڤارەش کە ژمارە ٢٧ تە گەلێ بەرهەمی دەربارەی شانۆو مۆسیقا تیا ئەبێ... هەروەها دەربارەی سینەمای یوغوسلافیاو چەند دەرهێنەرێکی فەرەنساش ئەنوسرێت.

## * ئاینی فیرعەونیەکان...

لە سالی ١٨٩٩دا بە ئینگلیزی کتێبێك دەرچو ئەویش ناوی «ئاینی فیرعەونیەکان و میسریەکان چۆن بیریان لەو دنیا ئەکردەوە» بوو.

پاشان ئەم کتێبە بە گەلێ زمانی ترتەرجەمە کراو بلاو کرایەوە وا ئیستاش بە «٢٢٥» لاپەرەی مام ناوەندی بلاوئەکرێتەوە.




«السير ولس بدج» ئەم کتێبەی داناوە «یوسف سامی یوسف» ئەم کتێبەی تەرجەمە کردووە.

ئەم کتێبە سەرچاوەیەی گرنگەو تارا لەسەر بیرو ئایینی میسریە کۆنەکان لائەبات.

مەبەستی پێکاوە. هیوادارین گەلێ رۆمانی تریش تەرجەمەی عەرەبی وکوردی بکرێت.

* پاش ئەوەی کە دورنیمات ی نوسەری سویسرا سەری لە قاهیرە دا.. ئەم نوسەرانەش هەم دیسان سەریان لە بنگەی هونەرو رۆشنبیری ی دا...

- لوتشاوتشو رۆژهەلات ناس و نوسەری چین - مو بە محسن بە ناوبانگە.

- جان فونتان بەرێوەبەری ئامۆژگەی وێژەی عەرەبیە لە تونس... فونتان مەبەستی ئەوەیە کە رۆمان نوسەکان ببینێ تا کتێبێکیان لەسەر بنوسێت.

* رۆمان



عاشقەکانی ئەفینیون - رۆمانی ئەلزا تریولیە ژنی لوی ئەراغونی شاعیر فەرەنسایە تەرجەمەی عەرەبی کرا...

سەعید علیمی تەرجەمەی کردووەو لە تەرجەمەکەی دا

* دیوانێك بە ئینگلیزی



بەم زووانە سەرگۆن بولص - ی شاعیر کۆمەڵە شیعرێك بە ئینگلیزی چاپ ئەکات... ئەم شاعیرە خەڵکی عیراقەو لە شەستەکانەوە هۆنراوە بڵاوئەکاتەوە... شیعرەکانی رەواجێکی چاکیان هەیەو بە عەرەبی و ئینگلیزی چاپیان ئەکات و پەخشانە شیعریش خەنی ئەکات...

# راپۆرتی هەولێر

- شێرزاد عبدالرحمن -

● پیشانگایەك و. . زیاتر لە هەڵوێستێکی جوان ●

کاتێك هۆڵە خنجیلانەکەی ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان کرایەوە، یەکەم موژدەی ئەم هۆڵە شیرینە، چالاکی کردنەوەی پیشانگای سەرجەمی هونەرمەندانی کوردستان بوو کە لە لایەن ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانەوەو بە چاودێری بەڕێز سیروان جاف ئەمینداری گشتیی کاروباری ناوخۆیی کرایەوە. . .

لە پێشانگاکەدا «٧٦» هونەرمەند لە شارەکانی کوردستاندا بەشداربوون کە ئەمەیان خۆی لە خۆیدا بە دیاردەیەکی نوێ دائەندرێت لە کاروانی بزووتنەوەی هونەری تەشکیلی کوردی کە هەنگاوی موژدەبەری پاشەڕۆژ ئەنێت. . .

هونەرمەندانی پیشانگاکە ئەم بەڕێزانە بوون کە هەریەکەیان بەزیاتر لە تابلۆیەك بەشداربوون:-



«ئەزیز سلیم - ئەنوەر توفی - محمد کاکە محمد - یحی مەرجان - سلێمان شاکر - محمد عارف - کامل احمد معروف - محمود علی کاکی - جوانەمەرگ شێرزاد محمود شوقی - نوری اسماعیل فتاح - علی احمد جولا - اسماعیل خیاط - چتۆ حسن - دلشاد صاحبقران - علی لطیف - ناصر توفیق - علی کریم امین - کوردۆ حمە علی - اکرم سعید رشید - دارا محمد علی - عبدالله رسول مولود - شەهید قاسم علی فەرزە - سعاد ستار - نامق علی - محمد علی حسین خالقی - سەروەت ئەنوەر سەوز - فارس سعدی - برهان سابیر - خالد رسول احمد - کەمال



مصطفیٰ سعدی - عمر رسول - زەهرە محمد فرج - عمر درویش - جوهر محمد عمر - بەختیار مصطفیٰ - سامان قادر - عدنان وهاب - ئازا حسیب قەرەداغی - فواد کریم رسول - کاوە عبدالکریم احمد بابان - سلێمان علی طاهر -

سەربەست عبدالرحمن - دلێر هێمن - یاسین حسن حمەأمین - فهمی صالح بالآیی - عدنان شینو - رزگار فقی کۆلا - سەردار سنجاوی - گوهدار صلاح الدین - کوێستان



جمال علی ـ فرهاد عەزیز باپیر گەردی ـ هیوا کەریم ـ ئازاد صابر محمد ـ نیان نامق صابر ـ غالب رشید یادگار ـ عبدالخالق غفور محمد ـ ئەلماس فتاح عارف ـ محمد سالەیی ـ »، بەڵام لە رووی پەیکەرتاشی ئەم دەستەم هونەرمەندە بەشداربوون:

«حکمت هندی ـ محمد حمەفەرەج ـ یحیێ محمد نوری ـ حسین مایمان ـ رشید علی رشید ـ »، کە چی لە سیرامیك دا هونەرمەندان:

«محمد حمەسعید حسن ـ جمال محمد اسماعیل ـ هیوا عبدالله ـ علی کەمال ـ قادر میرخان ـ فاضل یوسف ـ محمد ابراهیم ـ سامان علی قادر ـ فەزیلە محمد ـ نەزیرە عبدالله ـ جوانەمەرگ محمود عبدالرحمن ـ هیمەت محمد علی ـ عبدالرکریم محمدأمین . . .». . .

ئەوی راستی بێ، کردنەوەی ئەم پیشانگایە بەم شێوازە نوێیە، بە هەنگاو دائەندرێت لە دنیای تەشکیل و پەروەردەکردنی زەوق تێرامانی بینەری کوردو رزگارکردنی لە هەندێ رووی لاسایی کردنەوە. . .

بابەتەکان و ئاستی هونەری تابلۆوکارە هونەرییەکان



جیاوازبوون، هەروەکو سیماو روخسارو نەوەی جیاش بوون، بەڵام هەریەکەیان دەنگی خۆیان هەبوو. . سیمایەکی شارستانی ئەو پێشانگایەش هاتنە پێشەوەی ئەم هەمسوو فڵچەیە بوو لە یەك پێشانگا، بە تایبەتی ئافرەتی هونەرمەند کە ئامادەبوونی خۆی لە پێشانگاکەدا ڕاگەیاند.

کردنەوەی ئەم پێشانگایە خنجیلانەیە، زۆر تواناو دەنگی مۆژدەبەری دەرخست، هەندێکیش لەوانە زۆر بە هێز دەرکەوتن، کە ئەمەشیان مەسەلەیەکی رووناکی بەردەوام بوونی کاروانی تەشکیل و دنیای ئەم هونەرە ڕەنگینەیە کە لە سەر دەستی ئەم ڕێبوارە ئاشقانە گەیشتۆتە رادەی داهێنان و خەونی پاشەڕۆژی ڕووناك.

● شانۆییەکی منداڵان. . . ●

لە کاتێکدا کە بەرهەمی شانۆیی بۆ منداڵە خنجیلانەکانمان لە قات وقڕی دایە، «لطیف نعمان»ی هونەرمەند، وە بۆ ماوەی دووجار لە سەریەك، شانۆیی «گوڵی نهێنی» لە نووسین و دەرهێنانی خۆیو وەرگێرانی حیدر عبدالرحمن پێش کەش کرد. .

لە «گوڵی نهێنی»دا کە بە نۆبەرەی ئەم هونەرمەندە دائەندرێ لە هەولێردا، لە ناوەرۆك و دەرهێناندا توانی دیارییەکی خنجیلانە پێش کەش بکات، بە تایبەتی بۆ منداڵانی ئەم شارە کە لەم رووەوە تینوویەتییان گەیشتۆتە رادەی خۆزگەو حەسرەت. . .

لە شانۆییەکەدا گەلێك هونەرمەند بەشدار بوون



لەوانە: «صفوة جراح - زهير سعدون - زایەر عبدالله - مؤيد فقێ - غازی غفور - محمود احمد - علی احمد - سیروان عثمان - شیرین صابر - جەوهەر باپیر -... تاد ...».

هونەرمەند لطیف نعمان، لە ئاخاوتنێکی دا بۆ گۆڤاری - بەیان - ئەوەری دەرخست کە ئەمە یەکەم تاقی کردنەوەی نیە لە رووی دەرهێنان بۆ شانۆی منداڵان، بەڵکو چەپکێ بەرهەمی تری لەم رووەوە بە ئەنجام گەیاندووە، بە تایبەتی لە کاتی ئیش کردنی دا لە شانۆیی «بووکوکەیی» لە بەغداو، لە کۆتایی دا هیوای خواست کە هونەرمەندانی کورد لاییەك لەم دنیایە پڕ خەونەی منداڵان بدەنەوە، چونکە هیوای گەورە لە منداڵە ئێسك سووکەکانەوە دەست پێ دەکات.

● چلەیەکی ماتەمین ●

لە چلەی ماتەمین، ئەدیب و رۆژنامەنووس و مامۆستا - عزالدین فەیزی -، یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد لقی هەولێر، وە لە هۆڵی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوان و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و نووسەرانی کورد، چلەی ماتەمین بۆ خوا لێ خۆش سازکرد کە بەم شێوەیە بەرێخرا.

١ - وتەی یەکێتی ئەدیبانی کورد لقی هەولێر.

٢ - وتەی ئەمینداریتی گشتیی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان.

٣ - وتەی نەقابەی مامۆستایانی ناوچەی کوردستان

٤ - وتەی نەقابەی رۆژنامەنووسان لە ناوچەی کوردستاندا

٥ - وتەی یەکەی سەرپەرشتکاری پەروەردەی هەولێر.

٦ - وتەی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی.

٧ - وتەی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد لقی سلێمانی و دهۆك.

٨ - وتەی بنەماڵەی خوا لێ خۆشبوو

٩ - باسێکی تایبەتی مامۆستا کەریم شارەزا...

ئەم بەرێزانە لە وتەکاندا، بە درێژی باسی هەوڵ و کۆششی بەردەوامی ئەم مامۆستا دڵ گەورەیا کرد لە رووی خزمەت کردنی بزووتنەوەی دنیای رۆژنامەو فێربوون و ئەدەب، کە خوا لێ خۆش بوو دەوری رووناکی تێدا بینیوە... شایانی باسە کە مامۆستای خوا لێ خۆش بوو لە ماوەی تەمەنی خۆدا دیارییەکی کەم وێنەی پێش کەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە، ئەمەش کورتەیەکی ژیانیەتی.

- لە ساڵی ١٩١٧ لە گوندی - سەیدیان - لە پارێزگای هەولێردا چاوی کردۆتەوە.

- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێر تەواو کردووەو لە پایزی ١٩٣٦ چووەتە بەغداو لە خانەی مامۆستایان وەرگیراوە.

- لە ساڵی ١٩٤٦ کراوە بە بەرێوەبەری قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی هەولێر.

- کە لقی کۆمەڵەی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر کراوەتەوە، ئەو لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ تاکو ١٩٥٣ بە سەرەکی ئەو کۆمەڵە هەڵبژێردراوە.

- لە ساڵانی ١٩٥٠ - ١٩٥٣ بووە بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی هەولێرو لێ پرسراوی بەشە کوردیییەکەی

- لە ساڵی ١٩٥٤ کراوە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هەولێرو لە ١٩٧٠ کراوە بە سەرپەرشتی کەری یەکەمی پەروەردەیی هەولێرو لە ١٩٧٦ خانەنشین کراوە.

- لەگەڵ دامەزراندنی یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی کورد بە ئەندام وەرگیراوەو لە دەستەی دووەم و سێیەم بە سەرەکی لقی هەولێر داندراوە.

- سەرەك نووسەری گۆڤاری «نووسەری نوێ» بووە لە ژمارە - ١ - ٢ - ٣ کە یەکێتی دەری دەکرد.

- دەیان بەرهەمی نووسین و رۆژنامە نووسی ی لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بلاوکردۆتەوە، سەرباری بەرهەمی بیرەوەری خۆی کە مەودای خزمەتی لە بواری ئەدەب و کاری رۆژنامەدا روون دەکاتەوە.

وێنەی: محمد بكر

# یانەی بەیان

**خوێنەری ئازیز:**

وا ئەم جارەش لەیانەکەتاندا بەدیداری یەکتر شاد دەبینەوە، زۆربەی ئەو بەرهەمانەی بۆ ئێمەتان ناردبوو چیرۆك و هۆنراوەبوون، هەرچەند کە ئێوە بەردەوام نووسینی بۆ گۆڤارە خۆشەویستەکەتان دەنێرن و چاوەروانی بڵاوکردنەوەی دەکەن، ئەمەش مافێکی ڕەوای ئێوەیە، بەڵام ئێمەش ئەو مافە بەخۆمان دەدەین کە بەرهەمی لەرو لاوازو بەرهەمی بەپێزو پتەو لەیەکدی جیا بکەینەوەو هەموو شتێ هەقی ڕەوای خۆی بدەینێ. لەبەر ئەوە دەبێ ئەوە بزانن کە ئێمە لەلایەن خۆمانەوە دریغی ناکەین لەدەس گرتنی ئێوەو هاندانتان کە بەردەوام بن و تووشی نائومێدی نەبن ئەگەر بەرهەمەکانتان چاویان بەڕووناکی نەکەوت، بەڵکو دەبێ زیاتر هەوڵ و تەقەلا بدەن کە پێنووسەکانتان تیژ بکەنەوەو کەمێك بەخۆتاندا بچنەوەو نووسینەکانتان تەتەڵە بکەن و بژاری بکەن بۆ ئەوەی بەشانازییەوە پێناسی بڵاوکردنەوەیان پێ‌ببەخشرێ‌و مایەی خۆشبەختی‌و ڕەزامەندی ئێوەی‌و ئێمە بێت.

پێشتان رادەگەیێنین کە ئەوانەی بەرهەمیان ناردوەو ناویان لەم گۆشەیەدا نەهاتوە ئەوە وەك بەرهەمێکی شیاوو ڕەسەن بەپێی کات و دەرفەت و نۆرەهاتن بڵاو دەبنەوە، هەندێکیشیان دەچنە خانەی بەرهەمی لاوان.

ئیتر چاوەڕوانی زادەی بیرو ئەندیشەو هەستی بەسۆزو ناسکتان دەکەین، باوەش بۆ خامەی ڕەنگینتان دەکەینەوە، بەیان گۆڤاری ئێوەیەو چاوی لە دەستی ڕەنگینی ئێوەیەو پشتی بەئێوە ئەستوورە، لەڕێگەی بەرهەمی سەرکەوتووتان ئاستی خۆی بەرز دەکاتەوەو گەشە دەکات و پێش دەکەوێ، ئێوەش دەبێ بەم گیان و بەم جۆرە نیازە پاکەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و بەهی خۆتانی بناسن و لەمەولا بەرهەمی

ئەوتۆی بۆ بنێرن کە توانای تێپەڕینی هەبێ و گلەیی نەیەتە سەر لەبڵاونەکردنەوەیدا.

ئێمە حەز دەکەین خونچەکانی باغی ئەدەب زیاتر گەشە بکەن و بۆن و بەرامیان پەخش بکەن و مایەی خۆشحاڵی ئێوەی ئازیز بێ.

جا با لەو روانگەوە بروانینە گۆڤاری «بەیان»و بەرهەمی بۆ بنێرین، نەك بۆ یەکتر ناسین و کاغەز ڕەش کردنەوە.

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «تەشی ڕێس». کاکی برا ئەوەی ناردووتە کەلکی بڵاوکردنەوەی‌نیە، هەرچەند ویستووتە سوود لەوەفایی وەربگری بەڵام نیشانەت نەپێکاوە، ڕیسەکەت لێ بۆتەوە بەخوری. داوای لێبوردن دەکەین.

● بۆ کاك «ن. ع. مەخمووری» ئەوەی ناردووتە حەقایەتی‌بەر ئاگردانە، جگە لەمە ڕێنووسەکەشت تەواونیە، هەروەها نووسین بەشێوە نابێ کەتۆ پەیڕەوت کردوە، دەبێ بەخەتێکی خۆش و لەیەك لاپەڕەدا بێ و خەت بەجێ‌بێڵی. ببوورە بابەتەکەت هی گۆڤاری بەیان نیە.

● بۆ خاوەن چیرۆکی وەرگێڕاو «باوك» کە لەعەرەبی‌یەوە کردۆتە بەکوردی، ئەوەندە بەپێزنیەو وەرگێڕانەکەش بەجۆرێکی ئەوتۆ نەکراوە کە تامو بۆیەکی تایبەتی هەبێ، هیچ مەرجیش نیە هەموو بەرهەمێکی بێگانە پەسندو جێگیربێ. ببوورە بۆ بەیان دەست نادات.

● بۆ خاوەن چیرۆکی «برسیەتی» کاکی‌برا لەسەرەتادا سەرکەوتنت وەدی‌هێناوەو چاکی بۆچووی، بەڵام بەداخەوە کۆتاییەکەی ڕاستەوخۆیی‌و شێوەی ڕاپۆرتی پێوە دیارە، چاوەڕوانی بەرهەمی ترت دەکەین و داوات لێ‌دەکەین کە نووسینت نارد بەقەڵەمی مەرەکەبی بنووسەو لەلایەکی کاغەزەکەوە نەك هەردوولا، بانووسینە کەشت ئاشکراو دیاربێ.

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «لەگۆشەی تەنیایی»، برا گیان هۆنراوەکەت شێوەی کۆنی گرتوتەبەرو ئەمڕۆ ئێمە لەواقیعێکی ترا دەژین و هۆنراوەی کوردی شەقڵێکی دیکەی هەیە. دەبێ ڕێچکەیەکی تر بگری و خۆت لەجیهانێکی بەرفراوان بدۆزیتەوەو دووربی لە ڕیزکردنی سەرواو ئاگاداری کێش و ئیقاع نەبی. بابەتی ترمان بۆبنێرە کە بۆ بڵاوکردنەوە دەس بدات، ناشمانەوی ئەوەندە کلاسیکی بێ، چونکە ئەم جۆرە هۆنراوانەی تۆ بابەتی ئەمڕۆنیە. ببوورە.

● کاك «ف. باتاسی» دوو نووسینی بۆ ناردووین گوایە شیعرن، سادەو لاوازن، قسەی ئاسایی و بێ‌سەروپان، جێگەیان لە (بەیان) نابێتەوە، دەبێ لێمان ببووری، داوای بەرهەمی باشتری لێ‌دەکەین.

● کاك «ئیبراهیم هەورامانی» هۆنراوەیەکی بۆ ناردووین بەناوی «دوو گۆرانی بۆ کیژۆڵەیەکی نەناسراو» هۆنراوەکە هێشتا ساوایەو لاوازە، هەرچەندە تروسکەیێك تیایدا بەدی دەکەین، هیوادارین هەنگاوی گورج تری بەدواوە بێ و زیاتر خۆی ماندوو کات و شیعرەکانی ببن بە شیعری ڕاستەقینە، وا بۆهاندانی وێنەیەکی بۆ بڵاو دەکەینەوە:

**لەشەوێکی ساردوسڕو زریان دا**<br>
**لەشەوێکی پڕ ئەندێشەو گریان دا**<br>
**پەریزاد هات**<br>
**بۆ دواشەوی لەئامێزی خۆی‌گرتم**<br>
**فێری گۆرانی عەشق و**<br>
**لای‌لایەو،**<br>
**ناوی توی‌کردم**

● بۆ کاك «أ. ل. مەخمووری» شیعرێکی بۆ ناردووین بەناوی «پەریشانی»، وادیارە خۆی و شیعرەکە پەریشانەو پێویستی بە فریاکەوتنە، جا دەبێ هەر خۆشت فریای‌کەوی، ئەویش بەخوێندنەوەیەکی بێ‌وچان و پەلەنەکردن و فیربوونی زمانی ز گماك بەشێوەیەکی ڕەوان. ببوورە کە بڵاومان نەکردەوە.

● خاوەن هۆنراوەی «دڵ ویار» نازانم چۆن یەکێ پەیمان بە سەختەبدات مایەی باوەڕەو جێگەی متمانەیە؟ ناوەرۆکی هۆنراوەکەت کزە، هەروەها لەرووی کێش و سەرواشەوە ناتەواوە، ببوورە کە بڵاومان نەکردەوە.

کاك (هـ. ع. م. ئەمین) (٣) هۆنراوەکەت شیاوی بڵاوکردنەوە نین، هێشتا زۆرت ماوەبێ بەشاعیر، بازۆرو بۆرنەبێ، هۆنراوەیە کورتی ڕێك وپێك لە صەد هۆنراوەی ناڕێك و شپرزە باشترە، ببوورە چاوەڕوانی بەرهەمی باشترت دەکەین.

کاك «م. چیایی» ئەم جارەش هەمان بەرهەمت کە هۆنراوەیەکە بۆ (بەیان) ناردوە. کەتۆ داوای دوزینەوەی دڵەکەت دەکەیت نازانی کێ بردوویەتی، ئێمە نەمان بردوە، شتیش لای ئێمە ون نابێ. داوادەکەین وەك خۆت وتووتە:

«ئەچێژم ئەشکەنجەو ئازار لەگەڵ ناسۆری شەوگاران
قور دەپێوم بوتەمەنی منالی رابردووی جاران».

چیتر ئەشکەنجەو ئازار نەچێژیو ئاگات لەهۆنراوەکانت بێ وایان دابرێژە کە لە «بەیان»دا شوێنی شیاوی خۆیان بکەنەوە.

● کاك «ئـ. ع. کریم» تۆش وا جاری دووەمە شتێکی عەرەبیت کراوە بە کوردیو بۆ ئێمەی دەنێری، جاری پێشوو وەڵاممان دایەوە کە وەرگێڕانەکەت تۆکمەو پتەونیە، ببوورە. جارێ ماوتە.

● کاکی خاوەن هۆنراوەی «سیاچەمانە» کاکی برا گەرتۆ بەم جۆرە سیاچەمانەت شێواندوە، شاعیرانی تر بەشێوەیەکی تریان وتوە، ئەوەتا گۆران دەڵێ:

**سیاچەمانە، سیاچەمانە**
**هەورامان جێگای سیاچەمانە**

داوات لێ دەکەین شیعری شاعیران زۆر بخوێنیتەوە، شارەزای وێنەی جوان جوان و دارشتنی پتەو بەهێزبی، ئەوسا بەرهەممان بۆ بنێرە.

● بۆ کاکی «شاگرد» هۆنراوەکەت وەستاییکی ئەو تۆی تیا نیە بکەوێتە بەردڵ کەمێك بەهرەی شیعرت تیایە، بەڵام هێشتا شاگردیو د نەبویتە وەستاییکی ەس ڕەنگین. ببوورە.

● بۆ کاك «ع. گاوانی»و خاوەن هۆنراوەی «ژین و گرین» وخاوەن هۆنراوەی «عەشقێکی بێدەنگە»و هۆنراوەی «دڵم تاکە بولبولێکە لە باخچەی‌خۆ شەویستیو خاوەن هۆنراوەی «ئاشنا» هێشتا ماوتانە میوەکەتان بگات، پەلە مەکەن، هەموو شتێ کاتی خۆیدێ، داوای خۆ پێگەیاندتان دەکەین، زۆر بخوێننەوە، خویندنەوە کلیلی شەخسیەتی مرۆڤە.

با بەرهەمەکانتان گەشاوەبن و ڕووی بڵاوکردنەوەیان هەبێ.

● بۆ خاوەن چیرۆکی «چارەنووس» ئەم گیروگرفتەی کە کردوتە کەرەسەی چیرۆکەکەت، یەکێکە لە گرفتەکانی کۆمەڵایەتیمان کە شتێکی بەدەگمەنە، بەشێوەیەکی راپۆرتیو گێرانەوە درات ڕشتوە، نەتتوانیوە وایبخەیتە بەرچاو سرنجی خوێنەر بوروژێنی، زمانەکەشت زۆر تەواوینە، داوات لێ دەکەین لەنووسینا بەردەوام بێو کۆڵ نەدەیت، بەهرەی چیروکنوسیت تیایە، بەڵام بەوجۆرەنیە کەبتوانی بەرێکیو وەستایانەو داهێنەرانە تەکنیکی نوێ بەکاربهێنی، لەمەولا کەنووسینت نارد، بەخەتێکی خۆشی بنووسەو لەیەك لاپەرەدا. چاوەڕوانی بەرهەمی سەرکەوتووانەت دەکەین.

ـ ئاسۆ ـ

## دوا وشە

# چۆن سوپای ئێران ڕسوا بوو...؟؟

جارێکی تر دوژمنی داخ لەدل، دەیەوێ ئامانجی نابەجێو ئارەزووی خوێن ڕشتنی خۆی بە داگیرکردنی خاکی پیرۆزمان را بهێنێتەدی...

دوژمن تاوانێکی گەورەیتر دەخاتەسەر تاوانەکانی گیان و لاشەی ئێرانیانی کردە سوتەمەنیو ئەوەی بۆ گەلانی سەرزەمین چەسپاندو دووپاتی کردەوە کە جگە لە سەرشۆڕیو ڕاکردن و نەهامەتی زیاتر هیچیتر چنگ ناکەوێت..

ئایا ئەم هەموو نەهامەتیو نەگبەتیو گێرمەکێشەو بازوزرووفە ناهەموارەی کە لەگەڵ خۆیان دا بۆ گەلانی ئێرنیان هێنا بەس نەبوو...؟؟

ئەم برسێتیو کەساسیو زەلیلیەتەی کە ئێستا گەلانی ئێران دەیچێژن... لە سێدارەدانی هەزاران هەزار لە ئێرانیان و کوشتن و بڕین و قەدەغە کردنی بچوك ترین مافی ڕەوای مرۆڤ و دزینی سەربەستیو کامەرانیو ماڵ و ماڵات و سەربڕینی ئافرەت و منداڵ و پیر... بەس نەبوو...؟؟

ئەمانە گشتی تینویەتی ئاخوندەکانی تارانیان نەشکاندووە..؟؟

وادیارە هێشتا مەلاکان تینویەتییان بۆ خوێن نەشکاوە..!!

ئەی ئەگەر وا نەبێت لەبەر چی لە سات و چەند ڕۆژێك دا بە هزاران هەزار لە سوپای ئێران بە دەستی عیراقیەکان ڕەوانەی دوزەخ دەکرێن...!؟؟

لەبەر چی هێرشی بێ سەرو بێ ئەنجام دەکەت..!؟

تەنها لە هێرشی ساڵی پاریان دا لە هۆری حوەیزە بە نیو ملیۆن هاتنە پێشەوە لەم ژمارەیە تەنها چارەکێکیان گەڕایەوە... چ گەڕانێك!!!

بە سەرشۆڕیو زەلیلیو نەهامەتیو بەختیڕەشی..!!

زیاتر لە نیو ملیۆن لە شەڕەکانی ڕۆژهەلاتی بەسرەو دیجلەو جەنگی مەندەلیو پێنجوێن تەفروتونا کران..

دەیان درۆو بیانۆیان بۆ کەساسیو چارە ڕەشی خۆیان دۆزیەوە...!!!

ئێستاش وادیارە لوت بەرزیو ڕق و کینەو سووربوونیان لەسەر گومڕایی ئاکاری شەڕو دوژمنکاری پاڵیان پێیانەوە ناوە بۆ ئەم هێرشەی دوایەیان کە لە شەوی ١٩٨٦/٢/٩ دەستیان پێکرد... بۆ ئەوەی خاکی پیرۆزی نیشتمانمان گلاوبکەن..

دوژمن خەون بە شتێکی هەرگیز نەهاتوتەدی دەبینێت ئەوەتا پاڵەوانانی قادسیەی فەیلەقی سیو حەوت باشترین و ڕەنگین ترین داستان لە گۆرەپانی بەرەکانی جەنگ دا تۆمار دەکەن...

وانەی قورس و نوێیان دەدەنی کە هەتا هەتایە فارسە گومڕاکان لە یادیان دا نەچێت و ببێتە شورەییو عار کە میللەتانی سەرزەمین باسیان بکەن و لاپەرەیەکی تری ڕەش بخەنەسەر لاپەرەکانی تری مێژوویان کە پڕە لەم جۆرە کردەوە نامەردیو نامرۆڤایەتیو نابەجێیانەیەدا....

ئەوەتا جەنگاوەرانی سەرکردەی قارەمان هەڤاڵ صدام حسین سەرکەوتنی گەورەو نایاب وەدیدەهێنن ئەوەتا ئالای بەرزی عیراق دەشەکێتەوەو بێباکەو دەڵێ من سەرکەوتووم و هێز نییە لە سەرانسەری دونیادا بتوانێت خاکی پیرۆزم گلاو بکات.. چونکە خاوەن سەرکردەی ئازاو ڕۆڵەی دلێرم... توانای ئەوەیان هەیە من و خاکە جوان و شیرین و پیرۆزەکەم بپارێزن...

● غازی احمد ●

بەیان

مجلة ادبية شهرية

تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية

وزارة الثقافة والاعلام

بغداد



رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير

مصلح مصطفى الجلالي




**BAYAN**


Litrary Monthly Magazine

Ministry of Culture and Information

Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publişhing

Baghdad - Iraq



EDITOR IN CHIEF

***MUSLEH MUSTAFA JALALY***


نرخی (200) فلسه


دار الحرية للطباعة